# گزنگ

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی کەرکووک

- من و گزنگ
- دایك.. لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا
- دیمانەیەك لەگەڵ چیرۆکنووس شێرزاد حەسەن

62

# GIZING

## A literary Magazine

*ISSUED BY THE WRITERS UNION*
*KIRKUK - BRANCH*



سامان ئەبو بەکر

# گزنگ

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی کەرکووک

ژمارە (٦٢) تەمووز ٢٠٠٨



خاوەنی ئیمتیاز:

لقی کەرکووک

سەرنووسەر:

حەمە کەریم عارف

٠٧٧٠١٣٠٩٣٩٠

جێگری سەرنووسەر:

محەمەد سەعید زەنگنە

٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢

Hamatal_z@yahoo.com

دەستەی نووسەران:

عەلی بەرزنجی

لەتیف فاتیح فەرەج

خالید مەجید فەتحوڵڵا

تایپ: دلێر رەفیق

07702357799

بەڕێوەبەری هونەری: ئەنجام سەعید خالید



## ناونیشان

کەرکووک-شەقامی کۆماری-تەلاری سەیدەلی فەخری-بارەگای یەکێتیی نووسەران

٦٢

# لەم ژمارەیەدا

وتەی ژمارە ، حەمە کەریم عارف ل٥

**وتار و باس و لێکۆڵینەوە**

من و گزنگ، لەتیف فاتیح فەرەج ل٩

دایك... لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، خێلان تاهیر فەتاح ل١٣

ئەفسانەناسی، هاموون زێباری ل٣٩

**چیرۆکستانی گزنگ:**

نامۆی نامۆستان، موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی ل٥٥

چاو، و: سەباح ئیسماعیل ل٦١

**شانۆستانی گزنگ**

چی.. لە کوێ، و: کاردۆ ل٦٥

**شیعرستانی گزنگ:**

شار دەگری، سەردار جاف ل٧١

یاداشتە خۆڵەمێشییەکان، سەمیرە حوسێن جاف ل٧٥

دەروازەیەك لە خەزان، ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان ل٧٧

چەند شیعرێکی کاریکاتێری، ئەحمەد سەلام ل٨١

هەڵبژاردە لە شیعری دیڤید هربرت لۆرانس، و: لەتیف هەڵمەت ل٨٣


**دیمانە**

شێرزاد حەسەن، سازدانی: نیهاد جامی ل٨٩

وتەی ژمارە

# سەرنجێک دەربارەی وەرگێڕان

ئەگەر سەرنجی مێژووی پرۆسەی رۆشنبیریی تیرەی بەشەر بدەین دەبینین لەبەرەبەیانی مێژووەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ کاری وەرگێڕان لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە رۆشنبیرییەدا هەر هەبووەو هەیە. ئەم کارەش قۆناغ و رەوتی خۆی هەبووە. هەڵکشان و داکشانی هەبووە. لە زۆر شوێن و قۆناغدا بەرنامەڕێژی بۆ کراوە، دام ودەزگای تایبەتی بۆ دانراوە، زاناو داناو هزرڤان و تیورکارانی گەورە خۆیان لێکردووە بە خاوەن و رێکیان خستووەو ئاراستەیان کردووەو بنەماو پێوانەو



حەمە کەریم عارف

پێوەری زانستییان بۆ داناوە، بەرادەیەك زۆر کەس وەرگێڕ لە خانەی دانەردا دادەنێت، دیارە وەرگێڕی باش..ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کاری وەرگێڕان زەرورەتێکی حەیاتی کۆمەڵگە بەشەرییەکانە و تا تیرەی بەشەر بە زمانانی جیاواز قسە بکەن و گوزارشت لە خۆو ئەو ژینگەو گەردوونە بکەن کە تێیدا دەژین، تا بەزمانانی جیاواز هزرو بیرو رۆشنبیری و هونەرو ئەدەبیات و ئاین و زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەمبێنن، وەرگێڕانیش هەر دەمێنێ و تێکەڵ بە ژیانی تیرەی بەشەر دەبێت. جا وێڕای ئەوەی قسەیەکی باو لەسەر خیانەتکاری وەرگێڕ هەیە، کە پێموایە ئەمە خیانەتێکی حەلاڵەو شەرعییەتی خۆی لە زەرورەت و پێداویستییەکانی ژیانەوە وەردەگرێت،چونکە چار نییەو تا فاکتەرەکانی بەردەوامی کاری وەرگێڕان بمێنێ، ئەو خیانەتە هەر دەبێ بکرێت، لێ پێویستە تا دەکرێت رێژەکەی کەم بکرێتەوە.. کەواتە وەرگێڕان یارمەتیدەرە بۆ ناسینی ناسنامەی کارکردن لە هەموو زمانەکانا،واتە وەرگێڕان دەکاتە بەزانەدنی جیاوازییە دەرەکی و فۆرمییەکان،دەکاتە نوێبوونەوە لە میانی کارێکەوە کە بە زمانێکی دیکە بەرهەم هاتووەولە زمانێکی دیکەدا بەرجەستە بووە.. کەواتە وەرگێڕان دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانە، دووبارەکردنەوەی داهێنانە، ئەمەش توانایەکی زمانەوانی یەکجار گەورەی گەرەکە.واتە وەرگێڕ لەسەرێتی نەك تەنیا زمانزان بێت، بەڵکو دەبێت لە بونیادو وشەی ئەو زمانە شارەزابێت، پەی بە پەیوەندییەکانی نێوان بونیادو وشە لە ناو کەلتوورو شارستانییەتی ئەو زمانەدا ببات. هەڵبەتە ئەگەر وەرگێڕێك ئەو مەرجە قورسەشی تێدا بێ ،هێشتا هەر زەحمەتە بتوانێ بەتەواوەتی ئەو هەژانە عاتیفییەی کە لە زمانە ئەسڵەکەی دەقێکدا هەیە، بەتایبەتی دەقی ئەدەبی، بگوازێتەوە.. رەنگە هەر ماناکەی و ئاراستە فیکرییە گشتییەکەی بگوازێتەوە. چونکە هەندێ کەس پێیان وایە دەقی ئەدەبی دەبێ هەر بە زمانە ئەسڵەکەی خۆی بخوێنرێتەوە، ناشێت بە زمانی دووەم بخوێنرێتەوە..هەرچەند ئەم بۆچوونە دەچێتە خانەی مەحاڵەوە، بەلاّم ئەوە دەگەیەنێ کە وەرگێڕان تەنیا دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو دووبارە کردنەوەی داهێنانیشە.. ئەمە مانای وایە کە وەرگێڕ دەبێت لە ئاستی نووسەرەکەدا بێت و لە هەموو کەسێك پتر

شارەزای هەردوو زمانی یەکەم و دووەمی ناو پرۆسەی وەرگێڕان بێ. ئەمە چەند لە وەرگێڕەکانی ئێمەدا هەیە؟! وەختێ تەمەشای کتێبی قوتابخانە دەکەی، من لێرەدا هەردوو کتێبی ئابوری و فەلسەفەی پۆلی پێنجەمی ئەدەبی دەکەم بە نموونە کە زۆر بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە لەسەرانسەری ئەو جووتە کتێبەدا مەگەر بە ڕێکەوت تووشی رستەیەکی رەوان و مەفهومی کوردی ببی.. دڵنیام هیچ مامۆستایەکی ئەو دوو وانەیە وەکو پێویست لە زمانی ئەو دوو کتێبە تێناگەن، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو قسەیەیان پێنەوترێ خۆیان لە گێلی داوە، دەنا دەبوایە زۆر زوو یەخەی وەزارەتی پەروەردەیان بگرتایە و لەوە پتر ئازاری مێشك و دەروونی قوتابی داماویان نەدایە بەو زمانە نامەفهوم و ئاڵۆزو سواوو پواوە کە ئەو دوو کتێبەیان پێ تەرجەمەکراوە کە بەڕاستی تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بە هەزاران قوتابی کورد.ئەگەر ئەمجۆرە کتێبانە سەرچاوەی زمانی منداڵەکانمان بن، کە پێموایە هاوتای لاڵییە، دەبێ سبەی رۆژێ چۆن بە لاڵی و بەبێ زمانی بەناو ژیان بکەون، ژیان بەرهەمبێنن، لە کاتێکا هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە!!..کەواتە هەقی خۆمانە بە گومانەوە بڕوانینە کاری وەرگێڕەکانمان..

*****

هیچ میللەتێك لەم رۆژگاو سەردەمە جەنجاڵەی ئەمڕۆدا ناتوانێ بە تەنیا هەموو بوارەکانی ژیان بەرهەم بێنێ، بۆیە پەنابردنە بەر وەرگێڕانی وردو دروست، یەکێکە لەو کەناڵانەی دەبێ پەنای بۆ ببرێ و لەرێگەی وەرگێڕانەوە رێگەکان قەدبڕ دەکرێن و کارلێکێکی رۆشنبیری ئیجابی چێدەبێت، واتە وەرگێڕان دەبێ بە بەرنامە بکرێ و وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستییە فەلسەفی و هزری وئابوری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و زانستییانە بێ کە زمانی دووەم نەیتوانیوە بەرهەمی بێنێ..جا بەم پێیە وەرگێڕان بەجۆرێ ئاوێتەی ژیانی تیرەی بەشەر بووە کە هەندێ فەیلەسوف و دەروونناس ورەخنەگر پێیان وایە هەر وتووێژ و گفتووگۆیەکی سەرکەوتوو لە نێوان تیرەی بەشەردا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچێتە خانەی وەرگێڕانەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو وتووێژە لە ناو یەك زمانیشدا بێ، هەڵبەتە پرۆسەی وەرگێڕان بەم چەمکە فراوانە رووبەرێکی گەورەی زانستی دەلالەتان و



دەروونناسی و فەلسەفەش دەگرێتەوە..

جیاوازی نێوان زمانان کۆسپ و تەگەرەیە لەبەردەم حاڵی بوونی زمانەوانیدا، واتە جیاوازی زمانان دەکاتە کۆسپ لە نێوان لێکدی حاڵی بوونی ئەو خەڵکانەی بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. بۆیە وەرگێڕان هەوڵێکە بۆ بەزاندنی ئەو کۆسپ و لەمپەرانە.. وەرگێڕان هەوڵدەدات بە زمانی دووەم گوزارشت لەو بیرو هزرانە بکات کە بەزمانێکی دیاریکراوو تایبەتی داڕێژراون، جا وەکو چۆن لەم سەرزەمینەدا دوو کەسی تەواو چوونیەك نییە، دوو زمانی چوونیەکیش نییە، بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ سەرکەوتووترین وەرگێڕان جۆرە ناکامییەك لە خۆ دەگرێ.. بەڵام وێڕای ئەمەش لە سایەی فرەزمانیدا زاراوەی زمان و وەرگێڕان تەواوکەرو تەواوکراوی یەکترن.. کەواتە تا جیاوازی زمان هەبێ وەرگێڕانیش دەمێنێ، مەگەر زۆر چاوەڕوان بکەین تا رۆژێ بێ هەموو تیرەی بەشەر بەیەك زمان بخوێننەوەو بنووسن.. هەنگینێ پرۆسەی وەرگێڕان خۆ بەخۆو بەشێوەیەکی سروشتی دەوەستێ و نامێنێ و پرۆسەی لێکدی حاڵی بوون و کارلێکی شارستانی زۆر لە ئێستا ئاسانتر دەبێت.

# من و گزنگ

لەتیف فاتیح فەرەج



هەر ژمارەیەکی تازەی گزنگ بڵاودەبێتەوە و پێم دەگات بۆ خۆم تاوێك، تاوێکی زۆر سەرزەنشتی خۆم دەکەم. گزنگ گۆڤاری نووسەرانی کەرکوکە، بەندەش نەوەی نەوەدەکانی قەڵەم بەدەست کە گۆڕانە کت و پڕەکانی و دیارە بارودۆخی تایبەتی کوردستانیش وردو خاشی کردین، سەرزەنشتی من لەلایەن خۆمەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیم بەرابەر بەو گۆڤارە خۆمانەیە، کە نەبێتە پەندی کۆییەکان، خۆیایەتییەکی زۆری تیا دەکەین، بەڵام لەو خۆیایەتییە ئەوجارەش من نیم، ئاخر نەبوون لە گۆڤاری نووسەرانی لقی

کەرکوکدا عەیبێکی گەورەیە، بەتایبەت کە تۆ خانەخوێ و خودان ماڵ بیت، تۆ سەیرکە لەو کەرکوکە لەبەر دڵ ئەزیزەدا کە هێشتا بۆنی پۆستاڵەکانی بەعس لە سینگ و بەرۆکی دێت. گزنگ لە ژمارە "٦٠" تێدەپەڕێ و ئەمن ئاوڕێکم لانی کەم لە مێژووی ئەدەبی ئەو شارە نەداوەتەوە، ئەدی ئەمە سەرزەنشتی ناوێت، قسە لەسەر ئەوەیە، گەر ئێمە باسی هیجری دەدە و خەلیل منەوەر و یەسو ساوك و مامەند کەرکوکی و سابیری و لوتفی و سەید ئەحمەدی خانەقا و لەتیف حامید و هیتر، نەکەین کێ بیکات، من تێناگەم ئێ خۆ میرزا خەلیل نزیکەی ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر بە داروبەردی نەبووە ( بوانان کوردان) باشە بوانان بۆ ئێستا نەبێ بۆ کەیە؟! لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ برادەرێکی ئازیز باسم لە کەشکۆڵێکی شاعیرانی کەرکوك دەکرد، بۆ نموونە شاعیرانی قوناغی کلاسیك، ریالیزم، نوێ، هەر شاعیرە و یەك دوو نموونە، دەکرێ ئەوە ناوبنرێ (چڕوچیلکەی) شاعیرانە، (چڕوچیلکە) خواردنێکی تێکە و لێکەی زەمانی فەقێیانە، لە دەشتی کۆیە هەموو شتەکان دەکرێتە سەر یەکا، چڕوچیلکەی شاعیرانی کەرکوك، هەر جێگای ئەوەیە لە

گزنگ بڵاو بکرێتەوە، کێ ئەوە لێ دەنێت، هەڵبەت ئەو کابانەی باشتر قەڵەم بگرێ، من هەستێکم لا دروست بووە، کە نازانم وایەدا، نا.. ئەگەر لە قەڵەم گرتنا کابانی چاك باین، دەبوایە ئێستا تۆزێك مامەند کەرکوکیمان ناسیبا، ڕاستە لەوبارەیەوە منیش گوناهی خۆم هەیە، بەڵام گەر بێت و ڕێژە بازی بکەین، گوناهی من لە سەد بەش، دە بەش بێت، دەشێ ئێ ئەحمەد تاقانە، کاکی تاقانە شاریی و شارەزا لە سەد بەش پەنجا بێت، ئیدی مامۆستایان زاهیری ڕۆژبەیانی و محەمەد سابیر مەحمود و جەلیل کاکەوەیس و زۆری دی لەولاوە بووەستن، ڕاستە من لە بەر مامەند کەرکوکی دووەم و گۆڤاری گزنگ یەکەم گوناه بارم، ئەرێ کەس سۆراخی سەلاح شوان و سیمرخەکانی دەزانێ، کەس ئاگای لەوەیە ئەحمەدی مەلا سەر ناکاتەوە بە زەردکا، کەس پرسێکی ئازاد ئەحمەد ئەسوەد و ئازاد حەمە و ئاراس فەتاح و زۆری دی کردووە، کە لەو دوورەوە هەواڵێکی گزنگ ناپرسن، کەواتە لە دابەشکردنی گوناهەکەدا، پرزاڵ پرزاڵ، ڕەنگە هیچی وامان بەر نەکەوێت، کەچی کەس قۆڵی عەبدولا سەراج و محەمەد موکری و ئەحمەد

محەمەد ئیسماعیل و غەفور سالّح ناگریّ بۆ مالّی گزنگ، ئیّستا کە سەرزەنشتی خۆم دەکەم، هەقمە قسە لەوەش بکەم کە ئەم شارە بەو تەمەنە دریّژەیەوە کە هەیەتی زۆر ڕەنگ و ڕوو بیرکردنەوە و ئایدیای تیّدا بووە، کە مەگەر بەتەنیّ (کۆلّن ولّسن) بتوانیّ ناوابەستەیی و وابەستەیی یەکە بەیەکەیان بە زەمەن و زەمینەکەوە دیاری بکات.

(٢)

گزنگ دریّژە بە بە ژیانکردن ئەدات، من ببم یان نا!! مادام مەسەلەکە ژیانکردنە، دەبیّ هەبین، ژیانکردن ئەوە نییە کە ئامیّزی پیا بکەیت و لە باوەشی بگری، ژیانکردن با لەوپەڕی پوچی و خەمگینیشدا بیّت، وەك ئەوەی جان دەمۆ، بەلاّم دەبیّ بزانین، ئیّمە ببین یان نا، شتیّك هەیە پیّی دەلّیّن ژیان، هەرجاریّك کە حەمە سەعید زەنگنە ژمارەیەکی ترم پاش یەك دوو زەنگ بۆ دەنیّریّ، بە خۆم دەلّیّم کەواتە ژیان بەردەوامە. نووسین و چاپکردن و بلاّوکردنەوە و قەلّەم گرتن لە کەرکوك گەمەیەکی عەجیبە لەگەلّ ژیانا، تۆ بڕۆ بە هەر حکومەتیّ دەلّیّی، دەمەویّ یادی بۆ نموونە با بلّیّین (شکور مستەفا) ئەو سەرچاوەیەی زمانی لیّ دەڕژا، یان جەبار جەباری، یاخود شیّخ حوسیّن، یان شیّخ مارف، یان کەسیّکی دیکە، دەکەمەوە بزانە چ بیّنە و بەرەیەکت پیّ دەکریّ، کەستان ڕۆژیّ لە ڕۆژان چوونەتە بەردەم پۆلیسی لیّپرسینەوە، یان بەردەم دادوەرریّك، کە گەر هیچی بەدەستەوە نەبیّ بۆ بیانوو پیّ گرتن دەلّیّ:"جوان بووەستە"!! ئاخر لە نیّو پوچیّتی ژیاندا جوان وەستان و ڕیّك وەستان چ بایەخیّکی هەیە، ئیّستا کە ژیانکردن، هیّندە قورس بووە، تەنانەت جاری وا هەیە تاقەتی ئەوەت نییە وردە بەردی نیّو پیّلاّوەکەت فڕیّ بدەیت، بۆچی بیر لەوە دەکەیتەوە بنووسی، من چەندین جار ویستوومە ئەم پرسیارە لە خۆم بکەم، ئیّستا کە قسە لەسەر گزنگە، باشتر نییە ئەو پرسیارە لە محەمەد کەریم عارف بکریّت، کە لە تەواوی ژمارەکانی گزنگدا قەلّەمەکەی بە ئیّمە دەلّیّ شار چۆلّ نییە، شاری نووسین و بیرکردنەوە، نە ئەو شارەی کە مەحوی دەلّیّ:

بەجیّ نایە دەبیّ ڕوو بکەینە سارا
حەقی ئادابی مەجنونی لە شارا

پوچیّتی و پوچ گەرایی و ژیان پوچی بەرهەمی شارن لە قۆناغی فیودا لیّدا، گوندی بوون و گوندیّتی ئەمانە لە دایك



نابن، بۆیە لەویّ باو باوی زولّف و چاو و کەزییە لای شاعیران!! من ئەگەرچی بڕواناکەم ژیان هیّندە شیاوی بەجیّ هیّشتنبیّت، بەلاّم چیّژیّکی گەورە لە جان دەمۆ دەبینم، کەمتەرخەمی منە، جان دووجار سەری نەکردووە بە مالّی گزنگا، ئیّستا کە من سەرگەرمی سەرزەنشت کردنی خۆمم، ئیّناگەم دەبیّ کەسیّکی دیکەش ئەوە بکات...

(٣)

کاکەم تاریق کاریّزی کە سەر و دەریّکی خۆشی لەگەلّ هونەر و ڕۆژنامەوانیدا هەیە، مافی خۆیەتی بە شان و بالّی باسەڕەدا هەلّبلّیّ، منیش حەزم لە هاژە و لرفە و بەردەوامی باسەڕەیە و خوا بکەم وشکە سالّی هەرگیز دەست لە بینەقاقای گیر نەکات، گزنگ و باسەڕە و شەفەق بە پیّشگری نەوەکەیەوە و کانیاو و شار و هەوالّ و هی تر و هی تر جۆگەلە و جۆلە و ڕچەن و دەڕژیّنە ڕوو بارەکەی میقداد مەدحەت بەردرخانەوە، پووکانەوە بۆ هیچ شتیّك نابیّت، هیچ نا پووکیّتەوە بەو دادانانەشەوە کە لە کوردەواریدا دەلّیّن پووك بووە، مرۆڤ دەمریّ، دەڕزیّ، تیّکەلّ بە گەرد و خۆلّ دەبیّتەوە، دەبیّتە مادەی دیکە، ئەوە شتیّکە سەدان سالّ لەمەوبەر عومەری خەیام لە گۆزە گەرەکانەوە تیّیگەیشتووە، ئیّستا ئیّمە تازە تازە بۆ پیّچەوانەکەی بلّیّین، چرا بیشکوژیّتەوە، دەکریّ دابگیرسیّنریّتەوە، کە بیانووە شارەزا و ڕەندەکان پاکی دەکەنەوە، نەوتی نوێی تیّدەکەن، بلورەکەی پووختە پووختە دەسڕنەوە "چراکە بوگە بە چرایەتر" پووکانەوە پیّچیّك، ئەو پیّچەی بووە بە پیچەك زیادەڕۆیی تیایە. گزنگ چەند جاریّك چراکەی کزبووە، کوژاوەتەوە، دووبارە پاك کراوەتەوە، بلورەکەی جوان جوان پەلّەکانی سەر سینگ و بەرۆکی شار بە دەرکراوە و هاتووەتەوە ناومان... دریّژەدان بە ژیان کردن ناچاری ئەوەم دەکات لە بەردەم هەر ژمارەیەکی نوێی گزنگا سەرزەنشتی خۆم بکەم، ئیّمە کە دەنووسین هەقە بیر لەوە بکەینەوە، کە توڕدراوەکانیش، شتیّك جوانییان تیایە، زیرەك میرە لەگەلّ توڕدراوەکاندا گەمە دەکات، لاساییە یان خۆیانە، ئەمە زەلکاوەکەی شیّرزاد حەسەنم بیر دەخاتەوە، گولّی ڕەش زەمانیّکی تربوو، ئیّستا کە دەمەویّ ئیدی قەلّەمەکەم دابنەم بیر لەوە دەکەمەوە بۆ ڕوانگەییەکان و گروپی کفری و تەلیعییەکان و هیتر هەبن و گزنگیەکان نەبن.. بوانان کوردان...

# دایک... لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا

**پێشکەشە بە دایکی خۆشەویستم کە هەموو تەمەنی تەرخان کرد بۆ پێگەیاندنم.**
**پێشکەشە بە شاعیری هەست ناسك: لەتیف هەڵمەت.**

**خێلان تاهیر فەتاح**





**پێشەکی:**

ئەو کاتەی بیر دەکەینەوە لە هۆکارەکانی دروست بوون و بەدیهاتنی بوون و بوونەوەرەکان بەدەست خۆت نییە بیرت یەك راست بەرەو سەرچاوەو ماکەی شتەکات دەگەڕێتەوە، دانەوێڵە لە دڵی خاکدا دەگۆڕێ و کانی لەبن ڕەزو و بەردا بەرەو پێدەشتان سنگ دەکوتێ و گیانلەبەرانیش بەگشتی بەرهەمی نێرومێ یەك کە دایك و باوکیان ناوە. لێرەدا ئێمە دەمانەوێت دایك وەك حەقیقەتێکی پیرۆز بخەینە بەرباس، لە مێژووی ئەدەبیاتی گەلانی جیهاندا بە شێوازی گەلێ جۆراوجۆر باس لەدایك کراوە بە هەزاران شیعر و سەدان چیرۆك و رۆمان لە پەسنی دایکدا نووسراوە بەڵام هێشتا کاکڵەی مەبەستیان نەپێکاوە. مامۆستا قانع لە هۆنراوەیەکیدا چیرۆکی دایك و کوڕێك دەگێڕێتەوە کە کوڕەکەی لە ژێر فشاری ژنەکەیدا دایکی دەباتە سەر کێوێك و جەرگ و دڵی دەردێنێ و دەیهێنێتەوە بۆ خێزانی گەمە گیرانی پێوەدەکا، لە ڕێگا قاچی بە بەردێك دەکەوێت لەو کاتەدا نرکە و هاوارێك لە جەرگ و دڵەکەی دایکی هەڵدەستێ و دەڵێ (دەك رۆڵە کوێر بم خۆ ژان و ئازارت پێ نەگەییوە)(١) پێم وایە وردبوونەوە و سەرنج دان لەو چیرۆکە فۆلکلۆرییە زۆر لایەنی شاراوەی کەسایەتی دایکمان بۆ دەردەخات، بەر لە هەر شتێك وەك خولقێنەرێك لەدایك بڕوانین ئەبینین دایك هەڵگری تەواوی تایبەتمەندییەکانی کەسێکی خولقێنەرە. خولقێنەریش ئەو کەسەیە کە لە پێناوی خولقاندنی بەرهەمێکدا لە ماوەیەکی زەمەنی دوور و درێژدا بەدەم ئازاری چۆنیەتی بەرهەمهێنانەوە گینگل ئەدا و تل دەخوا. ئەم ئازارە بۆ خولقێنەر بەهەموو قورس بوون و تاڵییەکەوە ژانێکی کوشندە نییە ژانێك نییە کەسی خولقێنەر بێزار بکات بەڵکو ئەم ئازارە بۆ ئەو هەنگاوێکی کاریگەرە بەرەو ئاسۆیەکی ڕوون. ئەوەیە کە کەسی خولقێنەر چێژ لە ژانەکانی بەرخولقاندن و تەنانەت ئازارەکانی دواییش وەردەگرێت. لە کۆتاییدا پاش ئەوەی داری هەوڵ و تێکۆشانە جەستەیی و هزرییەکانی بەری گرت قۆناغێکی دیکە لە ئازار دەست پێدەکات بەو پێیە سەرانسەری ژیانی دایك وەك کەسێکی خولقێنەر بە ژانێکی بێ سنووردا تێدەپەڕێ ئەم بەرهەمی ژیانی خۆی کە کۆرپە و منداڵەکەیەتی دەکاتە ئاوێنەی بالا نوێنی خۆزگە و خولیاکانی، لەنێو ژیانی منداڵەکەیدا بەشوێن بەشێك لە ژیانی ونبووی خۆی دا دەگەڕێ و لەوێدا

دەیدۆزێتەوەو سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە لە سەردەمی گەنجێتی خۆی دەگەڕێ و دەرفەتە لەدەست چووەکانی ژیانی سەردەمی لاوێتی خۆی لە ئێستای منداڵەکەیدا قەرەبوو دەکاتەوە دیارە ئەم داڕشتنەوەو قەرەبوو کردنەوەیە تەنیا کردەیەکی زیهنی و خەیاڵ و خولیایەکی دەروونییە کە بەسەر داوی ئاواتەکانی دایکەوە بەستراوەتەوە. هەموو ئەم خولیاو ئارەزووانە کە ئەم هێز و تینە بەدایك دەدا بەشێوەیەکی خۆبەخشانە وەك مۆمێك لەوپەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزیدا ژیانی خۆی بۆ بەختەوەرکردنی منداڵەکەی بەخت و تەرخان بکا، بە جۆرێك کە ناتوانێ هیچ سنورێك دابنێ لە نێوان حەزەکانی دایکدا ئەوکاتەی کە ئاواتی وەدیهاتنی خەونێکی خۆیەتی و ئەوکاتەش کە بە ئاواتی بەختەوەری منداڵەکەیەوە دەژی...

بەگشتی دایك گەورەترە لەوەی قەڵەم بتوانێ پەسندی بکات و لێی بدوێ.

ئەم باسەی منیش هەوڵێکە بۆ نیشاندانی گەورەیی دایك و لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو کەسایەتییە لە شیعرەکانی مامۆستای شاعیر (لەتیف هەڵمەت)دا هیوادارم توانیبێتم ئەم ئامانجە بپێکم.

## کورتەیەك دەربارەی ژیانی

### لەتیف هەڵمەت

ناوی (لەتیف مەحموود محەمەد)ە، لە شاری کفری سەر بە پارێزگای کەرکوك لەدایکبووە، لەماڵێکی ئایین پەروەری ڕۆشنبیریدا گەورەبووە. لە ساڵی ١٩٦٣وە دەستی کردووە بە نووسینی شیعرو لە ساڵی ١٩٦٩دا یەکەم بەرهەمی لە گۆڤاری رزگاریدا بڵاوبووەتەوە. یەکەمین کۆمەڵە هۆنراوەی بەناونیشانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) لە ساڵی ١٩٧٠دا لە چاپخانەی الشمال لە کەرکوك چاپکردووە تاوەکو ئێستا نزیکەی چل و دوو کتێب و نامیلکەی بەچاپ گەیاندووە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەیان ووتاری ڕۆشنبیری و وەرگێڕدراوی لە ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەورووبەردا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە...

شیعرەکانی کراون بە عەرەبی و فارسی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و فەڕەنسی و سویدی و تورکمانی (د. هاژە کلاوێ، د. هەڵکەوت مەلا حەکیم، د. مستەفا مەعرووف) شیعرەکانیان کردووە بە فەڕەنسی و د. ئەمەل جبوری کردوویەتی بە ئەڵمانی و فەرهاد شاکەلی کردوویەتی بە سویدی و ئامانج شاکەلی کردوویەتی بە هۆڵەندی و



دەیانی تر کردوویانە بە عەرەبی و فارسی و تورکمانی، لەتیف هەڵمەت لە بواری ئەدەبی منداڵاندا خەڵاتی ئاپیکی سویدی و ڕێزلێنانی وەزارەتی حکوومەتی هەرێم و لە بواری شیعریشدا خەڵاتی زێڕینی باوەگوڕگوڕ و خەڵات و مەدالیای زێڕینی -بلە-ی وەرگرتووە...

لەتیف هەڵمەت دەڵێت سەرەتای شیعر نووسینم بە باسی قارەمانێتی پێشمەرگە دەستم پێکرد[٢]... و باسی ئازایەتی -٢٨- پێشمەرگەی قارەمانم تیایدا کرد کە ساڵی ١٩٦٣ لە کفری شەهید بوون..

لەتیف هەڵمەت یەکێکە لە شاعیرە هەرە دیارەکانی گروپی کفری- کەرکووك کە توانیویەتی هەر لە سەرەتاوە دنیایەك شیعری جوان پێشکەش بە خوێنەری کورد بکات. شیعر لە بنەماڵەی هەڵمەتدا ڕەگێکی دێرینی هەیە وەکو خۆی دەڵێت باپیرم (شێخ محەمەد شێخ حەسەن کەسنەزانی) شاعیر بووە هەروەها باوکیشم شاعیرە و کتێبێکی بەناوی (معراجی راستی) بەشیعر بڵاو کردۆتەوەو سەدان هۆنراوەی ئاینی و دەستنووسیشی هەیە. لەتیف هەڵمەت ئەڵێت (من لەو بنەماڵەیەدا و لەناو کتێبەکانی باوکمدا عاشقی وشە و شیعر بووم و بەیانیان بەدەنگی بەسۆزی قورئان خوێندنی باوکم لەخەو هەڵدەستام و مۆسیقای ئایەتەکانی جۆرە هەژانێکی ناسکی لە ناخمدا بەرپا کرد. جگە لەوەش شەوان دایکم بەدەنگە خۆشەکەی بەلایەلایە و هەندێك شیعری سۆفیانەوە خوشك و برا چکۆلەکانمی دەخەواند )و دەیووت:

حەزرەتی غەوسی غەرقەی سەوزە
دەستنوێژ ئەشوا لەو حەوزە
لا اله الا الله[٣]

ئەو جۆرە شیعرانەی دایکم کەش و هەوایەکی شیعریان بۆ دەخولْقاندم. هەڵمەت دەڵێ هەر لە منداڵییەوە داستانی ئەمیر ئەرسەلان و ڕۆستەم و زۆراب و برزۆ و فەتحی قەڵای خەیبەر و خورشید و خاوەر حەکایەتی نان و ماست و قەسیدەی بوردییەم لە ماڵی خۆماندا خوێندۆتەوە و دواتر کۆمەڵێك دیوانی شیعری کۆن و نوێی شاعیرانی کوردم خوێندەوە لەوانە: "دیوانی سافی هیرانی و تایەر بەگی جاف و مصباح دیوانی ئەدەب و ئەدیب و حەریق و حاجی قادری کۆیی و هەروەها سروشت و دەرونی گۆران و گوڵە ئەستێرەی کامەران موکری و بەستەی مەبەستی جەمال شارباژێڕی).

یەکەمین شیعرم لە ڕۆژێکدا نووسی کە کۆمەڵێ پێشمەرگەی قارەمانی گەرمیان لە

ساڵی ١٩٦٣دا ڕووبەڕووی هێزی دەبابەی دوژمن بوونەوە و بوون بە قوربانی گەل و نیشتمان، شیعرەکە بۆ ئەو سەردەمەی تەمەنی من باش بوو بەڵام ئێستا ئەگەر بە پێوەری شیعر هەڵیبسەنگێنم دەڵێم وەکو شیعر لاواز بوو بەڵام پڕاوپڕە لە راستگۆیی و هاواری ناخی دڵ... واتە شیعرێکی پڕ لە جۆشی نەتەوایەتیی بوو... بەڵام لاواز بوو.. دواتر پەیوەندیم لەگەڵ شیعری عەرەبی و فارسی پەیدا کرد و جیهانێکی نوێم دۆزییەوە و توانیم لەژێر کاریگەری ئەو جیهانە نوێیەی شیعری عەرەبی و جیهانیدا شێوازی نوێ و تایبەت بۆخۆم بدۆزمەوە.(٤)

لەتیف هەڵمەت دەڵێت کە دەنووسم حەزدەکەم تەنیابم لە کاتی نووسیندا ئەگەر دەمی ناخواردنیش بێت هەست بە برسێتی ناکەم و کە بڵێن خواردن ئامادەیە نیگەران دەبم و نان ناخۆم چونکە نووسین بەلای منەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی نوێژکردن، زیاتر نیوەڕوان دەنووسم هەر بیردەکەمەوە، لە شتەکانی ژیان ورد دەبمەوە، دەبێ ئەوەش بڵێم سەرەتای هەندێك شیعرم لە کاتی نووستندا دەست پێدەکات و هەندێ شیعریشم هەن لە خەومدا بە مێشکمدا هاتووە دواتر خستوومەتە سەر کاغەز، بەدەگمەن مێژووی شیعر دەنووسم چونکە شیعر هەیە ئیمڕۆ بەخەیاڵمدا دێت و پاشی دوو مانگ دەینووسم بەڕای من گەرچی هەندێ جار مێژووشم لەسەر شیعر نووسیوە شیعر مێژووی نییە(٥).

هەروەها یەکێك لە یادگاریەکانی لەتیف هەڵمەت ئەوەیە کە لە میهرەجانی یەکەمی کوردیدا کە لە کەرکووك سازکرا ساڵی ١٩٧٣ لیژنەی میهرەجانەکە نەیهێشت شیعر بخوێنێتەوە بەڵام پاش ئەوەی لەتیف هەڵمەت ئاژاوەیەکی لە هۆڵەکەدا نایەوە بەزەبری پۆلیس لە هۆڵەکە دەرکرا لەبەر دەرگای هۆڵەکە بەدەنگی بەرز شیعرەکەی خوێندەوە وەکو خۆی دەڵێت زۆربەی ئەوانەی لەناو هۆڵەکەدا بوون هاتنە دەرەوە گوێیان لە شیعرەکە گرت(٦). لەتیف هەڵمەت کۆمەڵی شعیری جوانی دڵداری و نیشتمانی هەیە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە شیعر نووسین بۆ دایك دەستێکی باڵای هەیە و کە لە شاعیرانی تری جیا دەکاتەوە لە ژمارەی ڕۆژی ٧/١١/١٩٩٠ لە ڕۆژنامەی هاوکاری کە لە بەغدا بەزمانی کوردی دەرچوو... کچە ڕۆژنامەنووسی کورد سەرگوڵ تەیمور دیدارێکی لەگەڵ کچێکی ڕۆشنبیری عەرەبدا کردووە کە عاشقی شیعری کوردیە و لە کاتی دیدارەکەدا قوتابی ماستەر بووە لە زانکۆی بەغدا ناوی (نەهلە النداوی)یە



دەربارەی لەتیف هەڵمەت وتوویەتی:" لەتیف هەڵمەت منداڵێکە هەرگیز گەورە نابێت" منیش دەڵێم بەڕاستی خاتوو نەهلە النداوی جوانترین پێناسەی لەتیف هەڵمەتی کردووە چونکە ئەگەر بە وردی سەرجەمی شیعرەکانی هەڵمەت بخوێنینەوە دەتوانین لە زۆربەی دەقەکاندا منداڵێتی هەڵمەت بدۆزینەوە و بێگومان ئەم منداڵێتییەش بە پەیوەستبوونی لەتیف هەڵمەت بەدایکی خۆیەوە ئاشکرا دەکات و نایەوێت گەورە بێت و لێی دوور بکەوێتەوە دەیەوێت هەمیشە منداڵ بێت و لە دایکێوە نزیك بێت بەڵگەش بۆ ئەوەی لەتیف هەڵمەت منداڵە و لە دایکی دوور نەکەوتۆتەوە ئەوەیە کە لەتیف هەڵمەت هەتاوەکو ئێستا سیازدە کتێب و نامیلکەی بە قەبارەی پێنج سەد لاپەڕە بۆ منداڵان نووسیوە و خۆی کارەکتەر و پاڵەوانی منداڵی هەموو ئەو کورتە چیرۆکانەی کە بۆ منداڵانی نووسیوون، بۆ ئەوەی لە بارەی خۆشەویستی لەتیف هەڵمەت بۆ دایکی زیاتر بزانین دیدەنیەکی خێزانەکەیمان لە ماڵی خۆیان کردوو چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد لە وەڵامدا وتی: (هەڵمەت ئەو کاتانەی لە ماڵدایە زۆربەی کات باسی دایکیم بۆ دەکات و دەڵێت چاوی دایکم وەکو دارستانەکانی کوردستان سەوز بوو قژی دایکم وەکو کێڵگەی قاوە قاوەی بوو دڵی دایکم وەکو بەفری لوتکەکان پاك بوو هەروەها دەڵێت: من لە دایکمەوە فێربووم ڕقم لە کەس نەبێت، هەروەها خێزانەکەی گوتی لەتیف هەڵمەت ئەڵێ پێت ناخۆش نەبێت ئەگەر شیعرێکم بۆ کچێکی جوان نووسی دڵنیابە لە هەموو کچێکی جواندا جوانی دایکم لە جوانی ئەو کچەدا دەبینم.(٧)

هەروەها لەتیف هەڵمەت بە خوێنی دەستی خۆی کۆپلەیەك شیعری بۆ کچێك نووسیوە کە ئەمەش ئەوپەڕی خۆشەویستی ئەنوێنێ لای لەتیف هەڵمەت بۆ کچێك کە خۆشیویستووە.. و کۆمەڵێك لە شاعیران و نووسەران بیروڕای تایبەتییان هەیە لەسەر لەتیف هەڵمەت لەوانە محەمەد موکری دەڵێت: (لەتیف هەڵمەت بە بەهێزترین سەرەتاوە گۆمە مەنگەکەی شیعری کوردی شەڵەقاند لە سەرەتای حەفتاکانەوە بەدیوانی خواو شارە بچکۆلەکەمان وەك رچەشکێن دژ بە بەکارهێنەکانی ئەدەبی کوردی وەستاوە ئاڵای یاخی بوونی گرتە دەست).(٨)

شاعیری عێراقی حسن النواب دەڵێت: (لەتیف هەڵمەت هەر لە سەرەتاوە

ئەماخاتە بەردەمی سەرسورمانی شیعرییەوە)[٩].

نووسەری فەرەنسی (د. هاژە کلاوێ) دەڵێت (من کە فێری کوردی بووم چاوم بە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا کەوت زۆر سەرنجیان ڕاکێشام و زوو کەوتمە وەرگێڕانی هەندێ لە شیعرەکانی بۆ سەر زمانی فەرەنسی خوێنەرانی شیعر بە عیشقەوە ئەو شیعرانەیان خوێندەوە)[١٠].

* لەتیف هەڵمەت ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانە

* ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری (بانەڕۆژ)ە. کە کۆمەڵەی ڕوناکبیریی و کۆمەڵایەتی کەرکوك بڵاوی دەکاتەوە و چەندین کتێبی نوێی ئامادەیە بۆ چاپ.

شایانی باسە تاوەکو ئێستا دوو بڕوانامەی ماستەر لەسەر شیعرەکانی و بڕوانامەیەکی ماستەریش لەسەر چیرۆکی منداڵانی وەرگیراوە و لە چەندین بڕوانامەی دی ماستەر و دکتۆرادا باسی شیعرەکانی کراوەو ئاماژە بە دژە باوی و ڕچەشکێنی لەتیف هەڵمەت دراوە و بەدەستپێکی ڕچەشکێنی شیعری باوو بە یەکەم شاعیریش دانراوە کە لەدوای پیلانی جەزائیر شیعری بەرگری بڵاوکردۆتەوە...

## بەندی یەکەم

**بەشی یەکەم:**

**دایك بە گشتی و پێناسەی دایك و دەوری دایك لە بنیادنانی کۆمەڵگای کوردیدا**

دایك بە گشتی و پێناسەی دایك:

دایك بە پێناسە گشتیەکەی (ئەو مرۆڤە میهرەبان و لەخۆ بردووەیە کە مرۆڤی دیکە بەرهەم دەهێنێ و پەروەردەی دەکات)[١١]

هەروەها زاناکان کۆمەڵێ وتەیان هەیە لەسەر گەورەیی و بوونی دایك بۆ نموونە:

کولید ید –ح- دەڵێت (دایك پیرۆزترین زیندەوەرە)[١٢]

شاعیری ئینگلیزی براون دەڵێت (خۆشەویسترین دەنگ لای دڵی مرۆڤ بریتییە لە دەنگی دایك و ماڵ و ئاسمان)[١٣]

ئەدگار ئالنپۆ لە قەسیدەی بۆ دایکمدا دەڵێت (فریشتەکان لە قسەکردنی ناو خۆیاندا ناتوانن کە وتەی پڕ خۆشەویستی وابڵێن کە وەك وشەی دایك وابێ)[١٤]

جول میشیلە ئەڵێت (ئەوەی ئەبێ مناڵ بەر لە هەموو شتێك فێری ببێ ئەوەیە کە نیشتمان دایکێتی)[١٥]

لی شیبی ئەڵێت (دایك مۆمێکی پیرۆزە بێ



فیزانە نەرم و نیانە شەوی ژیان ڕووناك ئەکاتەوە)[١٦]

## دەوری دایك لە بنیادنانی کۆمەڵگای کوردیدا

دایك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە قۆناغی دایکسالاری مرۆڤایەتیدا. دایك باڵادەست و پێشەوای خێزان و کۆمەڵگا بووە و توانیویەتی لەو قۆناغەدا زۆر بە سەرکەوتوویی و کارامەیی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابوری...هتد خێزان و کۆمەڵگا بەڕێوە بەرێ و چارەسەری دروست بۆ تەنگەژەیان بدۆزێتەوە و پێداویستییەکانی ئەو سەردەمەی ژیانیان بۆ دابین بکات لەدوای ئەو قۆناغەش کە قۆناغی ڕاوەشکار و کۆکردنەوەی بەروبووم و ئاژەڵداری بووە.

کەواتە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و دایکی بەشەکەی ترە و ئەو شوێنەی لێی گەورە بووە و ئەو کۆمەڵ و سروشتەی کە تێیدا پەروەردە بووە کاری تێکردووە ئەو ئافرەتە شۆخ و شەنگەی ئەو سەردەمە ئەبینن کاری کردۆتە سەر کۆمەڵ و خۆشی هەموو نەریت و خوڕەوشتی ئافرەتی کوردو ئافرەتەکانی ڕۆژهەڵاتی لێ بەدی ئەکرێت ئافرەتی کورد یان دایکی کورد قوتابخانەیەکە کە نەوەی کوردی لێ پێکهاتووە، دایکی کورد بەشێکی گرنگە لە نەتەوەکەیی و لێی جیا نابێتەوە لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیدا دەژی خاکەکەی خۆی خۆش ویستووە زۆرجار خۆیشی لە پێناوی وڵاتەکەیدا بەخت کردووە. لە ئەدەبی کوردیماندا چەند دایکێکی دانا و زانامان هەیە/ بۆ نموونە:

وەکو ئەو دایکەی کە (زەردەشتی) هێنایە سەر زەمین کە توانی کتێبە بەناوبانگەکەی پێشکەش بە نەتەوەکەی بکات بەناوی (ئاڤێستا) زۆر شتیان بۆ ڕوونکاتەوەو لە تاریکی بیانهێنێتە ڕوناکی. هەر ئەو دایکە بوو کە توانی چەند ڕۆڵەی ئازا و پاڵەوان بهێنێتە سەرزەمین هەروەك (کاوەی قارەمان)[١٧] کە چۆن نەتەوەکەی لە زوڵم و زۆرداری ڕزگار کردو شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد ناویان نا نەورۆز.

٣/٢١ کە ڕۆژی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی دەکات یادێکی تریش لەخۆ دەگرێت، ئەویش ڕۆژی جیهانی دایکە هەر دایکان بوون ڕۆڵەکانیان هاندەدا و باوەڕ و ئیرادەیان بەرز دەکردنەوە بۆ سەرخستنی ڕاپەڕین و هێنانەوە ئامێزی شاری کەرکوك بۆ باوەشی گەرمی کوردستانی دایك[١٨]

هەر ئەو دایکە بوو کەی خوسرەویی میری

لە لانکە پەروەردە دەکرد و بە ئاوازە خۆشەکەی لایە لایەی بۆ دەکرد و دەیلاواندەوە تابوو بەو پاڵەوانە ناودارەی کە توانی ئیمپراتۆریێتی میدیا دروست بکات هەروەها هەر دایك بوو توانی سەلاحەدینی ئەیووبی بێنێتە سەرزەمین کە توانی دەوڵەتێکی کوردی ئیسلامی دابمەزرێنێت کە لە هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکانی تر جیا ئەکرایەوە تاوەکو ئێستا هیچ ئافرەتێك لە نەتەوەکانی دیکە نەیانتوانیوە وەك ئافرەتی کورد یان دایکی کورد منداڵەکانی بەشیرە خۆریی بە لایە لایە بەسۆزەکانییەوە فێری نیشتمانپەروەری بکات[١٩]

واتە دایکان دەورێکی باڵایان هەبووە لە رۆشنبیریی زارەکی داو دایکانی کورد زۆر بەسۆز و کوڵەوە شیعری جوانیان بە منداڵەکانیاندا هەڵدەدا و بە هۆنراوەی خۆش گورگانە شەوێیان لە دوو تویێی گۆڤار و رۆژنامە و بلاوکراوەکاندا بلاوبوونەتەوە و بوونەتە بنەمای رۆشنبیری ئەوتۆو پیرۆز کە ئاوێنە نومای رۆڵی دایکانی کوردە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا و هەتا وەکو ئێستاش گەلێ لە دایکانی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا کۆرپەکانیان بەو جۆرە شیعرانە ژیردەکەنەوە. مامۆستای شاعیر لەتیف هەڵمەت کە خزمەتێکی گەورەی بە هونەری منالان گەیاندووە زۆر شیعری هەیە لەم لایەنەوە بۆ نموونە یەکێ لە شیعرەکانیدا کە بۆ منالانی وتووە دەڵێت:

لای لایە رۆڵەکەم لای لایە
لای لایەم بۆ مەکە ئەی دایە
رۆڵەکەم سەگ وەڕە هەواڵی ناخۆشی هێناوە
ئەم بایە
نابینی چۆن دەدات لە هەموو دەرگایەك[٢٠]

ئەم جۆرە شیعرە گورگانە شەوێیانە رۆڵی دایك دەچەسپێنێت لە ناوەندی کۆمەڵگای کوردەواریدا.

دایك دەورێکی باڵای بینیوە لە شارستانێتی میسری کۆن و یەمەنی پێش زاین و بابل و ئاشوور و سۆمەر و ئەکەد، گەلێ دایك فەرمانڕەواییان کردووە و گەلێ لە خواوەندەکانی ئەو نەتەوە شارستانییانە دایك بوون و پەرستگای تایبەتییان بۆ کراوە و بە شکۆمەندی و پیرۆزییەوە تەماشا کراوون. دایك ئەوەندە بەڕێز و خۆشەویستە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بە زمانی هەموو گەل و نەتەوەیەك دەگوترێ زمانی (دایك) چونکە هەموو تاکەکانی خێزان بە نێر و مێوە لە دایکیانەوە فێری زمانی نەتەوایەتی خۆیان دەبن و پێی دەدوێن و لەم ڕوانگەیەوە زمانی هەموو نەتەوەیەك قەرزاری



دایکایەتی ئەو نەتەوەیەیەو دایکان زمانی نەتەوەن و ئەوڕشتە و کوشتەکەن کە مرواری و گەوهەری زمانی نەتەوە دەهۆننەوە و دەیپارێزن، دەبێت ئەوەش بڵێین کە لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا گەلێك دایك لە جیاتی کوڕەکانیان فەرمانڕەواییان کردووە هەر بۆ نموونە لە بنەماڵەی ئەیوبیەکاندا چەند جارێك دایك چۆتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی، دەوڵەتی بردووە بەڕێوە یەکێك لەوانە (شجرە الدری) ئەیووبی بووە کە چەند ساڵێك لە باتی کوڕە بچووکەکەی وڵاتی میسری بەڕێوە بردووە[٢١]. هەر لە بارەی کاروباری رامیارییەوە دایکی کورد توانیویەتی بەشداری راستەوخۆ بکات هەروەك (خانزادی میری سۆران)و (عادیلە خانم) کە پاش مێردەکەی توانی کاروباری هۆزی جاف هەڵبسوڕێنێت هەروەها خاتوو (قەمەرناس) لەگەڵ مێردەکەی دەرچووە دەرەوە لە پشتەوە دەڕۆیشت بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لە دژی دوژمنەکانی کە زۆر جار لەگەڵیاندا بەشەڕ هاتووە، هەروەها (ئامینە بارزانی و قەدەم خێر) کە شۆڕشی (پشتکۆ)ی بەرپاکرد و پێنج ساڵ سەرکردایەتی کرد، ئا بەم هەست و مەردایەتییەوە دایکی کورد وایکردووە بەشداری پیاو بکات لە کۆنەوە تا ئێستا باشترین قوربانی پێشکەش بە وڵاتەکەی و نەتەوەکەی بکات [٢٢]. کەواتە ژن-دایك... خاوەنی فەرمان و بڕیاری خۆی بووە ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەو کلتورەدا کە تا ١٣٠٠ ساڵ پ.ز درێژەی هەبووە دایکی کورد گوێرایەڵی مێرد و براو باوك نەبوون خۆیان لە بارەی کاروبارەکانیانەوە بڕیاریان داوە ئەمەش لەو هێڵکارییانەوە وەرگرتووە کە دەردەخات (پودوهیپا) ژنی (هاتو مسلی) سێیەم کە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی هیتی بووە خاوەنی مۆری خۆی بووە و بەناوی خۆیەوە نامەی گۆڕیوەتەوە و واش گومان ئەکرێ کە دوای مێردەکەی ماوەیەکیش فەرمانڕەوایی دەوڵەتی هیتی کردبێت[٢٣].

هەروەها ئەدمۆنز باسی دایکێکی ناوداری تری کورد دەکات کە (فاتمە خان)ە، فاتمە خان کە مێردەکەی مرد هەشت گوندی هەبوو خۆی موڵك و ماڵەکەی بەڕێوە دەبرد[٢٤]. هەروەها دایك لە هەرچوار ئاینەکەدا وەکو (یەهودی، زەردەشتی، مەسیح، ئیسلام) باسی لێوە کراوە ئەگەر ئێمە بۆ نموونە ئاینی ئیسلام وەرگرین یەکەم دایك کە موسڵمان بوبێت (خەدیجە) بوو کە خێزانی (محمد)بوو (د.خ) هەر ئیسلام بوو فێری ناسینی نرخی دایك و ڕێزی دایکی کردین.[٢٥]

هەروەها دایکی کورد بەشداری لە لانکەی مرۆڤایەتیدا دەکات جوتیارەکان لێکچونێکی سروشتییان لە نێوان ژن و بەرهەمی زەوی دا بینیوە و هەردووکیان بەپیرۆز زانیوە، هەمیشە بە بیستنی وشەی زەوی، ژن، دایکیان بە بیردا هاتووە بەرهەمەکانیان کە ئەمیان مرۆڤ و ئەویان بەرهەمی خۆراکی بۆ بەردەوامی ژیانی مرۆڤ بووە وەك زنجیرەیەکی لێکدانەبڕاو هاتۆتە پێش چاوان. تەنانەت ئەمڕۆش لە ئەدەبیاتی فەنتازیدا دایك سیمبولی خاکە بەتایبەتی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا ڕوناکتر ئەوە دەردەکەوێ و ڕادەی پەیوەندی کورد بەخاکەوە دەردەخات کە لە زۆربەی کاتدا بەگوزارەی دایك دەربڕیوە.(٢٦)

هەروەها چەند دایکێکمان هەیە کە ناویان لە مەیدانی زانست وێژەدا هاتووە وەك (اسما ءکچی ئەحمەد کوڕی حسین هەکاری)بوو کە لە قاهیرە لەدایك بووە قسەزانێکی بەناوبانگ بووە و زۆر داناو بلیمەت بووە (والا کچی ئەبی عەلای کوردی) لە سەدەی نۆیەمی —هـ- ئافرەتێکی خوانås بوو بە دەرس و وانە گوتنەوە خەریك بوو هەروەها (عائیشە عیسمەتی تەیموری) شاعیرێکی بەناوبانگ بووە. ڕەوشەن بەدرخان یەکێکەلە دایکە دیارەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی.

مێژوو شایەتە کە ئافرەتی کورد یان دایکی کورد کەسایەتییەکی بەرزی هەیە جا چ لە بابەت ڕامیارییەوە بێت چ لە بابەت کۆمەلایەتییەوە ویان ئابورییەوە بێت، نووسەرە بەرزەکانی جیهان نرخی دایکی کوردیان ناسیوە لەوانە (باسیل نیکیتین و دیکسۆن).[٢٧]

شایەنی باسە باسیل نیکیتین ڕای وایە ئافرەتی کورد یان دایکی کورد لە ئافرەتان و دایکانی گەلانی دراوسێ وەکو فارس و تورك و عەرەب و سەربەستر و ئازاترەوە پێشوازی میوان دەکات و چەك هەلدەگرێت و لە کێلگەکاندا کاردەکات.

## بەشی دووەم
## دایك لە شیعردا

شایەنی باسە گەلێ لە شاعیران و نووسەرانی جیهان خۆشەویستی دایکیان لە هەندێ نامەو بەرهەم و شیعر و بیرەوەرییەکانیاندا بەڕونی ڕەنگی داوەتەوە. لە ئەدەبیاتی جیهاندا لای هەندێ لە شاعیرەکان باسی دایك کراوە بۆ نمونە شاعیری هیندستانی (تاگوور) لە بەرهەمێکیدا دەلێت:

دێمەوە بۆ لات...
ئیتر
لە نێوان تونێلێکی تاریکەوە



کە هەردوو لای درەخت و دارە
بۆ کۆلێتی دایکی
دەگەڕێتەوە
کە لە لێواری دارستانێکدا
بەکپی نوستووە
لە مالدا ڕوناکی ئێوارە
هەلدەکرێ
دایکی لەبەردەرگا چاوەڕوانە
پێشبینی گەڕانەوەی ئەکات
کوڕەکەی لە باوەشی دەگرێ و
دەینووسێنێ
بەسنگییەوە[٢٨].

تاگوور زۆر بە وردی و خەمناکییەوە باسی ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەکات لەگەل دایکیدا زۆر زۆریش بەکول و سۆزەوە باسی کۆچی دوایی دایکی دەکات و مەرگی دایکی بە ئاوابوونی خۆری شادی ژیانی خۆی لەقەلەم ئەدات...

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی گەورەی ئەمریکای لاتین (گارسیا مارکێز) لە یاداشتەکانیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان باسی لایەنە ڕۆحییەکانی دایکی خۆی دەگێڕێتەوەو دەلێت:

بەدلنیاییەوە دایکم نەیدەزانی
هەروەها منیش
کە ئەم کۆچە دوو ڕۆژەییەمان
بەجۆرێك کاریگەر دەبێ
هەموو ژیانم بەشی گێڕانەوەی ناکات..
بای باکور لەوشەوەدا زۆر بەهێز بوو
کاتێ گەیشتە بەندەری ڕووبارەکە [٢٩]

هەروەها مارکیز باسی مندالێتی خۆی و سەفەرەکانی خۆی ئەکات، لەگەل دایکی دا، زۆر جوان بارودۆخەکانی ژیانی دایکی لەیاداشتەکانیدا بەرجەستە ئەکات...

هەروەها شاعیری ڕووسی (الکسندر بلوك) لە باسی دایك دا دەلێت:

بەهەشتە ڕووناکەکەم چاند و
پەرژینێکی بلندم بە دەوری دا گێڕا
دایك هات بۆ دیدەنی
کوڕە خۆشەویستەکەی
لەو ناوچە جوان و ئاسۆ شینەدا
تۆ لە کوێی کوڕە ئازیزەکەم
وەلام نیە...
دایکم بە ئاگادارییەوە
بە بەهەشت و پاوانەکەمدا دەگەڕێ
دووبارە هاوار ئەکات (ڕۆلە تۆ لە کوێی؟)
بەبێ ئەوەی گولەکان بشێلێ... [٣٠]

هەروەها شاعیری شانۆکار (برۆتۆل بریخت) ئەلێت:

کە دایکم مرد لە ژێر خاکدا بەجێیان هێشت
گول لەسەر گلکۆکەی

دەڕوێ و..
پەپوولە بەسەری دا هەڵدەفڕێ
ئەو هێندە ناسك بوو
پێی بەزەوی دا
دەنا و نەدەنا
چەندئازاری چەشت
تاوەکو بەو جۆرە
ناسك بێت [31]

شاعیری فەرەنسایش (شارل بۆدلێر) ئەڵێت:

بەبێ ترس گوێم لێ بگرە
بە منداڵی سەردەمێکی پڕ لە خۆشەویستی
توند و تۆڵی تۆم بەسەربرد
من تاکو ئێستا ئەو گەشتەم
هەر لەیادە
کە پێکەوە لە گالێسکەکەدا کردمان
تۆ وێنەگەلێکی جوانت پیشان دام
کە بە پەڕەمووچ کێشا بووت بۆم
بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کە یادی منت کردووە
یادی کوڕەکەتت کردووە
هەروەها گەشتە دوور و درێژەکانمان لەیادە
و..
سۆزە هەمیشەییەکەت..
من هەمیشە لە تۆدا دەژیام
تۆم دەپەرست و تۆ هاودەنگم بووی [32]

هەروەها شاعیری فەرەنسایی (ڕامبۆ) کە شاعیرێکی نوێخواز و یاخی و سەرکێش بووە و گەلێجار کە لەدایکی دوورکەوتۆتەوە تووشی ئاستەنگییەك و تەگەرەیەکی ژیان بووە خێرا و دەست و برد نامەیەکی بۆ دایکی ناردووە و دەردەخەمی خۆی بۆ باسکردووە کسپەکانی دڵی خۆ خستۆتە ناو دووتوێی نامەکە و دەربارەی چارەسەر کردنی تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی خۆی پرس و ڕای پێکردووە و دایکی بەهاوڕێیەکی دڵسۆزی خۆی زانیوە[33].

ئەمە لە ئەدەبی جیهاندا شاعیران بەم شێوەیە باسی دایکیان کردووە بەڵام سەیر ئەوەیە لە ئاستی شیعری وڵاتانی دەوروبەری کوردستان و چ لە شیعری کوردی کۆنیشدا زۆر بەدەگمەن باسی دایك کراوەو دەتوانین بڵێین لە شیعری کوردی قۆناغی کلاسیکی و قۆناغی ڕۆمانسیدا تارمایی دایك لە هیچ شیعرێکی ئەو دوو قۆناغەدا بەدی ناکرێت ئەگەر هەشێ زۆر زۆر دەگمەنە ئەمەش دیاردەیەکی سەیرە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تایبەتی هەیە کە پەیوەندی بەم نووسین و لێکۆڵینەوەیەوە نییە... بەڵام دیارە کە خۆی لەخۆیدا ئەوەندە کەلێنێکی گەورەیە لە شیعری کوردیدا مایەی پرسیار و سەرسوڕمانە و هیچ زیادەڕۆیی ناکەیت ئەگەر بڵێین لە بابا تاهیری هەمەدانییەوە تاوەکو شاعیرانی



بەشی یەکەمی سەدەی بیستەم جگە لە "گۆران" کە دەتوانین بڵێین ئەویش واتە گۆران تەنها لە کۆپلە شیعرێکی بچوکدا باسی دایکی دەکات و دەڵێت:

ئەی دایە ئەگەر ئەپرسی حاڵم
ئێ تۆش وەکو باقی بێ ڕەحم نیت
تۆزقاڵێ کەمێ ڕەحم ئەزانیت
ڕاستی شەووڕۆژ هەر دەناڵم
ئەگریم و دەسووتێم هەروەکو مۆم
ئاهم ئەگاتە گەردوون
مات و کز و مەلوول و مەحزوون
بۆ حاڵی غەریبی بێکەسی خۆم[34]

ئەو کۆپلە شیعرەشی وەکو نامەیەك لە کەرکووکەوە ئاراستەی دایکی خۆی کردووە لە نامەکەدا سۆزی غەریبی گرتوویەتی و هەست بە نامۆیی دەروونی دەکات و بۆ ڕەواندنەوەی ئەو غەریبییە پەنا دەباتە بەر دایکی و لەو نامە شیعرییە بچوکەدا خەمەکانی خۆی بۆ دایکی میهرەبانی دەخاتە ڕوو ئەڵێی دەیەوێ بەو شیعرە گڕ لە خەمە دەروونییەکانی خۆی بەربدات و دڵی خۆی بە تارمایی سۆز و میهرەبانی دایکی خۆی ئاسودە بکات نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە شاعیرانی هاوچەرخی گۆرانیش شیعریان دەربارەی دایکی خۆیان نییە و ئەگەر لێرەو لەوێ یەکێك لەو شاعیرانە شیعری بۆ دایکی نووسیبێت بۆ دایکی خۆی نەنووسیوەو بەڵکو وەکو شیعرێکی پەروەردەیی بۆ دایکی نووسیوە کە دەبێ گوێڕایەڵی دایکی خۆیان بن و بەقسەی بکەن و کارێکی وا نەکەن دڵی زویر بکەن ئەگینا سەرجەمی دیوانی شاعیرانی کوردی (ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و وەفایی و نالی و ناری و دڵدار و تایەر بەگی جاف و مەولەوی و قانع و بێخود و مەحوی و هەردی و کامەران و دیلان...) بخوێنینەوە هیچ یەکێك لەو شاعیرانە شیعری تایبەتییان بۆ دایکیان نەنووسیوە و تەنانەت نەیانتوانیوە دایك بکەن بە جەڤەنگێك لە شیعرێکدا و بە شێوەیەکی ریالیزمی یا ئەفسانەیی یا بە شێوەیەکی جادوویی ڕەنگ و ڕووی دایکیان لە شیعرەکەدا بخەنەڕوو لایەنە جوان و پەسەندەکانی دایکیان و ژیانی منداڵێتی خۆیان لەگەڵ دایکیاندا لە توێی شیعرەکەدا کۆلاژۆ دژبلاژ بکەن و سەرنجی خوێنەری پێ ڕابکێشن ئەمە لە سەرەتادا بەم شێوەیە بوو تا دەرکەوتنی شاعیرانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەوانە "لەتیف هەڵمەت"ی شاعیر کە چەند شیعرێکی جوان و پڕ سۆز و میهرەبانی بۆ دایکی وتووە بۆ نموونە لە شیعری "ئەی دایە گیان"دا دەڵێت:

ئەی دایە گیان... من دوات دەکەوم
وەك ئەو سەگانەی دوای بۆنی نانی گەرم و
گۆشت...
دەکەون...
وەك چۆن شیعر
دوای دڵم دەکەوێ[٣٥]
یان لە شیعری (دایك)دا دەڵێت:
ئەگەر شەوێ گیانی ماندووت لـە تـاریکی
جارِست بوو...
ویستت وەکو جاری جاران..
بمکەیتە باوەش دایە گیان
ڕەنگە ئێستا کوڕەکەی خۆت هەر نەناسی
ڕەنگە بڵێی ئەمە ئەو کوڕە هارەیە
ئاوی دەبڕی لە ماسی...!
دەرگا و پەنجەرەی دەشکان...
بەدیواردا هەڵدەگژا و
جل و بەرگی خۆی دەدڕان[٣٦]
یان لە شیعری (هـاوارم کـرد)دا هەڵمـەت
دەڵێ:
هاوارم کرد: دایە دایە
وا ئەبرەهە و لەشکری فیل
تەنیویانە ئەم دنیایە
وتی: رۆڵە
دڵۆپ دڵۆپ حەرامت بێ
بۆنی بای ئەم خاك و خۆڵە....[٣٧]
ئەگەر نەبی بە هەوری خەستی ئاگر و
بەسەریاندا نەبارێنی پشکۆی ڕقی هۆنراوە...
کۆتایی ئەم بەشـەش هـەر بـە یـەکێك لـە
شیعرەکانی لەتیف هەڵمـەت ئـەهێنین کـە
دیسان بۆ دایکی وتوویەتی:
"ئەڕۆم"
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
دەبم بە گوڵ لەو چیایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
لە هەر خاکێ زۆردار بژی
لەوێ دەبم بە بۆمبایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
دەبم بە بستێ زەوی
بۆ دنیایەك گەورەترە لەم دنیایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
گیانم دەبێ بە ڕەشەباو
بەشوێن تۆدا دەدا لە گشت دەرگایە
ئەڕۆم دایە[٣٨]

## پەندی دووەم

بەشی یەکەم:
**مانای دایك چی ئەدا بە لـەتیف هەڵمـەت**
**یان دنیای دایك چی ئەبەخشێت بە لـەتیف**



**هەڵمەت؟**
دایـك لـەلای لـەتیف هـەروەك خـۆی لـە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ وتـی هەنـدێ جـار دایك حەقیقەتییـە و هەنـدێ جـار کـچێکە خۆشی ئەوێت هەندێ جار ئازادییە و هەندێ جـار نیـشتمانەو هەنـدێ جـاریش هـەموو شتێکی پیرۆزە[٣٩]
دەنگ بـۆ هـەر یـەکێك لـەم وشـانەی کـە مامۆستای شـاعیر لـەتیف هەڵمـەت وتـی شیعرێك هەبێت کـە گوزارشـت بێـت لـەو وشانە بـۆ نموونـە لـەتیف هەڵمـەت باسـی چاوی دایکی دەکات و دەڵێت:
چاوی سەوز
لە گشت نمە بارانێکدا
بۆنی چەمی ڕەشی پرچی دایکم دەکەم
ئەرێ بشێ هی ئەوەبێ
لە نیوەڕۆی زستانێکا
چاوی دایکم وەری وەك پەڕی پاساری
باران نم نم... باران تاڵ تاڵ
وەکـو تـاڵی پرچـی دایکـم بـەدەم شـانەوە
هەڵوەرێ
وادەباری....!
هەر دارێکی سەوز دەبینم
بۆنی چاوی دایکم دەکەم
پڕ بە هەردوو سیی ئەوینم
ئەرێ بشێ هی ئەوەی بێ
وەك گەڵای هەزار دار بەڕوو
چاوی دایکم سەوز سەوز بوو...[٤٠]
وەك چـۆن جاربـەجار لـە شـیعری لـەتیف هەڵمەت دا دایك نیشتمانە بـەم شـێوەیەش هەر لە شیعرەکانیدا ئەبینین کە ئەڵێت:
نیشتمان دایکە دایك
ئەرێ کەستان پێتان خۆشە
دایکی خۆتان ڕووت بکەنەوە..؟
من شاعیرم و
سەرم شوشە مرەکەبە و
دڵی هەژاران دەفتەرەکانم و
مووی لەشیشم هەمووی زمانە
وشەی گڕەگڕێ
گڕی چەقۆی نهێنی و
گڕی شمشێری نەبینراو[٤١]
لە شوێنێکی تردا مامۆستای شاعیر دەڵێت:
هەرشتێ خۆش بێ.. پیرۆزبێت.. جوان بێ
تامی ماچێکی دایکی لێدێ
گشت ئەستێرەیە لەش و لار زیوین
لە ڕەنگی چاوی دایکی من دەچێ...[٤٢]
یان دەڵێت:-
ئەی دایە گیان
وەك خەنجەرێکی بێ کێلان
لە دڵمدا هەڵتدەگرم
چی خۆشترە..
لەوەی بە عەشقی تۆ بمرم.[٤٣]

**ئەو هەڵبەستەی کە سەرەتاکەی ون بوو:**

ئەمیش یەکێکە لەو شیعرانەی کە مامۆستایی شاعیر لەتیف هەڵمەت بۆ دایکی وتووە کە ئەتوانین بڵێین هەموو ئەو وشانەی کە دایکی حەقیقی و خۆشەویستی و ئازادی و نیشتمانی پیرۆزی دەگەیەنێت لای لەتیف هەڵمەت لەو شیعرەدا دەنگی داوەتەوە کە دەڵێت:

دایە دایە.. ڕوخسارتیان کوشت
لە نێوانی هەردووکماندا
بیابانی ئازاریان ڕشت
دایە.. دایە هەموو ڕۆژێ هەڵبەستێکت بۆ دەنووسم
دەتوێتەوە لە شەپۆلی وشەکانیا خەم دێتەوە
گۆرانیم بۆ دەڵێتەوە
جاران لە خەم زۆر دەترسام
بەڵام ئێستا هەرچەند هەست بکەم تەنیام
هەر چاوەڕێم خەم بێتەوە
گۆرانیم بۆ بڵێتەوە
گەر ئەمتوانی زامەکانم
ئەخستە ناو چنگی یادێ
ئەمبەخشیە ئەو چاوانەی
جوان بوون وەکو شەوی لادێ...[٤٤]

**بەشی دووەم:**

**هەڵسەنگاندنی وشەی دایک لای شاعیر لەتیف هەڵمەت و شاعیرانی ترو بەراوردیان**

سەرەتا ئەتوانین بڵێین هەڵسەنگاندنی وشەی دایک و پێناسەکردنی دایک لای هەریەکەمان جیاوازە ڕەنگە دایك ئەو مرۆڤە بێت کە ئەگەر بگری بەڕاستی بۆ تۆ بگری و ئەگەر پێبکەنێت بەڕاستی بۆ خۆشییەکانی تۆ پێبکەنێت. دایک ئەو مرۆڤەیە کە هەموو خەمەکانی دونیا لە شەپۆلی فرمێسکەکانی دا نوقم ئەکات لە پێناوی بەختەوەری جگەرگۆشەکانیدا دایک قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردەکردنی پێگەیاندنی نەوەی ئایندە بە چەندین وانەی بەرخودان و نیشتمان پەروەردەی و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی و دڵسۆزی بەراستی هەموومان قەرزاری چاکە و سۆز و ماندووبوونی ئەو فریشتەیەن کە پێی دەڵێن دایک.. کەواتە چەمکی دایک لای هەریەکەمان جیاوازە لای من میهرەبانترین بوونەوەرە یان پاکی و ڕاستگۆییەوە یان پیرۆزیە لە ئەدەبیاتی کوردیماندا و لە ئەدەبیاتی جیهاندا چەند شاعیرێکمان هەیە کە هەریەکەیان پێناسەیەك بۆ دایك دەکات و یان دایکی خۆی بە شێوازی جیا جیا



هەڵدەسەنگێنن کە ئەمەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازی هەیە، ئێستا با بزانین لەتیف هەڵمەتی شاعیر کە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە ڕوو بەڕوو بوونەوەی شیعری نوێی کوردی دا بە خێرایی خۆی بە خوێنەری شیعری کوردی ناساند دەبینین تارمایی دایك لە زۆر شیعردا خۆی دەنوێنێ و گەلێ شیعریش لە دیوانی لەتیف هەڵمەتدا بەروون و ڕەوانی ئاراستەی دایکی خۆی کراوە و زۆرجاریش دایك وەکو خۆی دەڵێت: (وەکو جەڤەنگێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەکاردێنێ و هەندێ جاریش ڕەنگ و ڕوویەکی ئەفسانەیی و جادوی دەداتێ و جارجاریش دایك لە حاڵەتێکی بەرجەستە کراوی ڕاستەقینەوە دەکات بەخەیاڵ و سەراب و خوێنەر نازانێ ئەم دایکەی هەڵمەت ڕاستەقینەیە یاخود خەیاڵە و جار بەجاریش بە پێچەوانەوە دایك لە بارودۆخێکی خەیاڵییەوە هەروەکو حەقیقەتێك بەرجەستە دەبێت)[٤٥]

ئەوەی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت بخوێنێتەوە و لێیان ورد بێتەوە بەبێ سێ و دوو کردن بۆی دەردەکەوێت هیچ شاعیرێکی کورد ئەوەندەی لەتیف هەڵمەت لە شیعردا دایکی بەرجەستە نەکردووە و نەیتوانیوە دایك بکات بە جەڤەنگێکی ئەوەندە پیرۆز کە واتای دایکێتی نیشتمان و خۆشەویست و جوانی سروشت و هەموو شتە پیرۆزەکان بگرێتە خۆی و لە کاتێکدا کە باسی دایکی لە شیعرێکدا دەکات و باسی میهرەبانی و جوانی دایکی دەکات لە هەمان کاتدا ئەو شیعرە وەکو ڕەمزێك ڕەنگ و ڕووی جوانی خۆشەویست و سروشتی سەوز و سازگاری کوردستان بەرجەستە دەکات و نیشتمان و خۆشەویست و سروشت و ئازادی لە هەندێ لەو شیعرانەدا کە لەتیف هەڵمەت بۆ دایکی خۆی نووسیوە... بەجۆرێك تێکەڵاو ئاوێزانییە کۆی خوێنەر سەری لێ دەشێوێ ئایا هەڵمەت باسی دایك دەکات یاخود سروشتی کوردستانە یان خۆشەویستەکەی یاخود ئازادییە.

ئەم حاڵەتی بەرەمز کردنە هەڵسەنگاندنە لەلای هەندێ لە شاعیرانی جیهانیش هەیە و هەر بۆ نموونە شاعیری ناسراوی فەرەنسا — ئەراگۆن- ئەوەندە —ئیلزا-ی خێزانی خۆی و هەروەها ئەوەندە —فەرەنسا-ی نیشتمانی خۆی خۆشویستووە زۆرجار لە زۆر شیعریشدا ئیلزا و فەرەنسا تێکەڵاو دەبن و کاتێ باسی خۆشەویستی ئیلزا دەکات لە هەمان کاتدا باسی عەشق و سۆزی خۆی دەکات بۆ

فەرەنسای نیشتمانی کە لە جەنگی دووەمی
جیهانیدا ماوەیەك لەلایەن هێزەکانی
ئەڵمانیای نازیەوە داگیر کراوە ئەراگۆن
یەکێك بوو لەو شاعیرانەی کە بە وشە و بە
چەك بەرگری لە فەرەنسای کرد و دژی
هێزەکانی ئەڵمانیای هیتلەری جەنگا لە
هەمان کاتدا ئیلزای خۆشەویست و
فەرەنسای لابوو بە ئیلزا هەروەها ئیلزای
لەلا ببوو بە فەرەنسا و ناوی ئیلزا بوو بە
رەمزێکی جوان و پیرۆز بۆ عەشقی ئیلزا و
خۆشەویستی فەرەنسا هەردوو ئەشقەکەش
تێکەڵاو بوون لە خودی خۆیاندا بوون بە
چەکێکی کاریگەر[46]

هەروەها شاعیری نوێگەری عێراقی -بەدر
شاکر سەیاب- خۆشەویستی دایکی لە
هەندێ هۆنراوەدا دەنگی داوەتەوە مەرگی
دایکی بە کارەساتێکی گەورە لە ژیانیدا
لەقەڵەم داوە و هەمیشە یادی ترپەی پێی
دایکی کردووە دەنگی هەنگاوەکانی دایکی
هەمیشە لە گوێیدا و لە هەموو سوچێکی
کاڵەکەیاندا دەنگی داوەتەوە بەجوانی بۆ
خوێنەری ئەو شیعرانەی خۆی بەرجەستە
کردووەو خوێنەری ئەو شیعرانەی بەرامبەر
دایکی دەکات بۆیە لە یەکێك لە
شیعرەکانیدا کە بۆ دایکی وتویەتی و
دەڵێت:

خۆزگە دەنگێکم دەبوو
وەکو نەفخی سوور
مردووان گوێیان لێ دەبوو
من عاشقی مردووانم
چونکە تۆ دایکە
بەشێکی لەوان و
تۆ ئەو رابردووەی
کە کاتێ ئاسۆکانم تاریك دەبن
ئەو رابردووە رۆژەکانم روون دەکاتەوە
رێنماییم دەکات
لە رۆژانی تەنگانەمدا هەروەها لە شەوانی
دا
ئەی دایکە وەرە لاقەکانم بشێلە و
چارەسەری بۆ بدۆزەرەوە [47]

هەروەها زۆرێك لە فەیلەسوف و شارەزایان
قسەیان لەسەر دایك کردووە، کە زۆرێکیان
پێیان وایە لە هەموو جۆرە
خۆشەویستییەکاندا (خۆشەویستی دایك)
گەورەترین و جوانترین و شکۆدارترینیانە بۆ
نموونە (لنکۆڵن) ئەڵێت: (مەزنترین
خۆشەویستی، خۆشەویستی دایکە) [48]
هەروەها زانای ناودار (ئەدیسۆن) ئەڵێت:
(دایکم دروستی کردووم)[49]
واتە بونیەتی خۆی لە سەرەتایی هاتە ناو



دنیای کۆتایی پێهاتنی دایك دەبێتە
دروستکەری سەرپەرشتیکەری، هەروەها
(ولیام رایش) دەڵێت: (دایك زەلیل کەن
نەوەیەك زەلیل دەبێت)[50] چونکە زەلیل
بوونی دایك کار دەکاتە سەر شێوازی
پەروەردەکردنی منداڵەکانی، ئەمە
دەنگدانەوەی دەبێت لە شێوازی پەروەردەی
دایکدا بۆ نەوەکانیان.

هەروەها (هێرمان هیسە) دەڵێت: (مرۆڤ
ناتوانێت بێ دایك بژی و مرۆڤ ناشتوانێ بێ
دایك بمرێ).[51]

هەروەها (جۆن کونیسی ئادفر) دەڵێت:
(ئەوەی لە لەشمایە دروستی دەستی دایکم و
ئەوەش ئەیزانم هونەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ
دایکم)[52]

هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەدەبی
کوردی و چەند شاعیرێك وەربگرین دەبینین
هەریەکەیان جۆرە هەڵسەنگاندنێکی هەیە
بۆ دایکی، بۆ نموونە شاعیر و مامۆستا
(دکتۆر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) دەڵێت:
(دایك لە هەموو وشەیەك زیاتر هێمای
قوربانیدان و خۆشەویستییە، هێمای
خزمەتکردنی نەوەی نوێیە بێ ئەوەی
چاوەڕێی پاداشت بێت، بۆیە دەبێت جوانترین
وشەی سەرزار بێت کە هەڵگری هەموو
مانایەکی سۆز و بەخشندەییە)[53]

هەروەها کچە شاعیر (ئەرخەوان) وەك
دایکێك ئەڵێت: (دایك جوانترین وشەی
سەردەمی مرۆڤایەتییە گەورەترین باوەشی
پڕ میهر و خۆشەویستی و ئاسوودەیی
گەورەترین هێمای لە خۆبووردەیی و دڵسۆزی
و خۆشەویسترین نیشتمانی منداڵ باوەشی
دایکێتی، دایك ئەو هێزەیە. ژیان و ئارامی
و ئاسوودەیی خۆشەویستی ئەبەخشێت دایك
ئەو خۆرەیە کە ژیانمان پڕ ئەکات لە
رووناکی، دایك ئەو باوەشە پڕ سۆزەی کە
خەم و ئازارەکانمان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە
ئەلاوێنێتەوە و لە هەڵە و گوناهەکانمان
ئەبوورێت. دایك ئەو دۆڵە گەورەیەیە، کە
جێی خۆشەویستی تیا ئەبێتەوە، دایك
سەرچاوەی ژیانی بەخششی مرۆڤایەتی دایك
مۆمێکە بەردەوام ئەسووتێت، تا ژیانی
رۆڵەکانی رووناك بکاتەوە)[54]

ترێ مەحمودی شاعیر ئەڵێت:
(ئەوکاتەی لە باوەشی دایکم دام وەك
فیردەوسێك وایە، دایك وەك زنەیەك ئەبینم،
کە بەردەوام سۆز و خۆشەویستی لێ
ئەخۆمەوە هەر شتێك جوان و پیرۆزبێت لای
من دایکە)[55]

ئاوێزان نوری ئەڵێت:
(جورئەت ناکەم پێناسەك بۆ دایك دابنێم

پێناسەی دایك لای من ئەوەیە، کە وشەی دایك جوانترین و گەورەترین پێناسەیە بۆ خۆی) [٥٦]

کچە هونەرمەند و شاعیر و شانۆکاری ڕۆژئاوایی (شیرین پەروەر) ئەڵێت:

(دایك وەتەن و خاکە، دایك سۆزە، ئەتوانم بڵێم ئەوەندە بەسە) [٥٧]

شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی دەڵێت:

(دایك وشەیەکە کە دوای خوا هیچ وشەیەکی تر نییە، ئەو هێلانە گەرمەیە لە هەموو هێلانەکانی ژیان گەرمترە، دایك ئەوەندە پیرۆزە شتێك نییە بگاتە پیرۆزی دایك ڕەنگە وشەیەك نەبێت بتوانێت پێناسەی دایك بکات)[٥٨]

ئەوانەی باسمان کرد ڕای کۆمەڵێك لە نووسەران و شاعیران بوو کە هەریەکەیان ڕەنگە شیعرێکی تایبەتی بۆ دایکی نەوتبێت و یان ئەگەر هەشبێت زۆر کەم بێت کە بەپێچەوانەوە لای مامۆستای شاعیر لەتیف هەڵمەت زۆر بەئاشکرا و ڕوون و ڕەوانی دایکی بەرجەستە کردووە لە شیعرەکانیدا، بە کۆچی دایکی زۆر دڵگرانی و خەمبار دەبێت و ئەم خەم و پەژارەیە لە شیعردا دەنگی داوەتەوە، کە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی زۆر قووڵ باسی مردنی دایکی و مەرگی دایکی دەکات و دەڵێت:

**هەڵبەستێك بەدوای شەوێکی بێ شەبەقا**
**یان**
**ئاوازی مەرگ**

ئەستێرەکان ئاسۆی سامالّ زاخاو دەدەن
بریسك و هەر لە شەپۆلی ئاو دەدەن
کە شەو نەما و وردە وردە ون ئەبن
نە ئەفسوونیان ئەمێنێ نە شنەشن
ئەو وێنانەی کە لە خەوا ئەیانبینین
دەستی ونبوون ئەیاندڕێ کە ڕاپەڕین
تۆش تا دوێنێ... دایە بەنیگای شیرین
بە قسەی خۆش بە ئاوازی پێکەنین
بە دڵسۆزی بە خۆشەویستی بەڵێن
کامەرانیت ئەبەخشی منی خەمگین
بەڵام ئێستا شێوەی جوانت تیشکی نەما
بروسکە بووی خنکای لە ناوی شەوی تەما[٥٩]

یان دەڵێت:

**ئەو وێنەی خۆشەویستی ئەیکێشێ یان چەند هەنسکێك بۆ دایك**

شەپۆلی پایزە هات لە ناکاوا
هەوری دا بەسەر گلێنەی چاوا
باخی بەهەشتی ئاواتمی وەران
بزەی فریشتەی شادیمی تەران
بێخەوی کۆشی... شەوی ناخۆشی



چاوی تەمەنی جوانی خستە ژان
گەردەلوولی لێڵ ژیانمی پۆشی
بروسکەی گڕەی ئاخ دڵمی سووتان
ئەوە ئێستاکە لە قوڕگی ساما
لەناو گەرداوی زوخاوی زاما
گیرۆدەی گریی کۆتی ماتەمم
خەم بەستەی منە.. من بەستەی خەمم
خاکی جگەری پڕ لە ئازارم
تیایدا ئەخنکێ ناڵە و هاوارم
سێبەری لەرەی دیواری پەستیم
بۆتەگۆڕی هیواو یادگارم[٦٠]

یان ئەڵێت:

**چنگی مەرگ**

کەلەرەی سۆمای دایکم نەمێنێ
ختوکەی پەنجەی
ناسکۆڵەی وشەی
دایکم دەماری دڵ نەبزوێنێ
هەستیم پڕ نەکا لە گەرای ئۆخەی
هێلانەی شیعرم... نەوروژێنێ
کە بۆنی پرچی دایکم لە شنەی
لەرەی زیوینی بای شەوی.. شادیم
لێ ئەپرژێنێ
کە ئیتر دایکم بانگ نەکات و
ماچم نەکات و
ئاسوودەیی و گوڵ..[٦١]
لە شانەی هەموو لەشما نەچێنێ...

یان دەڵێت:

**ووشەی ون بوو**

ئەمڕۆ هەڵبەستێکم نووسی
جێی وشەیەك هەر مایەوە
هەرچەندم کرد
وشە نەهات
وشە نەدۆزرایەوە
ئەو وشەیە دایکم بوو
کە ڕۆیی نەگەڕایەوە..[٦٢]

**(کۆتایی)**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

بەندی یەکەم:

١- چەمکی دایك پێناسەی جۆربەجۆر هەڵدەگرێت و هەریەکە لە ڕوانگەی خۆی و بەپێی ئەزموونی ژیانی پێناسەی دایك دەکات.

٢- دایك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی بالای بینیوە، لە قۆناغی دایکسالاری مرۆڤایەتیدا دایك بالادەست و پێشەوای خێزان و کۆمەڵگا بووە توانیویەتی بە سەرکەوتوویی کارەکانی جێبەجێ بکات.

٣- لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی چەندین دایکی دانا و هوشیار و چالاکمان هەیە، کە

جێی دەستیان دیارە وەکو خانزادی میری سۆران عادیلە خانم کە باسی مێردەکەی توانی کاروباری هۆزی جاف بگرێتە دەست.

٤- زۆرێك لە شاعیران و نووسەران لە ئەدەبیاتی جیهاندا لە بەرهەمەکانیاندا خۆشەویستی دایك بە ڕوونی لە بەرهەمەکانیاندا دەبینرێت و دەنگی داوەتەوە و چونکە سۆز و خۆشەویستی دایك شتێکی سروشتییە و لە ناخی تاکەکاندا هەیە.

هەروەها لە کۆتایی (بەندی دووەم)دا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

٥- لەتیف هەڵمەت دایکی زۆر زۆر خۆشی ئەوێ چونکە لە سەرەتای لاوێتیدا دایکی مردووە هەمیشە لە هەموو مێینەیەکدا لە دایکی خۆی دەگەڕێ.

٦- دایکی نەك وەك دەم و چاو و بەژن و باڵا، وەکو ڕۆح و خۆشەویست و داب و نەریتە بەرزەکانی دایکی خۆش ویستووە.

٧- لەتیف هەڵمەت لە جوانی پەرستیدا وا دەردەبڕێ کە دایکی زۆر جوان بووە لەبەر ئەوە لە هەموو شتە جوانەکاندا دایکی بەدی دەکات، لەو شتانە: (تیشکی هەتاو، هەور، باران، بەفری ترۆکی شاخ، رووبار، شمشاڵی شوان، هتد...).

٨- لەتیف هەڵمەت ئەوەندە دایکی خۆش دەوێت هەر کارەساتێك ببینێت یان گوێی لێبێت مەرگی دایکی تیا دەدۆزێتەوە هەر بۆ نموونە کە دارێك ئەسووتێت لەتیف هەڵمەت وا دەزانێ پرچی دایکێتی یان کە دێیەك وێران دەبێت لەتیف هەڵمەت وائەزانێ جوانییەکەی دایکی تێك و پێك دەدرێت.

٩- ئەگەر بە وردی سەرجەم شیعرەکانی هەڵمەت بخوێنینەوە بێگومان ئەم منداڵێتیەش پەیوەست بوونی لەتیف هەڵمەت بەدایکی خۆیەوە ئاشکرا دەکات و کە نایەوێ گەورە بێت و لەدایکی دوور بکەوێتەوە.

١٠- هەڵمەت دەیەوێ هەمیشە منداڵ بێ لەدایکی خۆیەوە نزیك بێت و لەتیف هەڵمەت لە سەرجەم شیعرەکانی خۆیدا وا پیشان دەدات کە منداڵە و لاساری دەکات پەنجەرەی ماڵی خۆیان دەشکێنێ و دەنکە شقارتەوە خوێ دەکاتە قوتو حگەری پیرێژنە دراوسێکانەوە کە دەبێ بە میوانی دایکی بۆ ئەوەی ئەو دەنکە شقارتە و خوێیانە پریشك بهاون پیرێژنەکان بترسن و دایکی راوی بنێ و ئەمیش پێبکەنێ بەو جۆرەش لەتیف هەڵمەت دەیەوێت ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت کە هێشتا منداڵە و تەنانەت کە کچێکی خۆش دەوێت و ئەگەر هاتوو کچەکە ئازاری



دەروونی بدات لەتیف هەڵمەت وەکو منداڵ سکاڵای خۆی لەدەستی کچەکە لەلای ڕۆحی دایکی دەردەبڕێ و دێوانەکەی پیرە لەو جۆرە سکاڵایانە.

بەکورتی خۆشەویستی دایك لەلای لەتیف هەڵمەت بووە بە خۆشەویستی بۆ هەموو ئافرەتێك و بۆ هەموو شتە جوانەکانی سروشت و نیشتمان و تەنانەت بۆ وشەش.


سەرچاوەکان

(أ)- کتێب و دیوان:

١- کۆکردنەوەی بورهان قانع، ساڵی ٢٠٠٥، دیوانی قانع، بەرگی یەکەم، چاپی شەشەم، چاپخانەی سەردەم.

٢- سۆزان مامە، ساڵی ٢٠٠٢، ژن و گەڕان بەدوای ناسنامەدا، چاپخانەی ڕاز.

٣- سمیر شێخانی، ساڵی ٢٠٠٥، خەرمانێك لە بیری مرۆڤایەتی، یەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارام.

٤- لەتیف هەڵمەت ساڵی ٢٠٠٥، دیوانی لەتیف هەڵمەت، یەرگی یەکەم چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان.

٥- شیرین ئامێدی ساڵی ١٩٩٨ ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری-هەولێر.

٦- مهاباد قەرەداغی، ساڵی ٢٠٠٢، ئازادکردنی مێژوو.

٧- هێنی هارۆڵد هانس، ساڵی ١٩٨٣ ژیانی ئافرەتی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا.

٨- گۆیژە زەنگنە، ساڵی ١٩٩٩، ئافرەت لە چوار ئاینده، چاپخانەی وەزارتی ڕۆشنبیری.

٩- دیوانی گۆران، ساڵی ٢٠٠٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی دالاهو.

١٠- ترجمە د.عەبدولواحێد لوئلوئە، ساڵی ١٩٩٥، دیوانی تاگوور، المگبعە الاولی، منشورات المجمع الپقافی.

١١- الخلیل الخوری، ساڵی ١٩٧٨، ڕامبۆ الحیاة الشعریة الطبعة الاولی.

١٢- ترجمە، د.عبدالرحمن البدوی، ساڵی ١٩٦٠، شاعر برۆتۆل برێخت، لبنان دار الفارابی.

١٣- ترجمە، د.ابو بکر یوسف، ساڵی ١٩٨٥، الکسندر بلوك، دار رادوغا.

١٤- پسکال پیا، ساڵی ١٩٦٩، بۆدلێر بقلمە، دار المنشورات العربیە.

١٥- ترجمە، د. سامیە اسعد و فوئاد حداد، ١٩٧٠، الزا و عیون الزا من شعر اراجون، الهیئە العامە للتالیف والنشر، مصر.

١٦- بدر شاکر سیاب ساڵی ١٩٧١ مجلد اول، دار العودە/بیروت.

١٧- محمد عبدالرحن و عبدالله عبدالرحمن زنگنە، ساڵی ١٩٨٢ کەرکووك، وتەکانی ژیان.

١٨- جبار سابیر ساڵی ٢٠٠٤، چرپەچرپی ئەودیو ئازادییەکانی ژن، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

١٩- محمد موکری، ساڵی ٢٠٠٥، دیوانی لەتیف هەڵمەت بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

٢٠- الشاعر العراقی حسن النواب، ساڵی ٢٠٠٥ دیوانی لەتیف هەڵمەت بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

ب- گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

٢١- مجلە چفاف، ساڵی ٢٠٠٠، عدد الپانی

٢٢- کوردستانی نوێ ٢٠٠٠

٢٣- کوردستانی نوێ ١٩٩٦

٢٤- رۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە ٣١٥

٢٥- ژمارە دووی گۆڤاری الاقلام، ساڵی ١٩٩٩، بەشی یەکەم لە بیرەوەرییەکانی گابریل گارسیا مارکیز.

پ- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ:

٢٦- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەت،

١٠/١٢/٢٠٠٥ شەممە، کتێبخانەی گشتی.

٢٧- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەت ٢٥/٣/٢٠٠٦ شەممە.

٢٨- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەت ٢٠/٣/٢٠٠٦ پێنج شەممە.

٢٩- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ د. فەریدون عەبدول بەرزنجی، ٢٨/٢/٢٠٠٦، زانکۆی کۆیە.

٣٠- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئەرخەوانی شاعیر، ٣٠/٣/٢٠٠٦، پێنج شەممە.

٣١- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ تریّ مەحومد، ٢٩/٣/٢٠٠٦ چوار شەممە.

٣٢- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ ئاوێزان نووری، ٣١/٣/٢٠٠٦ هەینی.

٣٣- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ شیرین پەروەر ١،٤،٢٠٠٦ شەممە.

٣٤- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ رۆژ هەڵەبجەیی ١/٤/٢٠٠٦ شەممە.

٣٥- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ خێزانی لەتیف هەڵمەت ١٢/٤/٢٠٠٦ چوارشەممە.

پەراوێزەکان:

١- شیعری دڵی دایک –دیوانی قانع- ٥٥٨، ٥٥٩، ٥٦٠، ٥٦١.

٢- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا ٢٥/٣/٢٠٠٦ شەممە.

٣- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، کوردستانی نوێ ٢٨/٤/٢٠٠٠

٤- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، کوردستانی نوێ ٢٨/٤/٢٠٠٠

٥- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، کوردستانی نوێ ١٥/٦/١٩٩٦

٦- مجلە چفاف، ساڵی ٢٠٠٠، عدد الپانی

٧- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ خێزانی لەتیف هەڵمەت ١٢/٤/٢٠٠٦ چوارشەممە.

٨- محمد موکری دیوانی لەتیف هەڵمەت، ١٠٤٣

٩- شاعر العراقی حسن النواب دیوانی لەتیف هەڵمەت ل٣٩١

١٠- رۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە ٣١٥

١١- ژن و گەڕان بەدوای ناسنامەدا، سۆزان مامە، ل٢٠٩

١٢- خەرمانێك لە بیری مرۆڤایەتی، دیاری عەلی، ل٧٢

١٣- خەرمانێك لە بیری مرۆڤایەتی، دیاری عەلی، ل٧٢

١٤- خەرمانێك لە بیری مرۆڤایەتی، دیاری عەلی، ل٧٢

١٥- خەرمانێك لە بیری مرۆڤایەتی، دیاری عەلی، ل٧٣

١٦- خەرمانێك لە بیری مرۆڤایەتی، دیاری عەلی، ل٧٤

١٧- ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، شیرین ئامێدی، ل٢٣،٢٤

١٨- ژن و گەڕان بەدوای ناسنامەدا، سۆزان مامە، ل١١٣

١٩- ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، شیرین ئامێدی، ل٢٥-٢٦.

٢٠- دیوانی لەتیف هەڵمەت چاپی دووەم ل٨٢٣.

٢١- گفتوگۆیەکی دایك لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا دەربارەی مێژووی دایك، ١٠/١٢/٢٠٠٥ شەممە.

٢٢- ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، شیرین ئامێدی، ل٢٦-٢٧.

٢٣- ئازادکردنی مێژوو، مهاباد قەرەداغی، ل٢٨،٢٩.

٢٤- ژیانی ئافرەتی کورد، عەزیز گەردی، ل٢٨،٢٩

٢٥- ئافرەت لە هەرچوار ئاینەکەدا، گۆیژە زەنگنە، ل٢٨، ٢٩.

٢٦- ئازادکردنی مێژوو، مهاباد قەرەداغی، ل٣٢.



٢٧- ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، شیرین ئامێدی، ل٢٧-٢٨.

٢٨- دیوانی تاگوور، عبدالواحد لؤلؤە، ل٧٢.

٢٩- بەشی یەکەم لە بیرەوەرییەکانی گابریل گارسیا مارکیز، گۆڤاری الاقلام، ل٤٢.

٣٠- مختارات شعریە-الکسندر بلوك، ترجمە: د. ابوبکر یوسف، ١١٨، ١٢٠.

٣١- قصائد بروتول بریخت، ترجمە: عبدالرحمن بدوی، ل٨٨.

٣٢- بۆدلێر بقلمە، پسکال پیا، ل٢٢.

٣٣- الحیات والشعرە، خلیل الخوری، ل٥٤-٥٥-٥٨-٥٩-٦٥.

٣٤- دیوانی گۆران، چاپی یەکەم، ل٢٣٠.

٣٥- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، ل١٩٤.

٣٦- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، ل٢٠٩-٢١٠.

٣٧- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، ل٣٤٢-، ٣٤٣.

٣٨- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، ل١٨١.

٣٩- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، ٥/٢/٢٠٠٦

٤٠- دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٨٢٠.

٤١- دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل٦٩٤

٤٢- دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل٨٥٩

٤٣- دیوانی لەتیف هەڵمەت، ل٥٤٠.

٤٤- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، ل١٦٢-١٦٣.

٤٥- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، ٢٠/٣/٢٠٠٦ پێنج شەممە.

٤٦- الزا وعیون الزا، ترجمە: د.سامیە اسعد و فؤاد حداد، ل١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠.

٤٧- دیوانی بدر شاکر السیاب، المجلد الاول، ل٦٥٦، ٦٥٧، ٦٥٨.

٤٨- وتەکانی ژیان ، محمد عبدالرحن و عبداللە عبدالرحمن زنگنە، ل٦٦.

٤٩- وتەکانی ژیان ، محمد عبدالرحن و عبداللە عبدالرحمن زنگنە، ل٤١.

٥٠- خۆشەویستی و جوانی ئافرەت، سەلام کەریم، ل١٥.

٥١- چرپە چرپی ئەودیو ئازادییەکانی ژن، جبار صابر، ل١

٥٢- وتەکانی ژیان ، محمد عبدالرحن و عبداللە عبدالرحمن زنگنە، ل١٤.

٥٣- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ د.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ٢٨/٢/٢٠٠٦ زانکۆی کۆیە.

٥٤- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ کچە ئاعیر ئەرخەوان، ٣٠/٣/٢٠٠٦

٥٥- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ شاعیر تریّ مەحموود، ٢٩/٣/٢٠٠٦.

٥٦- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ شاعیر ئاوێزان نووری، ٣١/٣/٢٠٠٦

٥٧- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ شاعیر شیرین پەروەر، ١/٤/٢٠٠٦.

٥٨- گفتوگۆیەکی راستەوخۆ لەگەڵ شاعیر رۆژ هەڵەبجەیی، ١/٤/٢٠٠٦

٥٩- دیوانی لەتیف هەڵمەت چاپی دووەم، ل٥٢١، ٥٢٢.

٦٠- دیوانی لەتیف هەڵمەت چاپی دووەم، ل٥٢٦، ٥٢٧.

٦١- دیوانی لەتیف هەڵمەت چاپی دووەم، ل٥٣١.

٦٢- دیوانی لەتیف هەڵمەت چاپی دووەم، ل٦٣٤.

# ئەفسانەناسی (Mythology)

هاموون زێباری

دوو جۆرە دوو جۆرە ئەفسانە کاریان کردووەتە سەر ئەدەبیات، و هونەر و موسیقای جیهان: ئەفسانانی کلاسیك و ئەفسانانی نورس (جەرمەنی). دیارە ئەم ئەفسانانە پەیوەندییان بە سەرانسەری ئەفسانانی دنیاوە هەیە، و زۆر بۆ چوون و تیۆری جیاواز لەمەڕ رەگو ریشەی ئەفسانان هەیە.

**تیۆری سروشت:**

بەگوێرەی ئەم تیۆرییە ئەفسانە زادەو بەرەنجامی هەوڵ و تەقەلای مرۆڤە بۆ زانین و ناسینی دیاردە سروشتییەکانی وەکو تۆفان، هەڵهاتنی خۆر، گۆڕانی وەزرەکانی ساڵ و... هتد.



**تیۆری سایکولوژی:**

بەپێی ئەم تیۆرییە، ئەفسانە هێماو رەمزی ململانێ و کێشمانە کێشە رەگەزی و سۆزدارییەکانە.

**تیۆری کۆمەڵناسی:**

بەگوێرەی ئەم تیۆرییە، ئەفسانە بۆ ئەوە هاتووەتە ئاراوە کە دیاردە و رووداوەکان بگێڕێتەوە، تۆماریان بکات، ئاراستەیان بکات، و داب و نەریت و خووخدەکان، یاساورێسا عیبادەتکارییەکان، و بەها ئاینی و ئەخلاقییەکان ریشاژۆبکات و بیانچەسپێنێ و بیانپارێزێ. بەگوێرەی ئەم تیۆرییە، ئەفسانە گێڕانەوەیەکی زندووی رووداوە کۆنەکانە کە لەپێناوی پاراوکردن و رازیکردنی خواستە قوڵە مەزەبییەکان، ئارمانج و مەبەستە ئەخلاقیەکان، تەبایی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پێداویستییە واقعییەکانی بەشەر دەگێڕدرێتەوە. ئەفسانە کارایی یاساو رێسا مەزەبییەکان زامن دەکات، زۆر پەندی بە کەڵکی تێدایە بۆ رێنوێنی کردنی بەشەر.

## ئەفسانانی کلاسیك

**ئەفسانانی خولقان:**

**پەیدا بوونی ئاسمان و زەوی.**

ئەو ئەفسانانەی کە باسی خوڵقانی ئاسمان و زەوی و توخم رەگەز و پێکهاتەکانیان دەکەن زۆر ئالۆز و جیاوازن لەیەکتری:

أ- ئۆقیانوس دەوری هەموو دەریاکان و وشکایی دەگرێ (هومەر)

ب- شەو و تاریکی هەموو شوێنێ دەگرێت و روناکی لەوەوە پەیدا دەبێ.

ج- لە زەمانەوە، هیولای بێ شێوە پەیدا دەبێ، لەم هیولایەوە، شەو، غوبار، و ئەتیر سەر هەڵدەدەن، زەمان دەبێتە مایەی ئەوەی کە گەردو غوبار بە دەوری ئەتیردا بگەڕێ تا سەرەنجام شێوەیەکی هێلکەیی پەیدا دەکات، و دەبێ بە دوو لەتەوە، واتە ئاسمانو زەوی، ئەڤین لە ناوجەرگەی ئەم ئاوێتە هێلکەییەوە پەیدا دەبێ.

د- هیولای بێ شەکڵو شێوە لە بۆشاییو قەوارەو تاریکی پێکهاتووە، کە گایا (زەوی دایك)، ئەڤین، و شەو لەوەوە پەیدا دەبن، لە گایاشەوە ئوارنۆس (ئاسمان)و پاشان زەوی دێتە ئاراوە.

**پەیدابوونی خودایان:**

یەکەمین بنەماڵە: گایاو ئورانوس:

لە ئەنجامی ویساڵی گایاو ئورانوسدا سیانزە تیتان، سێ سیلکوپ، و سێ هکاتونشیر دێنە ئاراوە. تیتانەکان Titans کۆمەڵە دێوێکن نیشانەی هەندێ نێروی سروشتی و بەدەنی یان دیاردەکانن، کە دیارترینیان ئەمانەیە هوپریون Hyperion ئوکیانووسی Occanus، کرونوس Cronus، ئەتلەس Atlas، و پرومتیوس Prometheus. سیلکوپەکان Cyclope کۆمەڵە دێوێکی بنیادەخۆرن‌و یەك چاویان لە ناوەندی تەوێڵیان دا هەیەو بە هێمای هەورە تریشقە دەژمێردرێن. هکاتونشیرەکان Hecatonchire هیولای سەد دەستن‌و هیمای بوومەلەرزەن. بەمجۆرە کۆتایی بە دەسەڵاتی گایاو ئورانوس دێت: ئورانوس کە ترس لە توانای منالەکانی خۆی، واتە سیلکوپەکان‌و هکاتونشیرەکان پەیدا دەکات، لەتارتاروس"١"دا Tartarus حەپسیان دەکات. کرونوس لەسەر داوای گایا، بە داسێك ئەندامی ئورانوس دەبڕێ‌و زندانییەکان ئازاد دەکات. خوێنی ئورانوس دەرژێتە سەر زەوی‌و لەم خوێنەوە هەندێ دێو پەیدا دەبن کە پێیەکانیان ئەژدیهایە، خواوەندانی تۆڵە پەیدا دەبن کە گێسویان مارە (ئەم خواوەندانە ناویان —ئەرینوس Erinys، و ئومیندس Euminides-ە، و هەروەها هەندێ حۆریانی ئاوازخوێن پەیدا دەبن (کیژانی جەنگاوەر کە نێزە لە لەشیاندا دەڕۆێ). ئورانوس لێدەکەوێ.

دووەمین ماڵبات: کرونوس‌و را ء

لە ئەنجامی ویساڵی کرونوس‌و را ءدا هەندێ زوریەت لە دایك دەبن کە دواتر دەبن بە خواوەندانی ئولەمپی. ئەم خواوەندانە (زیوس- Zeus، پوسیدون- Poseidon، هادیس- Hades، هیرا- Hera، دمتر- Demeter، و هستیا- Hestia)یان ناوە. کۆتایی دووەمین ماڵبات بەم شێوەیە دەگێڕدرێتەوە: کە پێشبینی ئەوە دەکرێ کە کرونوس بە دەستی یەکێك لە فەرزەندەکانی خۆی لێدەخرێ، لە ترساندا پێنج منالی یەکەمی خۆی دەخوات. شەڕ لە نێوان تیتانەکان‌و منالانی کرونوس و را ءدا هەڵدەگیرسێت.

تیتانەکان دەشکێن‌و کرونوس لە پاشایەتی دەخرێ. هەموو تیتانەکان، جگە لە ئەتلەس ( کە دنیای لەسەر شانەکانی خۆی راگرتووە)، پرومتیوس، و ئوکیانوس لە تارتاروسدا حەپس دەکرێن.



سێیەمین ماڵبات: زیوس‌و هرا.

| ناوی یونانی | ناوی رومی | دەوروبەری بەرپرسیاریەتی |
| --- | --- | --- |
| زیوس، کوڕی کرونوس‌و را ء-ە | جوبیتەر | پاشای خودایان‌و ئاسمان |
| هیرا، خوشك‌و هاوسەری زیوس | ژونون | مەلیکەی خودایان، پشت‌و پەنای زەوجین |
| پوسیدون، برای زیوس | نبتون | خواوەندی دەریا |
| ئافرودیتە، کیژی زیوس‌و دیون | ڤینوس | خواوەندی ئەڤین |
| ئاریس، Ares کوڕی زیوس‌و هیرا | مارس | خواوەندی جەنگ |
| هادیس، برای زیوس | پلوتون | خواوەندی جیهانی ژێر زەوی (هادیس) |
| هسیتا، خوشکی زیوس | وستا | خواوەندی کوانگی ئاگر، و ژیانی خێزانداری |
| دمیتر خوشکی زیوس | کریس Ceres | خوای بەروبووم‌و کشتوکاڵی |
| هفائیستوس، کوڕی زیوس‌و هیرا | ڤلکان | خوای ئاگرو ئاسنگەری |
| ئاپولون، کوڕی زیوسو لیتو- Leto | ئاپۆلۆن | خوای خۆر، شیعر، مۆسیقا، پزیشکیی |
| هرمس، کوڕی زیوس‌و مایا- Maia | میرکوری | تەتەری خوایان، خوای دزی، بازرگانی |
| دیونوسوس، کوڕی زیوس‌و سملە Semele | باکوس | خوای فەرو شەڕان |
| پرسفونە، کیژی زیوس‌و دمیتر | پروسرپینا | خواوەندی جیهانی ژێرین، هاوسەری هادیس |
| ئارتیمیس، کیژی زیوس‌و لیتو | دیانا | خواوەندی مانگ‌و شکار، پارێزەری داوێن پاکی |
| ئاتینە، کیژی زیوس کە لە تەوێڵی ئەوەوە پەیدا دەبێ | منیرڤا، پالاس | خواوەندی حیکمەت، شەڕ، چنین، رستن‌و هونەرەکانی ناوماڵ |

خواوەندانی ئۆڵەمپی وەکو ئادەمیزاد وان، زۆر بە توانا و کەم ئەخلاق و بگرە بێ ئەخلاقن، هەموو سۆزە بەشەرییەکانی وەکو حەسوودی، ئارەزووی سێکسی، و کینەکێشیان تێدایە. خواردن و خواردنەوەی خواوەندان هەنگوین و گیاو سەوزەی بەهەشتییە. شوێنیان کێوی ئولەمپە"٢" Olympes، کە شوێنێکی تەواو یوتوبیاییە، بەڵام کێوی ئولەمپ لە تسالی"٣" Tessaly، تەنیا بە رەمزێکی ئەو بارەگایە دەژمێردرێ.

پەیدابوونی ئادەمیزاد:

زۆر ریوایەتی جیاواز لە مەڕ پەیدا بوونی ئادەمیزاد هەیە:

أ- ئادەمیزاد لە گایا (زەوی دایك) دەبێ، و رەنگە هاوتەمەن و هاو ساڵی خواوەندانی ئۆلەمپ بێ.

ب- پرومیتوس، ئادەمیزاد لە ئاوو گڵ دەخولقێنێ، و ئەوو ئیپی میتوس-ی Epimetheus برای هێزوتوانای جۆراو جۆری پێ دەبەخشن (بە ئادەمیزاد).

کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەفسانە بەناوبانگە کلاسیکەکان ئاتالانتە"٤" Atalanta:

ملیاگر Meleager، بەرازەکەی شاری کالیدون"٥" دەکوژێت و پاشان باسی ئەو زەرەرو زیانانە بۆ مامەکانی دەکات کە بەرازی نێوبراو لە ئاتالانتەی داوە. ملیاگر، مامەکانی لەناو دەبات، بەڵام بە خۆیشی دەمرێت، چونکە ئالتیا Altheaی دایکی، ئەو بسۆتەی (سەرەبزووت) کە ژیانی ملیاگر-ی پێوە بەندە، دەخاتە ئاگرەوە. ئاتالانتە، پاشان پێشبڕکێی غاردانێ لەگەڵ هیپومینسدا Hippomenes دەکات و دەدۆڕێ و زەماوەندی لەگەڵدا دەکات.

ئادونیس، Adonis:

لاوێکی بەژن و باڵا رێك و پێکە کە ئافرودێتە حەزی لێدەکات بەڵام ئادونیس ئەڤینی وی رەتدەکاتەوە. لە ئەنجامدا، ئادونیس لە راوی بەرازە کێوییەکدا دەکوژرێ. ئافرۆدێتە گوڵاڵە سورە لە خوێنەکەی ئەو دەروێنێ.

ئیخۆ Echo:

یەکێکە لە حۆریانی دەنگبێژ کە بە هۆی زۆر وێژییەوە بەوە مەحکوم دەبێ کە هەرگیز لێو لەبەر یەکدی هەڵنەیەنێ،



تەنیا بۆ وەڵامدانەوە نەبێ. ئیخۆ ئاشقی نارکیسوس Narcissus دەبێ، بەڵام نارکیسوس خۆی لێ دەدزێتەوە، ئیخۆ لە سوێی ئەشقدا بە جۆرێ دەتوێتەوە کە جگە لە دەنگێك هیچی تری لێنامێنێتەوە. نارکیسوس-ش کە وێنەی خۆی لە سەرچاوەیەکدا دەبینێ، ئاشقی جوانی خۆی دەبێ، و بە دەم سوێی ئەشقەوە دەمرێت. گوڵی نێرگز لەسەر گۆڕەکەی دەڕوێ.

ئیراخنە، Erachne:

کیژێکی جوانە کە لە واری تەشی رێسیدا دەکەوێتە رکابەری ئاتنە، و ئاتنە غەزەبی لێدەگرێ و دەیکات بە جاڵجاڵۆکە.

ئاکتایون- Actaeon:

بابایەکی راوچییە کە ئارتەمیس بە رووتی لە ئاودا دەبینێ، ئارتەمیس غەزەبی لێدەگرێ و دەیکات بە کێوی و تاژییەکانی ئاکتایون-ش لەت و پەتی دەکەن و ورگو ریخۆڵەی هەڵدەدڕن.

ئورفیوس Orpheus:

فەرزەندی ئاپولون و کالیوپەیە"٦" Calliokpe، شاعیرو چەنگژەنێکی جادووگەرە. ئورفیوس لەگەڵ ئوروودیکەدا، کە لە پەری و حۆریانە، زەماوەند دەکات. مارێك بە ئوروودیکەوە دەدات و دەمرێت. پلوتون، لەسەر داواو تکای ئورفیوس، رێگەی دەدا کە ئوروودیکە بۆ سەر زەوی بگەڕێنێتەوە —بەو مەرجەی کە ئورفیوس تا دەگاتە سەر زەوی ئاوڕی پشتەوە نەداو سەیری ئوروودیکە نەکات. لە رێگەدا تاسەو کەڵکەڵە بەسەر ئورفیوسدا زاڵ دەبێ و ئاوڕی پشتەوە دەداتەوەو دەم و دەست ئوروودیکە بۆ جیهانی ژێرین دەگەڕێتەوە. دوای ماوەیەك ئورفیوس-ش بۆ هەمیشە دەچێتە پاڵ وی.

ئیۆ- Io:

ئیۆ، کیژێکە کە زیوس حەزی لێدەکات، و دەیکات بە نوێنگینێك تاوەکو لە پشەو غەزەبی هیرا بە دوور بێ، لێ خەرەنگێزێك تێی دەئاڵێ و بەردەوام ئازاری دەدات. سەرەنجام زیوس، پشت گوێی دەخات، و ئیۆ دیسان شێوەی مرۆڤ پەیدا دەکاتەوە.

پاندورا- pandora:

(خواوەندان پاندۆرا بە باوڵێکەوە بۆ ئیپی متیوس بە دیاری دەنێرن).

پاندۆرا هوشیار دەکرێتەوە کە سەری باوڵەکە نەکاتەوە، بەڵام پاندۆرا لە رووی فوزوڵیەتی ژنانەوە باوڵەکە دەکاتەوەو هەر هەموو ئەم بەڵایانەی کە تا ئێستا یەخانگیری مرۆڤ بووە، لەو باوڵەوە دێنە دەرێ. (تاقە ئومێدێك کە بۆ سوکنایی بەشەر مابێتەوە لە بنی باوڵەکەدا دایە).

پرومتیوس- Prometheus:

یەکێکە لەو تیتانانەی کە ئاگری لە رۆژ دزیو بۆ بەشەری هێنایە سەر زەوی. زیوس، سزای دەداتو لە کێوی قەوقازدا کۆتو زنجیری دەکات. داڵاشێکیش بەردەبێتە گیانی پرومتیوسو ئەندامەکانی بەدەنی دەخوات (و شەوانە ئەندامەکان دەڕوێنەوە). پرومتیوس ئاگای لەم سڕەیە کە هەرکول-ی کوڕی زیوس، بە تەمایە بابی خۆی لە دەسەڵات بخات، بەڵام ئەم نهێنییە دەپارێزێ. لە ئەنجامدا هەرکول، پرومتیوس ئازاد دەکاتو داڵاشەکە دەکوژێت.

تانتالوس- Tantalus:

پاشای لیدیایە، رازو نهێنی خوداوەندان ئاشکرا دەکات. گەنجەفە بە توانای رەهایان دەکات، و گۆشتی ئادەمیزادیان، واتە گۆشتی کوڕەکەی خۆی، دەرخوارد دەدات، زیوس بەوە حوکمی دەدا کە تینوو و برسی لە تار تاروسدا بژی، بە جۆرێ کە هەموو بەدەنی تا گەردنی لە ئاوا غەرق بێ بەڵام نەتوانێ ئاو بخواتەوە، بەسەر سەرییەوە میوە بە لقو پۆپی درەختانەوە شۆڕ بوونەتەوە بەڵام نەتوانێ بیانکاتەوە.

تسیوس- Theseus:

پاڵەوانێکی ئەتینییە. بە کۆمەکی ئاریادنە"٧"- Ariadne، مینوتاور"٨"- Minotaur، (گا بنیادەم) لە ملەکانی کریتدا دەکوژێ، پاشان تسیوس، ئاردیانە بەجێدێڵێ. تسیوس کەمتەرخەمی دەکاتو مژدەو هەواڵی سەرکەوتنی خۆی لە شەڕی پڕ خەتەری مینوتارو، بە بابی نادات. بابیشی خۆی دەکوژێت. تسیوس-ش دەبێ بە پاشای ئاتین.

دافنی Daphne:

یەکێکە لە حۆریو پەرییەکان کە ئاپولون حەزی لێدەکات، لێ دافنی خۆی لێ دەدزێتەوە. دافنی بۆ ئەوەی لە تاقیبو سۆراخی ئاپۆلون بە دوور بێ، دەبێ بە دار



سەروویەك (غار) کە ئاپۆلون بەداری خۆیی هەڵدەبژێرێ.

سورینکس- Syrnix:

کیژێکە کە پان"٩" Pan ئاشقی دەبێ، و ئەویش بۆ ئەوەی لە تاقیبو تاقیبکاری پان بە دوور بێ دەبێ بە قامیش. لەوە بە دواوە قامیش بۆ دروستکردنی نایو شمشاڵ بەکار دەهێنرێ.

فیلوملا- Philomela:

دۆتشایەکی (کیژە شا) ئاتینییە. تریوس Tereusی مێردی پروکنی Procne خوشکی، تەفرەی دەداتو دەستدرێژی دەکاتە سەر. فیلوملا بە هاودەستی پروکنی خوشکی، ئیتولوسی Itylosی کوڕی تریوسو پروکنی دەکوژێتو دەرخواردی تریوس-ی دەدا. فیلوملا و پروکنی هەڵدێنو تریوس دەکەوێتە تاقیبیان خواوەندان-ش فیلوملا دەکەن بە بولبولو پروکنی بە پەڕەسێلکە، و تریوس دەکەن بە باز.

میداس- Midas:

شای ئەفسانەیی لیدیایە کە پێداویستییەکانی میوانداری و پەزێرایی سیلنوس-ی Silenus هاونشینی دیونوسوس فەراهەم دەکات. دیونوسوس-ش لە بری ئەوە بەهرەیەکی دەداتێ کە دەست بەرهەرچییەکەوە بدات ببێ بە زێڕ.

لە ئەنجامدا خواردنەوەو خواردنی میداس-ش دەبێ بە زێڕ. ئیدی ناچار داوا دەکات کە لەم بەهرەیە رزگار بێو داواکەی پەسند دەکرێ. پاشان میداس دەڵێ نەواو دەنگی شمشاڵەکەی پان لە نەواو ئاوازی چەنگەکەی ئاپولون خۆشترە، و لە سزای ئەمەدا گوێی گوێدرێژی لێدەڕوێت.

نیوبە- Niobe:

کیژی تانتالوس-ە، و دایکی چواردە منداڵە، نیوبە زۆر بە خۆی و بە ژمارەی مناڵەکانیەوە دەفشێو پرکێشی ئەوە دەکات کە خۆی بەسەر لیتۆدا Leto، کە دایکی دوو منداڵە، واتە —ئارتیمیسو ئاپولون- با بدات و خۆی لەو بە گەورەتر بزانێ. لە سزای ئەم پرکێشییەدا هەموو مناڵەکانی نیوبە بە خواستی خواوەندان دەکوژرێن. نیوبە سەری خۆی هەڵدەگرێو دەکەوێتە کێوانو لە خەمباریدا هێندە بە کوڵۆ بە دڵ دەگری دەبێ بە تاوێر. کانییەکی روونو

هەمیشە رەوان لەم تاوێرەوە هەڵدەقوڵێ کە بە رەمزو هێمای فرمێسکەکانی نیوبە دا دەنرێ.

هرکولس (هراکلس) – Hercules, Heracles:

کوڕی زیوس و ئالکمیون-ە، هرکول رق‌و بەغیلی هیرا هەڵدەستێنێ، و هیرا دەیخاتە ژێر فەرمانی ئوریستیوس Eurystheusەوە، ئوریستیوس، دوانزە ئەرك‌و ماموریەتی سەخت‌و دژوار بەسەر هرکولدا دەدات:

١- کوشتنی شێری نیمە"١٠" Nemea.

٢-کوشتنی ئەژدیهای نۆسەر Hyera"١١".

٣-راوکردنی بەرازی ئارکادیا Arcadea"١٢"

٤- راوکردنی مامزی سرینی Cerynea"١٣"

٥-کوشتنی مەلانی دەریاچەی ستومفالیس"١٤"- Stymphalian.

٦-پاککردنەوەو ماڵینی تەویلەکانی ئاوگیاس Augeas"١٥".

٧-راوکردنی گای کریت- Cretan buil"١٦".

٨-راوکردنی ماینەکانی دیومد Diomedes"١٧"

٩-هێنانی پشتێنەکەی هیپولیتە"١٨"- Hippolyta.

١٠-راوکردنی گایەکانی گریون"١٩"- Geryon.

١١-دزینی سێوە زێڕینەکانی هسپریدەکان Hesperides.

١٢-هێنانی کربروس – Cerberus"٢١".

هیاکینتوس- Hyacinthus:

لاوێکی جوانە کە ئاپۆلون ئاشقی دەبێ. رۆژێك ئاپۆلۆن ئەڵقەیەکی ئاسنین تورِ دەدات کە بەرێکەوت بەسەر هیاکیتوس دەکەوێ‌و دەیکوژێ، کە خوێنەکەی دەرژێتە سەر زەوی، گوڵی سنبلی لێ دەروێ.

یاسۆن- Jason:

قارەمانێکی یونانییە کە بە یارمەتیی‌و کۆمەکی ژنێکی جادووباز بە نێوی میدیا Medea، دەتوانێ خوری"٢٢" زێڕین Golden fleece بە دەست بێنێ، و کە بە مەرامی خۆی دەگات ئەوسا میدیا بە جێدێڵێ.



ئەفسانانی نورس (جەرمەنی)

ئەفسانانی خوڵقان:

پەیدا بوونی ئاسمان‌و زەوی

بە گوێرەی ئیداکان Eddas"٢٣"، بەر لەوەی کە ئاسمان یا زەوی دروست بن‌و بخوڵقێن، تەنیا یەك بیری بێ پایانی قوڵ، گینونگاگاپ- Ginungagap،... دنیایەکی تاریك‌و غوباراوی (نیفلهیم Niflheim)و دنیایەکی ئاگرین (موسپلهیم – Muspelheim) هەبووە. لە قوڵایی‌و جەرگەی نیفلهیم-ەوە، سەرچاوەیەك (ڤێرگلمیر- Vergelmir) هەڵدەقوڵێ، کە دوانزە روباری لێ دەبێتەوە. ئەم رووبارانە دەرژێنە ناو گینونگاگاپەوە، دەبن بە سەهۆڵ‌و بیرەکە پڕ دەکەنەوە. بای گەرمی موسپلهیم سەهۆڵەکان دەتوێنێتەوە، و تەم‌و مژێکی یەجگار زۆر بەرپا دەبێ، ئەم تەمومژە ئیمیر Ymirی دێوە بەفرینەو ئەدهومیلا Audhumblaی مانگای لێ دەکەوێتەوە کە خواردنی سەهۆڵی سوێرە. رۆژێك کاتێ کە ئەدهومبلا سەهۆڵەکان دەلێسێتەوە، بوری Bori دەردەکەوێ، بوری خواوەندێکە کە پاشان ژنێکی دێو نەژاد دەخوازێ و کوڕێکیان دەبێ بەناوی بور Bor، بور بابی ئودن Odin، ڤیلی Viliو ڤە Veیە، ئەم خواوەندە لاوانە ئیمیر دەکوژن. زەوی لە جەستەی ئەو دروست دەکەن، لە خوێنەکەی ئۆقیانوسان، لە ئێسکەکانی کێوان، لە مووەکانی درەختان، لە کاسەی سەری ئاسمانان، و لە مێشکی هەوران، و لە برۆکانیشی دیوارێك بە دەوری دەڤەری نێوان موسپلهیم‌و نیفلهیم دروست دەکەن، ئەم دەڤەرە شوراداره میدگارد Midgard، واتە پانتایی زەوییە، کە شوێنی ئایندەی ئادەمیزادە.

یگدراسیل – ygdrasil:

درەختێکی گەورەی زەمانە چۆلەکەیە کە لە جەستەی ئیمیر-ەوە دەڕوێت و بەکۆڵەکەی جیهان دادەنرێ. ریشەیەکی ئەم درەختە بە میدگاردا رۆ دەچێ، رەگێکی دیکەی دەچێتە سەر بوتونهیم _ jotunheim ( مەڵبەندی دێوان)، و رەگی سێیەمی لە نیفلهیم-ەوە دەچێت بەو هیل helی ئارامگەی مردووان.

رێك لە ترۆپکی یگدراسیلدا، ئەسگارد Asgard واتە بارەگای خواوەندان هەیە. ئەم دەڤەرە بەسەر دوو ناوچەدا دابەش دەبێت: گلادسهیم Glad sheim

(بارەگای یەزدانان)و ڤینگولف Vingolf (بارەگای ئیزەد خانمانە).

کۆشکانی ئاسمانی خودایان، تەنیا لە رێگەی بیفروست Bifrostەوە واتە لە رێگەی پردی پەلکە رەنگینەوە دەگاتە سەر زەوی. ئەم کۆشكو بارەگایانە هەر هەموویان لە زیوو زێڕ دروست کراون، و ڤالهالا Volhallaی کۆشکی ئودن لە هەر هەموویان جوانترە.

پەیدا بوونی خودایان:

مێژووی ئەفسانانی نورس لە باسی بنچینەو رەنگو رەگەماو ماڵباتی خودایاندا، نە تێرو تەسەلی و نە راشکاوی ئەفسانانی کلاسیك-یان نییە. خواوەندە سەرەکییەکانی نورس ئەمانەن:

ئودن- Odin(وودن Woden، ئەلفادور- Alfadun):

کوڕی بورو دێوەمێچکەیەکە، شای خواوەندانە.

فریگا- Frigga (فریکا Fricka):

هاوسەری ئودنو مەلیکەی خواوەندانە.

تور- Thor:

کوڕی ئودون، بە هێزترین خوداوەندە. گورزێکی ئەفسوناوی هەیە کە پاش هەڵدانی بۆ سەر دژمن دووبارە دەگەڕێتەوە، هەروەها کەمەربەندێکی هەیە کە هێزو توانای دوو چەنانە دەکات، هەروەها جووتێك دەستکێشی ئاسنینی هەیە کە کارایی گورزەکەی زیاد دەکات.

ڤیدار- Vidar:

کوڕی ئودونە، بە هێزترین خواوەندە لە دوای تور.

براگی- Bragi:

کوڕی ئودونە، خوای شیعرو شاعیرییە.

ئیدونا- Iduna:

هاوسەری براگییە، پاسەوانی ئەو سێوانەیە کە خواردنیان مایەی گەنجێتی هەمیشەیی خواوەندانە.

بالدر- Balder:

کوڕی ئودنە، خواوەندی روناکی، بەهارانو شادییە.

هودر- Hodur:

هاوسەری ئودنە، خوای نابینای زستانە.

فریر- Feryr (فری- Frey):



خواوەندی بارانو فەڕو بەرەکەت

فرییا- Freyia (فریا- Freya):

خوشکی فریرە، ئیزە[ خانمی ئەڤینە، دۆستداری موسیقا، گوڵان، بەهارانو حۆریو پەرییانە.

تیر- Tyr (زیو- Ziu):

خواوەندی شەڕە.

هیمدال- Heimdall:

پاسەوانی خواوەندانە، پارێزەری سنوورەکانی سگاردە بۆ رێگەگرتن لە هێرشی ناگەهانیو کوتوپڕی دێوان.

ڤالگیرەکان- Valkyries:

کیژانی ئودنن، چەکدار، جەنگاوەر، پاکیزەو ئەسپ سوارن،

ئەوانە بەردەوام بە مەیدانەکانی شەڕدا دەگەڕێن تا دلێرترین کوژراوان بۆ ڤالهالا ببەنەوە. ئەم قارەمانە کوژراوانە هەموو شەوێك لە گوشتی سریمنیر – Serimnir (ئەو بەرازەی کە هەموو بەیانییەك لێدەنرێ، بەڵام شەوێ زندوو دەبێتەوەو وەکو خۆی لێدێتەوە). دەخۆن، قارەمانان بە رۆژەوە دەجەنگنو یەکدی بریندار دەکەن، بەڵام شەوێ برینەکانیان ساڕێژ دەبێتەوە.

پەیدا بوونی ئادەمیزاد:

ئودن، ڤیلیو ڤیە، بەماوەیەکی کەم پاش دروستبوونی جیهان، پیاوێك لە درەختی زمانە چۆلەکە دروست دەکەنو ناوی دەنەن ئەسك- Ask. ئەوجا ژنێك لە داری نارەوەن دروست دەکن ناوی دەنەن ئیمبلا- Embla ئودن ژیانو گیان بەم بوونەوەرە تازانە دەبەخشێت، ڤیلی، ئەقڵو جوڵەیان پێدەبەخشێتو، ڤیە بەهرەی هەستەکانو توانای قسەکردنیان دەداتێ. میدگاردش دەبێ بە مەیدانی ژیانیان. ئەم ژنو مێردە بە سەرچاوەو بنەچەکی نەژادی بەشەر دەژمێردرێن.

ئەفسانانی بەناوبانگی دیکە.

لوکی- Loki و منالەکانی:

بە گوێرەی ئەفسانانی نورس، لوکی لە نەژادی ئەهریمەنەو سەرچاوەی شەڕو تاوانکارییە، ئەمە سێ فەرزەنی هەیە. یەکەمیان فنریس- Fenrisە، ئەمە گورگێکە کە لە ئەنجامدا خواوەندان بە زنجیرەی گلیپنر"٢٤" دەبیەستنەوە. دووەمیان میدگارد سرپنت Midgard Serpentـە (حەزیا)یە کە ئودن توڕی دەداتە ناو ئوقیانووسی دەوری زەوی، ئەم هیولایە هێندە زلو زەبەلاحە کە بە دەوری

جیهاندا ئەڵقە دەبەستێ.
سێیەمیان هیلا Helaیە (مەرگ)ە کە ئودن توری دەداتە هەل-ەوە (ئارامگەی مردووان)ـەوە.

### دیواری سگارد:

خواوەندان بەڵێنی بەخشینی خۆرو مانگو هەروەها زەوجینی فرییا بە کرێکارێك دەدەن کە دیوارێك بە دەوری سگاردا دروست بکاتو بەر لە هەوەڵی هاوین تەواوی بکات. خواوەندان کە هەستدەکەن کابرای کرێکار دەتوانێ کارەکە تەواو بکات، پەنا وەبەر لوکی دەبەن تا فێڵێکی لێبکات. لوکی-ش ماینێك دێنێتە بەرانبەر سڤادیلفاری- Svadilfariی ئەسپی کابرای کرێکار، و ئەسپەکە یاخی دەبێو کۆمەکی کابرای کرێکار ناکاتو دستبەرداری کارەکە دەبێ. ئەوجا کابرای کرێکار خۆی ئاشکرا دەکاتو دەردەکەوێ کە دێوە، و دووبارە دەچێتەوە پێستی دێو. لێ بە دەستی تور دەکوژرێ. گورزەکەی تور سەری دێوەکە پان دەکاتەوەو داغانی دەکات.

### دزینی گورزەکەی تور:

تریم-ی Thrymی پاشای دێوە بەفرینان، گورزەکەی تور دەدزێو دەیبات لە هەشت مەتری قوڵایی یوتونهیم، واتە لە بارەگای دێواندا دەیشارێتەوەو دەڵێ بە مەرجێ گورزەکە دەداتەوە کە فرییا شووی پێ بکات. تور بە ئاماژەیەکی لوکی دەچێتە پێستی فرییاوەو بۆ یوتونهیم دەڕوات، و گورزەکە بە دەست دێنێتەوەو دیسان دەگەڕێتەوە پێستی خۆی، و تریم و پەیڕەوەکانی دەکوژێت.

### چوونی تور بۆ یوتونهیم:

تور، لوکیو تیالفیی –Thialfi پێشکاری تور، بە پیادە دەچن بۆ دیتنو سەردانی بارەگای دێوان. لە ڕێگەدا تووشی سکریمیر- Skrymir دەبن، پرخە پرخی ئەم دێوە بە جۆرێ تور پەریشانو نارەحەت دەکات کە سێ جاران بە گورزەکەیەوە پەلاماری دێوەکە دەدا تا بیکوژێت، بەڵام گورزەکە کار لە دێوەکە ناکات. تور و هاوڕێکانی دەگەنە یوتگارد Utgardی مەڵبەندی دێوان. یوتگارد- لوگی شای دێوان، تورو هاوڕێکانی ناچار دەکات کە بێتە مەیدانی چەند شەڕێکی تەن بە تەنەوە. لوکی لە پێشبڕکێیەکی خواردندا لە بەرانبەر لوگی دێودا دەبەزێ، و تیالفی-ش لە پێشبڕکێی غاردانێدا لەبەردەم هوگی- Hugiی دێودا دەبەزێ. تور-ش هەوڵدەدات کە ئامانێکی پڕ لە خواردنەوە بە سێ قوم بخواتەوە، بەڵام ئەم کارەی پێناکرێ، پاشان دەیەوێ گورپەیەك لەسەر زەوی بەرز بکاتەوە، بەڵام تەنیا یەك پێی گورپەکەی پێ بەرز



دەکرێتەوە. لە ئەنجامدا تور لە پێشبڕکێیەکی زۆرەبانیدا بە پیرەژنێك بە نێوی (ئیلی- Elli) دەدۆڕێ.
ئەوسا یوتگار- لوگی خۆی ئاشکرا دەکات، تومەز سکریمیرەو خۆی لێگۆڕیونو لە راستیدا گورزەکە بەر قەدپاڵی کێوەکە کەوتووە نەك بەر سەری ئەو، پێشبڕکێیەکانیش کۆمەڵە فەندو فێڵێك بوونو بەس. لوگی ئاگر بووە، هوگی بیرو ئەندێشە، ئامانەکەش دەریا بووە. گورپەکە میدگارسرپنت، و ئیلی-ش ڕۆژگار بووە. تور کە لەم فەندو فێڵانە تورە دەبێ، لێدەبڕێ گورزەکە بسرەوێنێتە لوکی، بەڵام پاشاو پەیڕەوانی پاشاو شارەکە هەموو لەبەرچاو ون دەبن.

### شمشێرەکەی فریر:

فریر خاوەنی شمشێرێکی جادووییە کە لە مەیدانی شەڕدا ڕۆژی روناك لە دژمن دەکا بەشەوو خەرمانی جەستەی کوژراوان هەڵدەداتەوە. ڕۆژێك فریر کە لەسەر تەختەکەی ئودن دادەنیشێت لە دووری دوورەوە و لە یوتونهیمدا، گیردا- Gerda کە کیژێکی جوانە دەبینێ، گیرۆدەی ئەشقی ئەو دەبێو ئۆقرەی لەبەر دەبڕێ، فریر بەڵێن بە پەیکەرەکەی خۆی، واتە سکرنیر- Skirnir دەدات کە ئەگەر بەو کیژەی بگەیەنێ شمشێرە جادووییەکەی دەداتێ، پەیکەکە ئەو کارە ئەنجام دەداو شمشێرەکە بەدەست دێنێ.

### مەرگی بالد- Baldur:

بالدر لە نێو خواوەنداندا بڵاوی دەکاتەوە کە خەونی ترسناکی دیتووەو بەو زووانە کۆمەڵێك نسیبەت و بەڵای بەسەرا دێت، فریگا وەعدو بەڵێن لە هەموو بوونەوەرانی دنیا وەردەگرێ کە چ ئاسیوێك بەبالدر نەگەیەنن –تەنیا مویزك هیچ قەولێکی نەدا. ئەوسا خودایان هەرچییەکیان بەر دەست دەکەوێ دەیسرەوێننە بالدرو دەکەونە کایەو گەمان، و بالدر-ش هیچ ئازارێکی ناگاتێ. هودر کە نابینایە لەم گەمەیەی خوایاندا بەشداری ناکاتو قاییل دەبێ کە لوکی لە جیاتی ئەو مویزەکەکەی بهاوێ. لوکی سەری بالدر دەکا بە نیشانە. مویزەکەکە بەر نیشانەکە دەکەوێو بالدر دەمرێ، هیرمود- Hermod کە لە هەموو خواوەندەکان گورج و گۆڵترە، بە سواری ئەسپەکەی ئودن، واتە بە سواری سلیپ نیر- Sleip nir بۆ هەل دەڕوا تا داوا لە هیلابکات کە ڕێگە بدات بالدر بۆ سگارد بگەڕێتەوە. خواوەندی مەرگ داواکە قەبوڵ دەکات- بەو مەرجەی کە هەموو بوونەوەرانی دنیا بۆ بالدر بکەو نەشینو گرین. هیرمود واریقاتی سەفەرەکەی خۆی بۆ خواوەندان دەگێڕێتەوە، هەر هەموو گیانداارانو بێ گیانان شینو گرین بۆ بالدر قەبوڵ دەکەن تەنێ توك- Thokی پیرەژنی

سیحرباز نەبێ (کە لە بنچینەدا لوکییەو خۆی گۆڕیوە).. بالدر لە هلدا دەمێنێتەوە، جەنازەکەی بالدر بە کەشتییەکەی ئەو، واتە بە هرینگهام- Heringham دەبەن و ئاگری تێ بەردەدەن.

خواوەندان لوکی سزا دەدەنو کۆتو زنجیری دەکەنو مارێکی بەر دەدەنە گیان کە تا ئەبەد هەر بەسەروچاوەیەوە بدات. سیگونای- Siguna هاوسەری لوکی، بەردەوام ژەهری مارەکەی لێدەگریو دەیکاتە فینجانێکەوە، بەڵام کە فینجانەکە خاڵی دەکاتەوە، ژەهرەکە دەچێتەوە سەروچاوی لوکییەوە، لوکی-ش لە تاو ئازارو ژان بە جۆرێ دەتلێتەوە کە زەوی دێنێتە لەرزە.

## راگناروك (ئاوابوونی خودایان):

خەڵکی نورس-ی کۆن باوەڕیان وابوو کە ئاقیبەت رۆژێك دێت کە هەموو دنیا نابوت دەبێو نامێنێ، پاش شەش زستانی تووش، زەوی دەکەوێتە لەرزە، دەریا وشك دەکات، ئاسمان دەبێ بە دوو لەتەوە، زۆربەی هەرە زۆری بنیادەمان دەمرن. لوکیو فنریس کۆتو زنجیرەکانیان دەپچڕێنن، و لەگەڵ میدگاردسرپنت، دێوە بەفرینان، و دانیشتوانی هیلو موسپلهیم، بەسەر پردی بیفروستدا ((پەلکە رەنگینە)) دەپەڕنەوە بۆ مەیدانی شەڕی ڤیگرید- Vigridو لەگەڵ خودایاندا دەست بە دوا شەڕو جەنگی یەکجارەکی دەکەن. فنریس، ئودن دەکوژێتو بە خۆشی بە دەستی ڤیدار- Vidar دەکوژرێ.

تورو میدگاردسرپنت یەکتر دەکوژن، و لوکیو هیمدال-ش یەکدی لە ناو دەبەن. سرتور- Surtur، فریر-ی پێشەوای دانیشتوانی موسپلهیم دەکوژێتو ئەوجا سەرانسەری جیهان لە بڵێسەی ئاگردا غەرق دەکات. خۆر تاریك دەبێ، زەوی غەرقی دەریا دەبێ، ستێران رادەخوشنو دەکەونو زەمەن و کات دەوەستێت. ئەوسا بە فەرمانی ئیلفادرۆ (خوای باڵا دەستی ئودن) ئاسمانو زەوییەکی تازە لە دەریاوە پەیدا دەبن، و سەردەمی شادی و نیعمەت، بەدەر لە هەژاریو گوناه دێت، بینادەمانو خودایان بە خۆشیو شادی دەژین.

ژێدەران:

١-تارتاروس- Tartarus: بە گوێرەی ئەفسانانی یونانی بیرێکی زۆر قوڵو تاریکە لە ژێر هادیسدا.

٢-ئولەمپ- Olympus:
زنجیرە چیایەکە لە باکووری یونان کە لوتکەکەی بەرزترین شوێنە لە یوناندا.

٣-تسالی- Thessaly:
ناوچەیەکە لە بەشی باکووری یۆناندا

٤- ئاتالانتە- Atalanta:
مەرجی شووکردنی ئاتالانتە ئەوە دەبێ کە خوازبێنی کەرەکەی لە پێشبڕکێی غاردانێدا براوە بێ. هیپومنس سێ سێوی زێڕین لەسەر رێگەی پێشبڕکێیەکە دادەنێ، ئاتالانتە بەهۆی سەرقاڵی بە هەڵگرتنەوەی سێوەکانەوە دوا دەکەوێ و پێشبڕکێیەکە دەدۆڕێنێ.

٥- کالیدون- Calydon:
شارێکە لە باشووری یونان، کە خەڵکی شار لە رێوڕەسمی



قوربانیدا درێغی دەکەن، ئارتیمس بەرازێك رادەسپێرێ بۆ وێرانکردنی شارەکە.

٦-کالیوپە- Calliope:
بە گوێرەی ئەفسانانی یونانی، خواوەندی شیعری حەماسیە.

٧-ئاریادنە- Ariadne:
شازادە خانمێکی کریتییە، کیژی مینوسو پاسیفائییە.

٨-مینوتاور- Minotaur:
هیولایەکی سەیرە کە بە بەدەن ئادەمیو بەسەر گایە.

٩- پان- Pan:
بە گوێرەی ئەفسانانی یونانی خواوەندی شوانکارانو راوچییانە.

١٠- نیمە- Nemea:
شارێکە لە یونانی کۆندا کە هیرا شێرێکی پۆڵایین بۆ وێرانکردنی دەنێرێ.

١١-ئەژدیهای نۆ سەر- Hydra:
ئەژدیهایەکی سەیرە کە نۆ سەری هەیە، و ئەگەر سەرێکی ببڕی، دوو سەری دیکەی لە شوێن دەڕوێتەوە.

١٢-ئارکادیا- Arcadea:
ناوچەیەکە لە یۆنانی کۆندا، کە بەرازێکی ترسناك لە کەنار رووبارەکەیدا دەژیا.

١٣-مامزی سرینی- Cerynea:
ئەم مامزە (ئاسکی مێچکە) لە زۆزانەکانی سرینیدا دەژیاو وەقفی ئارتیمیس بوو، بۆیە کوشتنی ئەو مامزە بەکوفر دەژمێردرا.

١٤-ستومفالیس- Stymphalian:
دەریاچەیەکە لە ئارکادیا کە لە بێشەکانی دەوروبەریا مەلانی بنیادەمخۆر دەژیان.

١٥-ئاوگیاس- Augeas:
پاشایەك بوو کە ٣ هەزار جوانەگای هەبوو و تەویلەو گەوڕەکانی بۆ ماوەی سێ ساڵان پاك نەکرابوونەوە.

١٦-گای کریت- Cretan Bull:
گایەکی سەیرە کە رۆژێ لە دەریاوە دێتە دەرێو مینوس بەڵێن دەدات کە لە رای پوسیدوندا بیکات بە قوربانی، پاشان ژێوان دەبێتەوەو گایەکە دەنێرێ بۆ ناو گاگەلەکەی خۆی. پوسیدون تۆلە دەکاتەوەو گایەکە دەکا بە گایەکی سەرکێشو تووڕە.

١٧-دیومد- Diomedes:
یەکێکە لە شاهانی تراکیە، کە ئەسپەکانی خۆیان لە گۆشتی بنیادەم ئالیك دەدا.

١٨-هیپولیتە- Hippolyta:
مەلیکەی دەڤەری ئامازۆنییەکان بووە، ئارس کەمەربەندێکی ئەفسوناوی دەداتێ تا نیشانەی تواناو دەسەڵاتی وی بێ بەسەر خەڵکی وڵاتەکەیدا.

١٩-گریون- Geryon:
یەکێکە لە دێوە سێ سەرەکانو خودان چەندین گەلە گاگەلەکە جگە لە گاوان سەگێکی گەورەش پاسەوانیان دەکات.

٢٠-هسپریدەکان- Hesperides:
سێ خواوەندی شەون کە بە کۆمەکی ئەژدیهایانی سەد سەر، پاسەوانی باخی سێوی زێڕینی هیرا، لە بناری کێوی ئەتڵەسدا دەکەن.

٢١-کربروس- Cerberus: سەگێکی سێ سەری کلك ئەژدیهایە، کە پاسەوانی دەروازەی هادیس دەکات.

٢٢-خوری زێڕین- Golden fleece
خورییەکی سیحرئاسای بەرانێکە کە لەبەر دەستی ئایتس-ی شای کولخیسدایەو ئەژدیهایەك نیگابانی دەکرد.

٢٣-ئیداکان- Eddas:
کۆمەڵە سەرچاوەیەکی ئەفسانانی ئەسکەندیناڤیو ئیسلەندین بۆ سەدەی سیازدەیەم دەگەڕێنەوە.

٢٤-گلیپنر- Gleipner:
زنجیرێکە لە دەنگی پێی گوربە، کاکڵەی بەرد، هەناسەی ماسی، هەستیاری ورچ، و تفی مەلان دروستکراوە.

سەرچاوە:

**تاریخ ادبیات جهان (جلد اول) بوکنر، ب- تراویك/ عربعلی رچائی/ و یراستار: سعید حمیدیان**
**چاپ اول: ١٣٧٣، تیراژ: ٣٠٠٠ نسخە.**

# نامۆی نامۆستان

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

نامۆ هەرکە چاوی هەڵهێنا ، باوکی تووڕەی پەنجەی وشەی ڕقی بە چاوی شینی داگیرکەردا دەکرد ، قژی زەردی خوشکەکەی بە دەستی ئارەزووی تینی کوڕو کاڵی گەڕەکەوە دەیناڵاند ، تانە شینەکەی سەر دیدەی باوکی ببووە دڕکەزێیەکی هەمیشەیی و هەردەم لە ناخیدا بە جەرگ و دڵیدا دەچەقی و خوێنی هەناسەساردی لێ دادەچۆڕی.

لەناو بۆن و بەرامەی وشەو جیهانی وێنەو ڕستەی مرواری و کێش و سەروای ڕەنگاڕەنگدا پەروەردە بوو، هەست و نەستی ورووژێنراوی بە خامەی نیشتمانپەروەری و کوردپەروەری دەردەبڕی و، وشەو ڕستە ڕازێنراوەکانی بەرپەڕی هەموو پەڕە سپییەکانیان دەتەنییەوەو، پەپوولەی ڕەنگاورەنگی وێنە نایابەکانی ، بە باخچەو گوڵزاری هەموو ئاسکۆڵەو نزاری لالەزارە ڕەنگینەکاندا دەفڕین و،دڵ و دەروونی وشەپەروەرەکانیان ئەوەندەی دی خۆش و شاگەشکە دەکرد.

زۆر جار لە ئامانجی هیواو مەبەستی خەونە پەمەییەکانی دەداو، زۆر جاری دیکەیش، بە پێچەوانەوە، وشەو ڕستەکانی شەرمەزار دەکردو، دەهۆڵی نیشتمانپەروەری دەدڕی و، بە خامەی ڕق هێرشی نارەوای دەکردە سەر کەڵەپیاوە نیشتمان و خاکپەروەرەکان و، شەرمەزاری لە جاڕو کێڵگەکانی نەبەردیدا دەچاند.

لە کۆڕی وشەپەروەرو خاکپەروەرەکاندا سینەی لووتبەرزی بەرزتر دەکردەوەو، لافی پێشەوایەتی داهێنان و ئەفراندنی وێنە پەمەییەکانی هەست وورووژێنەری لێدەداو، لەگەڵ کاتی هۆش سڕکردندا، گیان و بوونەوەری خۆی ژ بیر دەکردو، بۆ لای پەری مانگ دەفڕی و، وشەو ڕستەبارانی دەکرد ، بێ ئەوەی پەری مانگ ئاوڕێکی لێبداتەوە، بە هەناسە ساردی دەگەڕایەوەو، لە ئامێزی خەونێکی تاڵدا سەری ماندوویەتی دەنایەوەو، دەستی لە گەردنی پەژارە دەکرد.

خەون بە جیهانی فریشتەوە خولیای شەوو ڕۆژی پڕ لە دەردیسەری و، ئاواتە بە پرزۆڵ بووەکانی بوو، خۆی بە دۆستی ڕاستەقینەی خاکپەروەران دەزانی و، بە وشەی فریودەرو وێنەی هەڵخەڵەتێنەر، بزەی ساختەی بەسەردا دابەش دەکردن و، سەروای نوێو، ڕیتمی نوێی دەکردە چەپکە گوڵی ڕەفتارو کردە هەمیشەییەکانی ئەو ڕۆژگارە سەخت و دژوارەی ئاسۆی خەباتی پێدا تێدەپەڕی.

تیشکی هەتاوی بیری خاکپەروەری پاڵی بە دڵسۆزو خاکپەروەرانەوە نا خۆیان لە ڕیزی ئەو دەستە دڵسۆزو نەبەردانەدا بدۆزنەوە، چرای ڕووناکی ڕۆژی دادێیان لە جەنگەڵە تاریکەکاندا هەڵدەکردو، سروودی پڕ ئاوازی ژیانیان لە بەردەم مایکرۆفۆنەکانی دڵپاکیدا دەگوتەوەو، وشەی ڕەسەنی بەرگرییان لە ناخی کۆرپە ساواکانی چیا سەرکەشەکانی نیشتماندا دەچاند.

بە نابەدڵییەکی ڕەشەوە، تووڵەمارانە، لە ناو جەنگەڵی درۆو دووڕوویی و گەندەڵییەوە، خۆی خزاندە کۆڕی پیاوە دەست

و مستەکۆڵە پۆلاینەکانی هەتاو. ئەو رۆژەی پەڵە هەورە رەشەکە ئاسمانی شاری داپۆشی و، رێی بە هیچ تیشکە کۆرپەیەکی هەتاو نەدا سووچ و قوژبنێکی ماڵە هەژارێك رووناك بکاتەوەو کوڵلەی زەردی رق گوڵە ئاڵەکانی باخچەی گەشی ئومێدیان هەڵپرووکاند، غەم و پەژارەی بێ شومار ئاسمانی گوندە دوورو شارەکانی دڵیان تەنییەوە، ئەو دزەی کردە ریزی گیان لەسەردەستەکانی هەناسەو، خۆی لە نێو رەشماڵێکی دووری تخووبی ئاشووبدا دۆزییەوە.

چەندین جۆگەڵەی خوێن کەوتنە رێ‌و، چەندین گیانی نەبەرد، بوونە پەپوولەو بە ئاسمانی ولاتدا سروودی ئازادییان چڕیو ، بەرەو لالەزاری نەمری فڕین و، چەندین منداڵی ساوا بێ دایك و باوکی رۆژ بوون و، چەندین باوك و دایکیش بێ ساوای ئومێد بوون و، چەندین لووتکەو نهاڵ و، چیاو گەلی و تاڤگەو بنارو نسارو کوێستان، فرمێسکی خوێن و نائومێدییان رشت و، بۆ کۆرپەی ئەو گیانە نەبەزانە گریان، لە شەوە تاریکەکانی چاوبەستن و، رێ لێگرتن و جنێو باران و، گوللەرێژکردندا، زیندە بەچاڵ کران و، ناوو گۆڕەکانیان بێ شوێن و ناونیشان مانەوە.

له ناو رەشماڵەکەوە، نائومێدو هەناسەسوار سەری شەرمەزاری دەهێنایە دەرەوەو، سیماو سەرو پۆتەڵاك و ،رەفتاری رۆژانەی جێی گاڵتەو گەپی کوڕوکاڵ و کیژە چاو شینەکانی چیا سەرکەشەکان بوو. ئەو بارەی لەلا بارێکی گران بوو، ئەو لە سێبەری ئەو چیا سەرکەشانەدا رانەهاتبوو، دەستی لە گەردنی بۆن و بەرامەی گوڵە کێویلەکانی لووتکە بەرزەکانی دایکی نیشتمان نەکردبوو، گوێی لە قاسپەی کەوی رێبازی درێژخایەن و، ئاوازی شمشاڵی نەبەزین نەگرتبوو، لەو شەوەدا کە گەردەلوولە رەشەکە هەڵیکردو ،پیاوە چوارشانەکان روو بە رووی مەرگ بوونەوەو، رووباری چارەنووس دیار نەبوو، دزەی کردە ئەو دیوی تاوێرە خەڵتێنەرەکانەوە، چەندین دەستی رەش و، چەندین مەچەکی ناپاکانی ماچ کردو، بەسەر لەشی چەندین چیای دووگیان و رووباری تووڕەو ، هەڵەتی رکن و، شاری رەشپۆش و ، گوندی رووخێنراوو، گۆماوی خنکاوو، کانی گریاودا تێپەڕی. لە چەندین شۆستەی شارە بیانییەکاندا بێ پاروە نان و برسی و تینوو، لە بەردەم لۆقنتەو قاوەخانەو ئوتێلە سیخناخەکاندا، تا بەیانی هەڵ لەرزی و دانەچۆقەی هاتێو دەستی لە دۆزەخ پان کردەوە،

روو زەردانە پێی بە جەرگی برسێتی و تینوویەتیدا ناو، بە یارمەتی چەندین دەستی رەش و سپی و سوور، لە تخووبی نامۆستاندا گیرسایەوە. رستەیەك درۆو ملوانکەیەك بوختانی هەڵبەست و ، داوای ناسنامەیەکی ساختەو، پەساپۆرتێکی ساختەو، ناوێکی ساختەو، ناونیشانێکی ساختەی کرد، نەفرەتی لە ناوی رەسەن و ناسنامەی باب و، ناونیشانی نیشتمانپەروەری کردو، رەگەزی خۆی تووڕدایە دەریای بیرچوونەوەوەو، وردە وردە هەنگاوی بۆ باوەشی پەریی شەوانی نامۆستان نا، پەرییەکان برسی و تینووی لەو جۆرەیان نەدیبوو، لێویان لێ وەردەچەرخاند. ئەویش خەونەکانی دەبوونە خوری و، بیری لە خوشکەکانی نەدەکردەوە، لە نامۆستانێکی دیکەی ئەپەڕی ئەتلەنتی ، شەوانە لەوپەڕی شەقامە سەرەکییەکانەوە لە ئۆتۆمبیلە دوا مۆدیلەکان دادەبەزێنران و، دوو سێ گەلایان لە دەست دەنراو ،پالی نەفرەتیان پێوە دەنراو، بۆ رۆژی دواتر لە کەبارێو هۆڵە سیخناخەکاندا بە دوای نێچیری نوێدا دەگەڕان.

نامۆ لە نامۆستاندا ، لە ئامێزی پەرداخە پەی دەر پەیەکاندا بزر بوو ، ئاسمانی شین و ، هەتاوی گەش و ، لووتکەی سەرکەش و، رووباری بەلەزو ، دۆڵ و شیوی پڕلە گوڵ و گوڵزارو، هاوین و زستان و پاییزو بەهاری دایکی هەش بە سەری نیشتمانی ژ بیر کرد، ئەو پیاوە نەبەردانەی لە بیر کرد کە بە گژی رق و مەرگدا دەچوون و، بە تیشکی ورە هەنگاوی توندو تۆڵیان بەرەو لووتکەی مەبەست دەهاویشت، چەندین غەم و پەژارە روویان تێ کرد نە هاودەم و نە هاوڕێ و نە کەس روویان تێنەکردو، بە روویدا هەڵشاخین و، پەژیوان و هەناسەبڕاویان کرد.

بۆ خۆدەرباز کردن لە بەندیخانەی پەژارە، نامۆ باوەشی بە تاوێری هۆشدا دەکردو بە وشەو وێنە بابەتی دروستکراوو هەڵبەستراو غەمەکانی دەڕەواندەوە، کەس بڕوایان بە

وشه بریقەدارو هەڵبەستراوەکانی نەدەهێناو، ئاگەیان لە نەهامەتی و دۆڕاوی و نوشوستی و سەرکێشییە بیٚ سەرو بەرەکانی بوو. هاوڕێیەك لێی گردنەدەبووەوە، نامۆیەك رووی پیٚنەدەدا، شارییەك لێی نزیك نەدەبووەوەو ئافرەتێکی نێو شەقام تونی نەدەکەوت، تەنیا لە نێو تەنیاییدا دەتوایەوەو تەنیایی ببووە تەوقێك و لە گەردنی ئالاٚبوو.

لەم هەناسە ساردییەدا، وەرزی بەهاری نیشتمان راپەڕی ، هەورە ڕەشەکانی شارو گوندو، چیای بازووە نەبەردەکان رەوینەوە، جۆگەڵەی ئازادی کەوتە ریٚ، گولاٚڵەی ئاوات بە تیشکی هەتاوی سەربەستی گەشانەوە ، سەرخۆشانە شاگەشکە بوو ، پلانێکی رەشی لە نێو ناخی بۆگەنیدا دارِشتبوو ، چەندین پەری مانگ ئاوا بوون و، کۆرپەی هەتاو گەورەو گەورەتر بوو ، بەستەڵەکی دووری بڕی و ، خۆی بە ناوجەرکەی دەنگی گەلدا کێش کردو ، یەکێك لە کورسییەکانی زەوت کردو ، هەناسەیەکی پشووی بەبەردا هاتەوەو ، دەستی بە راپەڕاندنی ئەو پلانە رەشە کرد ، کە لەمێژبوو خۆی بۆ مەلاٚس دابوو ، راست و چەپ ، ئازارو ئێشی دەچزاندە دڵ و دەروونی بەستەزمانان و بیٚدەستەلاٚت و بیٚغەل و غەشەکانی شاری دکتاتۆرو سیخوڕ بەزێنەکان و، گوڵ و گوڵزاری ئاوات و هیٚڤی گەلێکی لیٚداپاچی.

وەرزی زیزبوون هاتە پێشەوە، خەرمانی یەکدەنگی سووتێنراو، رەشماڵی ئاوات تێکدراوو پەڵەهەوری ناکۆکی قوڕگی شاری تەنییەوە، نامۆ لە زێدی لەدایاکبوونیدا گیرسایەوەو ، هەرچی وێنەو وشەو خامەو بیری هەبوون ، لە بەرژەوەندی کورسیدا خستنیە گەڕ، نامۆ بوو بە دەنگۆی قوڕگ گیراوی دەربار .

تیشکی هەتاوی یەکپارچەیی شاری گرتەوەو، ئەوانەی رووناکی بیرو چاویان کزببوو، دەریان نەبرد، بارگەو بنەیان لیٚ پێچایەوەو، باوك ئاگەی لە کۆرپەی نەما ، دایك ساواو وردیلەکانی بەجیٚ هێشت ، بەرەو تخووبی نامۆستان جڵەوی کاروانیان گرتەبەر ، لاشەی کۆرپەو کوڕو کاڵ لەسەر رێگەو بان و بنار چیاو گردۆڵکەکاندا بوونە خۆراکی قەل و داڵی نەهامەتی.



حەشاماتێکی بیٚشومار لە تخووی ئاوارەییدا گیرسانەوە ، باو بۆران و بەفرو کڕێوەی نەگبەتی هەڵیێکردو ، زۆری لیٚرامالێن و ، تخووبیان لەبەردەمدا داخرا. نامۆ هیچ رێگەیەکی قوتاربوونی لەبەردەمدا نەمایەوە پەساپۆرتە ساختەکەی دەرهێناو ، لە دەرگەوانی تخووب پاڕایەوە رێگەی بدات لەو دۆزەخە دەرباز ببێت:

- من نیشتمانیستانی نیم .. من نامۆستانیم .. بگرە ئەوە پەساپۆرت و ئەوە ڤیزەو ئەوەش ناسنامەی نامۆستان!

دەرگەوان بە بزەیەکی سەیرەوە ئاوڕی لیٚدایەوەو، لای سەیر بوو چۆن نیشتمانستانییەك پشت لە نیشتمانستان و خاك و زێدی نەتەوەی خۆی دەکات، پشتی تیٚکردو دڕکە ئاسنینەکەی لە بەردەمدا چەقاند. نامۆیش بوو بە دڵۆپێکی شەرم و لە دەریای شەرمەزاریدا ڕۆچوو!!!

هەولێر ٢٠٠٤

# چاو



ن: عبدالرحمن مجید الربیعی
و: سەباح ئیسماعیل

باڵەکانی شەکەت بوون. بەر لەوەی ببنە هی ئەو، وەکو گافیشکەی لووتی دەهات و پشیلە ئاسا تێی دەقووچاند، لە ساتێکدا هەزار درۆی دەهۆنییەوە و راستی تێکەڵ بە گاڵتە دەکرد، تا ئەو جووتە باڵەی بەچنگ هێنا، وەلێ ئێستا کێشەکە لەوەدا دەبینێتەوە کە هەرزانن.

لە کاتێکدا ئۆتومبێلەکە ئەسپ ئاسا لۆقەی دەکرد، بە شوفێرەکەی گوت:

- بڕوا بکە ئێستا من هیچ خۆشییەکم پێیاندا نایەتەوە، خۆ ئەگەر پارچەیەک نەبونایا لە جەستەم ئەوا دەمێك بوو لە بێخەوە هەڵم کێشابوون.

ئۆتومبێلەکە لەسەر رۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو، شوفێرەکە گوتی:

- ئەو کاتە بێ باڵ دەبووی وەکو...
- خۆ شتێکم هەبوو لە پێناویدا کار بکەم.



- ئەو کات وەکو تۆپەڵە قوڕێك دەتمبینی.
- ئەی ئێستا؟
- ڕاستی دڵگرانت دەکا؟
- هەندێ جار.
- وەکو کلاوکوڕەیەك دێیتە بەرچاو، لە ترسی لێزمە باران خۆی مەلاس دابێت.
- وەسفێکی دڵڕفێنە، ئەرێ تۆ کاتی خۆی شاعیر بووی؟
- من هەر بەخۆم شاعیرم، ئەمڕۆ و دوێنێش.
- ئەی شوفێریی؟
- ئەوە شتێکی ترە، بەڵێ شیعر دەڵێم، بەڵام بۆ ئەمە کاتی خۆم هەیە، کاتی خۆی دڵدار بووم سێ دیوانە شیعرم گوت.
- درۆزن، ئەی کوا دیوانەکانت؟
- پێم گوتی شیعرم گوت نەك نووسیم، خۆشەویستی نەما و چامەکانیش تۆ خۆش، ئێستا شیعر بەلای منەوە شتێك نییە، ڕۆڵی دڵ پێوەبوون بەسەرچوو.. ڕابردوو جەنجاڵ بوو.. ڕۆژێك ڕانەبورد من بە هەموو خوێنمەوە موبتەلای خۆشەویستی نەبووبم، تەنانەت پێڵاوەکانیشم ئەویندار بوون!

دای بەسەر شانیا و گوتی:

- ئێستا لەم عانەیا حەز بەچی دەکەی؟
- بوتڵێك عەرەقی تیژ، ئیتر بەشەو زوقوم نەدەما.
- حەز بە زوقوم دەکەی.
- هەموو شتەکان وا دێنە بەرچاوم کە لە زوقوم بن.
- دەرەنجامێکی ژیرانەیە، ئێمە بوونەوەری زستانەین.
- سبەینێش کە گەرما هات ئەوا نامبینیتەوە، دەتوێمەوە تا لەدوای خۆم گۆلاوێك جێ بهێڵم، هەندەی پێ نەچێ لە پاش باوێشکی گرەبایەك وشك بكات.

چاوی هەڵگڵۆفت، پاشان دەریهانی و بۆ شوفێرەکەی درێژ کرد:

- گەیشتمە جێ، بگرە ئەوە کرێکەت

شوفێرەکە چاوەکەی لێ وەرگرت و کەوتە ئەمدیو و ئەودیوکردنی، پاشان تووڕی هەڵدا:

- ئەمە چییە؟
- لە بری کرێ چاوی خۆم پێ دای.
- چی لێ بکەم؟

لەم کاتەدا چاوەکە وەکو زراوی سەگ غلۆر بووەوە و کەوتە چڵکاوەکەوە، کابرا کەوتە هاوار کردن:

- چاوم چاوم.

خەڵکەکە لەم لوورە گورگ ئاسایە گردبوونەوە، پۆلیسێکی ڕەشتاڵە لێی پرسی:

- ئەوە چیتە؟

کابرا گوتی:

- لە بری کرێ چاوم داپێی کەچی تووڕی هەڵدا، نازانم کەوتە کوێوە! داخۆ چاوم هەند کەم نرخە تا ئەو ڕادەیەی کرێی ئۆتۆمبێلە

شرەیەك نەكات، ئەوەندە بردمی، كە دەتوانم بە ماوەی دە خولەك ئەو ماوەیە بە چنگۆلان ببڕم! خەڵكینە گوێ بگرن، دەبێ چاوم ئەوەندە كەم نرخ بێ؟ لەو گەدا كوێرەی سەر شۆستەكە بپرسن، كە بەهای چاو لای ئەو چەندە.. لێی بپرسن.. ئەرێ تۆ كابرا.. گوێ بگرە.. نرخ و بەهای چاو بەلای تۆوە چەندە؟
گەداكە وەڵامی داوە:
- لەم دنیایەدا شێت زۆر بوون، بۆیە هیچ ناكات.

ئەوی نیگای بەرووی سواڵكەرەكەیا چەقاندبوو، هەر لەو كاتەدا ڕسكانی كلكێكی درێژی لە سواڵكەرەكەیا دەبینی. پاشان جلەكانی یەك یەك كەوتن، ئەوەی بەردەوام چاودێری ڕووداوەكەی دەكرد، بە هەموو وردەكارییەكانی ئەم بەدگۆڕانە سەرسوڕهێنەرە ئاشنا دەبوو. بەڵام ئەوانی لەم بەزمە بێ ئاگا بوون، چەقەڵێك دەبینن، هەڵتروشكاو، جامێكی لە بەردەمدا، دراوێكی بێ نرخ لەو دراوە بێ نرخانەی دانیشتووانی شارەكە مامەڵەی پێوە دەكەن تێدایە. منداڵەكان تێیان قوچاند، كەچی گەورەكان بڕوایان نەدەكرد كە چەقەڵەكەیان بەرچاو كەوت، چونكە ئەوە باش دەزانن لەوەرگاكەی دەوروبەری شار لە مێژە چەقەڵ ڕووی تێناكەن، پاش ئەوەی كە پێیەكان وەكو مێروولە هەموو ئەو دەوروبەرەیان كوتی بۆوە، ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمان بوو شێوازی هاتنە ناو شاری چەقەڵەكە بوو، ئەگەر چەقەڵی دی مابن.. چۆن توانی ئەو هەموو شەقامە قەرەباڵغ و ماڵانە ببڕێت و خۆ لەو هەموو چاوانە بەدوور بگرێت، تا بگاتە ئێرە و وەكو شای لەسەر تەخت لابراو لەسەر شۆستەی شەقامەكە دابنیشێ؟
گوێ درێژێك بە بەردەم چەقەڵەكەدا تێپەڕی، چركەی نەكرد، گومانیان لە ساغی چاوەكانی كرد، پاشان بۆیان دەركەوت كوت و كوێرە، ئەوەتا بە ناڵە ناڵ وەكو زامدارێكی هێرۆشیمایی كەوتە سكە خشكێ، ئەنجا بۆنی بە زەوییەكەوە كرد تا گەیشتە چاوە فڕێدراوەكەی كابرا، ئەوانی لەوێ بوون بەتاسووقەوە چاودێرییان دەكرد، لەو كاتەدا بە چرنووكە درێژەكانی چاوێكی خۆی دەرهانی، تووڕی هەڵدا و چاوی كابرای خستە جێ. هەندەی نەبرد قروسكاندنی:
- من زیندووم، ئەوەتا دەبینم، ئیتر كوێر نیم!
بەسەر شان و ملیاندابازی داو لەچاو ون بوو.
هەندێكیان لە ژیانیاندا شتی سەیری و سەمەری وایان نەبینیبوو، بەقەد ئەوەی كە بینییان چەقەڵێك بەم شێوە زمانەی مرۆڤ قسان دەكات.
كابرای پۆلیس لە پەوڕوو كەوت و بوورایەوە، گەر پرۆشەی بارانەكە نەبوایە،



كە وەكو ئومێدێك پاش دوو خوولەك لە ڕووداوەكە باری، كەسێك نەیدەزانی تا كەنگێ لەسەر شەقامەكە بەبێ هۆشی دەمایەوە.
وەلێ كابرای چاو بزر بوو هەندە هاواری كرد و قیژاندی، شەكەت بوو و دەنگی بڕا. ئەوەی دیقەتی جێی چاوە هەڵكۆڵراوەكەی بدات، بۆشاییەكی قێزەون دەبینێت.
ڕێبوارێكی پەسیوگرتووی نائاگا لەو ڕووداوە بەوێدا ڕابورد، كاغەزێكی كلینیكسی لە دەستا بوو، بۆشایی شوێن چاوە دەرهێنراوەكەی پێ پڕكردەوە و لەبەر خۆیەوە دەیگوت:
- خوا ڕوو لە كەس نانێت، مەگەر بە ئەندازەی هێز و توانای ئەو كەسە خۆی*.
پاش ئەوەی پۆلیسەكە بەئاگا هاتەوە، شوفێر و كابرای بەرەو پۆلیسگا وەپێش خۆدان، دەستی هەردووكیانی لە یەك كەلەپچە دابوو، كابرا هەر لەوێ داواكارییەكی نووسی تێیدا خوازیاری سزادانی شوفێرەكە بوو، چونكە بەوە ڕازی نەبووبوو لە بری كرێ چاوی وەرگرێت.
هەندەی پێنەچوو ئەو پارێزەرە لاوە خۆی كرد بەژوورا، كە عەودالی ناوبانگ و شكۆ بوو تەنیا لە پێناو ڕازی كردنی دڵی ئەو ئافرەتەی ئەم دڵبەندی بوو بوو بێ ئەوەی ئەو مێشیش میوانی بێت.
پاشان بەرگری لە شوفێرەكەی گرتە ئەستۆ، سەرەنجام بڕیارەكە بەسەر چەقەڵدا شكایەوە، بەتێر شەلاق كردنی تا شەش خولەكی تەواو. خەڵكەكە سۆراغیان دەكرد و نەیاندۆزییەوە، قازی خەڵاتی شانەیەكی بۆ ئەو كەسە دانا كە بیدۆزێتەوە.
ئیدی مەسەلەكە بۆخۆی بووە باوو مۆدەی گشتی، هەندێ وتیان سەرڕووتاوەترین كەسی شارەكەیان بینیوە، لەو كێڵگانەی دەوروبەر وێڵی دووی چەقەڵ بووە.
پاش ئەو ڕووداوە دۆستایەتییەكی توند و تۆڵ لە نێوان پارێزەر و شوفێرەكەدا دروست بوو، كە بە كەوتنە ڕووبارەوەی ئۆتومبێلەكە لە كاتێكدا هەردووكیان لە پێشەوە بەتەنیشت یەكەوە دانیشتبوون دوایی هات.
كابرا بەچاوە كوێرەكەی چەقەڵەكە قایل بوو و بۆشایی جێی چاوەكەی پێ پڕ كردەوە، چونكە پارچە كلینیكسەكە هەر پاش خولەك و نیوێك لە دانانی پیس بوو.


* * *

* واتە (ولا يكلف الله نفسا الا وسعها)

ژێدەر: عبدالرحمن مجيد الربيعي-السيف والسفينه (قصص قصيره)-الطبعة الرابعة- دار نقوش عربيه- تونس ١٩٩٦ ص ٩١-٩٥.

تێکستی شانۆیی

# ..چی.. لە کوێ



ن: سامۆیل بیکت

و: لە عەرەبییەوە:کاردۆ

کارەکتەرەکان:

بام(bam)

بم(bm)

بیم(bim)

بۆم(bom)

س(دەنگ)

سەکۆی شانۆ پێکهاتووە لە لاکێشەیەکی ٣م × ٢م، تاریکە، پەڵەیەك ڕووناکیی کز، بەشیکی زۆری دەکەوێتە لای چەپی شانۆوە، ڕووناکییەکی دیکەی کز لە ڕاستی شانۆ، کە شوێنی (س)ە.

(س ڕووناکییەکە پێدەکات)

س:ئێمە تائیستا تەنهاپێنج کەسین،

وەك بڵێی هەر خۆمانبین

وەرزی بەهارە،


سەرەتا بێدەنگییە

من ڕووناکییەکە پێدەکەم

(شوێنەکە ڕووناکدەبێتەوە،بام لە ژمارە (٣)یە سەری بەرز کردووەتەوە، بۆم لە ژمارە(١)ە سەری داگرتووە، بێدەنگی)

س: ئاوها باش نییە، ڕووناکییەکە






دەکوژێنمەوە

(شوێنەکە تاریك دەبێت)

سەر لە نوێ دەستپێدەکەمەوە

ئێمە تائێستا تەنها پێنچ کەسین

وەرزی بەهارە

کات بەسەر دەچێت

سەرەتا بێدەنگییە

من ڕووناکییەکە پێدەکەم

شوێنەکە ڕووناکدەبێت، بام لە ژمارە(٣)یە سەری بەرز کردووەتەوە ،بێدەنگی

س: ئاوها باشترە

من تەنهام

وەرز بەهارە

کات بەسەر دەچێت

سەرەتا بێدەنگییە.

تاکو (بۆم) دەرکەوت

جارێکی تر_ بۆم_ دەرەکەوێت لە(N)ەوە دەچێتە لای ژمارە(١)کە سەری داگرتووە

بێدەنگی

بیم لە (O)وە دەچێتە ژمارە(٢)کە سەری بەرزکردووەتەوە

بێدەنگی

بیم لە (O)وە دەچێتە دەرەوە، بۆم دوای دەکەوێت

بێدەنگی

بیم لە (O)وە دێتە ژوورەوە، لە ژمارە(٢)رادوەستێ، سەری داگرتووە

بێدەنگی

بم لە (N)ەوە دێتە ژوورەوە لە ژمارە(١)رادوەستێ،سەری بەرز کردووەتەوە

بێدەنگی

بم لە (N)وە دەچێتەدەروە، بیم دوای دەکەوێت

بم لە(N)ەوە دێتە ژوورەوە، لە ژمارە (١)رادەوەستێ، سەری داگرتووە

بێدەنگی

بام له (W)وه دەچێته دەرەوه، بم دواى
دەكەوێت
بام له(W)وه دێته ژوورەوه، له ژماره
(٣)رادەوەستێ سەرى داگرتووه
بێدەنگى
س: ئاوها باشه
رووناكييەكە دەكوژێنمەوه
(تاريكى باڵ دەكێشێت)
جارێكى تر دەستپێدەكەمەوه
ئێمه تا ئێستا پێنج كەسين
وەرزى بەهاره
كات بەسەر دەچێت
ئەمجارەيان ديسان رووناكييەكە پێدەكەم
شوێنەكە رووناك دەبێت
بام بە تەنها لە ژماره (٣)يه سەرى بەرز
كردووەتەوە
بێدەنگى
س:ئاوها باشه
من تەنهام
وەرز بەهاره
بۆم له(N) وه دێته ژوورەوه له ژماره
(١)رادەوەستێ سەرى بەرزكردووەتەوە
بام:ئەى دواتر..؟
بۆم: (سەرى داگرتووه) هيچ
بام: هيچى نەوت..؟
بۆم:هەرگيز
بام: باشت لێدا؟
بۆم: بەڵێ

بام: هيچيشى نەوت؟
بۆم: هەرگيز
بام: گريا؟
بۆم: بەڵێ
بام: هاوارى كرد؟
بۆم: بەڵێ
بام: داواى بەزەيى كرد؟
بۆم: بەڵێ
بام: بەڵام هەرگيز هيچى نەوت؟
بۆم: هەرگيز
س: ئاوها باش نييه
جارێكى تر سەر لەنوێ دەست پێدەكەمەوه
بام: ئەى دواتر..؟
بۆم: (سەرى داگرتووه) هيچ
بام: هيچى نەوت..؟
بوم:هەرگيز
بام: باشت لێدا؟
بوم: بەڵێ
بام: هيچيشى نەوت؟
بۆم : هەرگيز
بام: گريا؟
بۆم: بەڵێ
بام: هاوارى كرد؟
بۆم: بەڵێ
بام: داواى بەزەيى كرد؟
بۆم: بەڵێ
بام: بەڵام هەرگيز هيچى.. ؟
بۆم: هەرگيز



بام : بۆ دەستت لێهەڵگرت؟
بۆم: چونكە لە هۆش خۆى چوو
بام: جا بۆ هەوڵى بێداركردنەوەى دەدەيت؟
بوم: هەوڵمدا
بام: ئەى دواتر؟
بۆم: سەرى نەگرت نەمتوانى
بام: تۆ درۆ دەكەى.. پشوو.. پێيووتى پشوو
دانى پێدا بنێ كه داواى پشوى لێكردى.
لێتدەدەم تا دانى پێدا دەنێى
س: ئاوها باشه
بيم له (W)وه دێته ژوورەوه له
ژماره(٢)رادەوەستێ سەرى بەرزكردووەتەوە
بام: (بۆ بيم) تۆ دەستت بەتاڵه؟
بيم: بەڵێ
بام: لەگەڵ خۆتدا بيبه و هێندەى لێده تا
دانى پێدا دەنێت
بيم: دەبێ دان بە چيدا بنێت؟
بام: بەوەى كە پێى ووت
بيم: هەر ئەوەندە؟
بام: چيتر؟
بيم: پاشان لێيگەڕێ
بام: بەڵێ
بيم: چاكە(بۆ_ بۆم)وەرە
بيم له(W)دەچێته دەرەوه ،بيم دواى
دەكەوێت
س: ئاوها باشه
من تەنهام
وەرزى هاوينه

كات بەسەر دەچێت
تا جارێكى تر بيم دەركەوتەوه
بيم له(W)وه دێته ژوورەوه له
ژماره(٢)رادەوەستێ سەرى داگرتووه
بام: ئەى دواتر؟
بيم: (سەرى داگرتووه)هيچ
بام: نەيووت...؟
بيم: نا
بام: ئەى نەيووت..؟
بيم: نا
بام: باشت لێدا؟
بيم: بەڵێ
س: ئاوها باش نييه
جارێكى تر دەستپێدەكەمەوه
بام: ئەى دواتر؟
بيم: هيچ
بام: نەيووت لە كوێ؟
س: ئاوها باشتره
بيم: كوێ؟
س: بەداخەوه
بام: كوێ؟
بيم: نا
بام: باشت لێدا
بيم: بەڵێ
بام: نەشيووت لە كوێ؟
بيم: نا
بام: گريا؟
بيم: بەڵێ

بام: هاواریکرد؟
بیم: بەڵێ
بام: داوای بەزەیی کرد؟
بیم: بەڵێ
بام: بەڵام نەیووت لە کوێ؟
بیم: نا
بام: بۆ دەستت لێهەڵگرت؟
بیم: لە هۆش خۆی چوو
بام: جا بۆ هەوڵی بیدارکردنەوەی دەدەی؟
بیم: هەوڵمدا
بام: ئیتر..؟
بیم: نەمتووانی
بێدەنگی
بام: تۆ درۆدەکەی .
بێدنگی
ئەو پێیووتی لە کوێ
بێدەنگی
دانی پێدابنێ کە پێی ووتووی لە کوێ
بێدەنگی
لێتدەدەم تا دانی پێدادەنێی
س: ئاوها باشە
بـیم لــە (N)وە دێتــە ژوورەوە لــە ژمــارە (١)رادوەستێ،سەری بەرزکردووەتەوە
بام: (بۆ_ بم) دەستت بەتاڵە؟
بم: بەڵێ
بام: لەگەڵ خۆتدا بیبە و هێندەی لێـدە تـا دانی پێدا دەنێت
بم: دەبێ دان بە چیدا بنێت؟
بم: کە پێی ووت لە کوێ
بم: هەر ئەوەندە؟
بام: بەڵێ
س: ئاوها باش نییە
جارێکی تر دەستی پێدەکەمەوە
بام: لەگەڵخۆتدا بیبە و هێنـدەی لێـدە تـا دانی پێدا دەنێت
بم: دەبێ دان بە چیدا بنێت؟
بام: کە پێی ووت لە کوێ
بم: هەر ئەوەندە؟
بام: لە کوێش
س: ئاوها باشترە
بم: هەر ئەوەندە؟
بام: بەڵێ
بم: پاشان لێیگەڕێم؟
بام: بەڵێ
بم: چاکە(بۆ بیم)وەرە
بم لــــە(N)وە دەچـــێتە دەرەوە بـــیم دوای دەکەوێت
س: ئاوها باشە
من تەنهام
وەرزی پایزە
کات بەسەردەچێت
بم دەرکەوت
بم لــە(N)وە دێتــە ژوورەوەلــە ژمــارە(١) رادوەستێ سەری داگرتووە
بام: ئەی دواتر
بم: (سەری داگرتووە)هیچ



بام: نەیووت لە کوێ؟
بم: نا
س: ئیتر ئاوها
بام: تۆ درۆ دەکەی
بێدەنگی
ئەو پێیووتی لە کوێ
بێدەنگی
دانی پێدابنێ کە پێیووتووی لەکوێ
بێدەنگی
لێتدەدەم تا دانی پێدا دەنێی
بم: دەبێ دان بەچیدابنێم؟
بام: کە پێیووتووی لە کوێ
بم: هەر ئەوەندە؟
بام: کە لە کوێش
بم: هەر ئوەندە؟
بام: بەڵێ
بم: پاشان لێمدەگەرێی
بام: بەڵێ.. وەرە
بــام لـــە(W)وە دەچـــێتەدەرەوە، بم دوای دەکەوێت
س: ئاوها باشە
من تەنهام
وەرزی زستانە
کات بەسەر دەچێت
تا خۆم دەرکەوتم
جارێکی تر دەرکەوتمەوە
بـــام لــــە(W)وە دێتــــە ژوورەوە لــــە ژمارە(٣)رادوەستێ سەری داگرتووە
ئاوها باشە
مــن ئێــستا تــەنهام وەکــو بلێــی هــەر وەك خۆمبم
وەرزی زستانە
کات بەسەر دەچێت
هەر ئەوەندە
ئەوەی لەمەتێدەگات با تێبگات
رووناکییەکە دەکوژێنمەوە
(رووناکی لای _س_ نامێنێ)
شانۆ تاریك دەبێت
بێدەنگی
تێبینی: کارەکتەرەکانی نێو شــانۆگەرییەکە هاوشــێوەی یــەکن جــل و بــەرگیان درێــژ و خۆڵەمێشیە،
*قژێکی درێژی ماشوبرنج
*س لە شێوەی بلند کە بە بڵنـدیی بـاڵای پیاوێك

ژێدەر:WWW.ADABFAN.COM
Kardo_mm@yahoo.com


# شار دەگری




سەردار جاف

ئەم کاڤارە
بەهەناسەی گوڵە بەیبونەکانەوە
ڕایی بووە
بەلەنجەی
چڵە پۆپەو لقی درەختانەوە
فرچکی گرتووە
زمانی سۆماکان لە قەدو باڵای سەروو
ئاڵاوە
ئەم دەڤەرە
ئاشقی زمانی خۆرەو سەرەتاتکێی میهر
دەکا
لەکەنار
شنەباکانی سپێدە ڕاکشاوەو ڕۆحە
هەمیشەییەکانی لە تەک بۆنی خاکا
ڕاکشاندووە
گوێم لێیە





هاوارێک لەم شارەوە دێ
ئاگام لێیە
هەناسەی خەوی سورەخونچەکا ن
بەرەو دەشت و بناری دێ
بەهاری شار
جارێکی تر ورکی گرتووە
وەنەوشەی
بەکفنە سوورەکانی ڕابردوو سپاردووە
شار
پرە لەگریان، پرە لە پەپوولە سەر
بڕاوەکان
شار
شەڵتانی خوێن بووە
قەڵەمەکانی شار، بە کێردە پیسەکان
سووتێنران
شار...



گرێکی گرتووە و لەهەناوامانا بۆتە

ڕەژوو

زۆر دەمێک بوو ویستیان ڕابردوومان

ئاوەژووکەن

بە چەقۆ ژەنگاوییەکان بەربوونە

وێژەی مێژوو

شار دیسانەوە

لەگۆگاکان جلکی ڕەش شۆڕدەکاتەوە

سەف سەف بۆکراسە ڕەشەکان

هەر خە ڵکە بۆر دەکاتەوە

شار لە هێکرا رابوو

شار جارێکی تر گوڵدەچنێ

سروشت ڕادەژەنێ


سروشت جلکە ڕەشەکان دەپۆشێ

بەهار گوڵی ڕەشی گرتووەو

لە بەرۆکی قەڵای دەدا

شار هەڵناپەڕێ و گوڵ دەوەرێنێ





بێشکە بێنازەکان دەجوڵێنێ

گوێم لە هەناسەی گوڵە نوستووەکانی

شار

گرتووە

لە خەونما گۆرانیم  بۆخەون چڕیووە

لەخەونێکی گێژەلوکەیی

تەمتومانێ میوان بوو

هەترەشم چوو ڕابووم...

هێندەم پێکرا،

دەسماڵەکەم  تەڕکەم و

چاوەکان ببرمە ئاسۆ....

# یاداشتە خۆڵەمێشییەکان



سەمیرە حوسێن جاف

من دێرێکی نەنووسراوم...
لە پەنجەکانی پەژارەوە
دڵۆپ... دڵۆپ
دەتکێمە سەر خەمەکانی بێ دەنگی
لە هەموو سەردەمێکیشدا
ئازارەکان دەمنووسنەوەو
بە لایەڕە خەماوییەکانی
ساڵنامەیەکی نووستووم دەسپێرن
بێ ئەوەی بوارێک هەبێت..
بۆ چاوخشانێک بەسەر یاداشتە
خۆڵەمێشییەکانی
ڕابردوودا
بێ ئەوەی بتوانین
ئاورێک لە دڵۆپی درەوشاوەی
ئەو ڕۆژانە بدینەوە




شیعر



کە بەسەریدا تێپەڕین و نەمان بینی!
ئێمە تازە ناتوانین
لە ڕووبارە پیرۆزەکانی ئیشقدا
خۆمان لە گوناهەکان پاک دەکەینەوە
با بەدوای وەرزێکی سەوزدا
بگەڕێین...
بۆ ژیانەوە...
با ڕێگایەکی ڕووناک بدۆزینەوە
بۆ گەڕانەوە بەرەو ئەوین!

# دەروازەیەک لە خەزان



ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

ئارامییەک خامۆشی بکاتە چرای هێور
بوونەوە
ئیتر گومان لە دڵی تاریکیدا ورد و
خاش دەبێت
تۆپەڵێک ترس لە بارانی حەسرەتی
دڵنەواییدا دەتوێتەوە
چاوەڕوانی بۆ سێبەری ئالوودە بوون
سەر هەڵدەگرێ
دونیایەک لە خرۆشان هەسارەی
خۆشنوودی دادەگیرسێنن
چرکەیەک لە بەخت خواستەکان
دەکاتە توێشووی سەفەر
گوزەر بەرکی هەوارگەکان دەگرێ
ڕێگایەک لە پاک بوونەوە سەردەکا بە
ویژدانی تەمەنا
گۆڕێک لە گرۆی خاک، دەروازەیەک
لە خەزان ئەدووڕێ
شەوێکی ئاڵ ئاوێزان لە ساردی
پڕاوپڕ لە بەفری نوێبوونەوە
گەڵاکان دەکەنە کفن و بە مەرگی







چۆلەکەیەک خاو دەبنەوە
بەرەو ژاکان..
بۆ سەهەندی ئەو لوتکانەی چمکی ئاو
دەگرن
کەنارێک لە داخزان دەکەنە چەتر
لە لێواری ژوانگەیەکدا، هەسارەی
خۆزگە
بەرەو ئاسمانی ساتە سوورەکان
هەڵدەبژێرن
تەمێک لە سەراب، گوللەیەک لە
بروسکە دەهاوێژێ
شنەی سرووەیەک، سنگی گوڵەکان
دەکاتەوە
بۆیە هەر شەوەی خۆرێک لە جەرگی
هەورا دەکوژرێ
نیگارێک لە سیمای دڵنەوازێکدا
ئەدرەوشێتەوە
بوخچەیەک ڕاز لە گرێی بووندا
دەکرێتەوە
بۆ نوغرۆ بوونی شەلالی عەشق و

رۆچوونی دڵەکان

شەوانە تاریکی لە پەنجەرەی دەروونم

دەئاڵێ

گۆرانی فەنابوون یەخەی خەواڵو بوونی

شەو بەسەر دەکاتەوە

بە کراسی هەور بەرچنەیەک لە

ئەستێرە کۆئەکەمەوە

لەو دیوی نووری پەری رازەوە

دەسکەنەی شیعر

لەباربردنی تیشکە نیگای خۆر دەکەم

مشتێک لە گڵە زەردەی بەیداخی شاخ،

لەسەحرا دەنێژم

گوڵە ئەستێرەی هەودا بوون، لە

نامۆییدا دەڕوێنم

بەقەد تەنیایی ژوورەکەم

تاریکستانی کووچە و..

بێدەنگی شارەکەم

لە شەقامی ترسدا راز کۆ دەکەمەوە

لە وردبوونی خۆم

توانەوەی تۆ و..

دارڕزانی هەست و..

شکانی سێبەری سروشتا بۆ سرەوتن





غلۆر دەبمەوە

خەوێکی تاڵ

خەونێکی قەترانی

سەرینێکی فرمێسک نۆش و..

بەرگێکی تەماوی

رایەخێکی دارڕزاو

بە دونیای بێهۆشیم دەسپێرن

چڵ بە چڵ بولبوولی بێ نەغمەی ئاودیو

بوون

لە رۆحما دەنوێ و..


دەمارەکانم لە کاسەی مێشکما بە

ئالوودەیی تۆوە دەمرن



# چەند شیعرێکی کاریکاتێری

ئەحمەد سەلام



-١-

حەز دەکەی بەرۆژ هەتا ئێوارە
هەڵڕێژە دەردی دڵی ئەم شارە
نە گوێ ئەبیستێ نە چاو ئەبینێ
نە دەستێک هەیە ببەخشێ (چارە)

-٢-

ئێوە مۆدێلی نوێتان ئەپۆشی
ئێمەیش تاڵاوی مەرگمان ئەنۆشی
بۆچ ئێوە برێ ئازارتان دیوە؟
هەر بۆ ئێمە بوو، دەرد و ناخۆشی

-٣-

مەحاڵە ئاگر دۆست بێ لەگەڵ (کا)
دوو رەگەزی جیا نابن بە برا





تۆ رێی خۆت بۆخۆت، من رێی خۆم بۆخۆم
دەنگم بەبێ تۆیش دەگاتە لای (خوا)

-٤-

لەداخی نەزان لەتاو بێ ویژدان
هەرچییەکم هەبوو، هەموویم فەوتان
ئێستاکە خۆم و قەڵەمە شرێ
ئەم شار و ئەو شار دەگەڕێم بۆ (نان)

-٥-

(جوولەکە) و (عەرەب) یەک ئەگرنەوە
(گورگ) و (مەڕ) لای یەک ئاو وەخۆنەوە!
باوەڕم نایە خەڵکی لای ئێمە...
خەمی چەند ساڵەی کورد بسڕنەوە!

# هەڵبژاردە لە شیعری دیڤید هربرت لۆرانس

و: لەتیف هەڵمەت

ئەسپی سپی

لاوەکە بەرەو ئەسپە سپییەکە
چووە پێشێ
بۆ ئەوەی زینی بکات
ئەسپەکە
بەبێ دەنگی لە گەنجەکەی
روانی
هەردووکیان بەتەواوەتی
بێدەنگن
هەردووکیان
لە جیهانێکی دیدان...

* * *

شتی سێیەم


ئاو دوو بەشە
هایدرۆجین و
ئۆکسجین
بەڵام شتێکی سێیەمیش هەیە
دەیانکات بەئاو
کەس نازانێ چییە
گەردیلە دوو وزەی تیادایە
بەڵام شتێکی سێیەم هەیە
دەیانکات





بە گەردیلە...

* * *




لە هۆڵەکەدا
بە گوێگرتنێکی تەواوەوە لەگەڵ
ئافرەتێکدا
دادەنیشی
بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بپەیڤی
بەم جۆرە گوێت لێیەتی
دەدوێ
بەدرێژایی کاتیش دەزانی کە هەموو
برگەیەک
هەموو سرووتێک... هەموو ئاوازێکی
کۆتایی
ساختەیە
لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر گفتوگۆ سوور
دەبیت و
بەتەواوەتیش گوێی بۆ شل دەکەی...
تەپوتۆزێک لە رۆژهەڵاتەوە
ئەی باران
دەی داکە
دەی بباریێ
تاوەکو قاز بتوانێ

له گۆلاوەکانتدا مەلە بکات

تاوەکو روانینە داخبۆکانم سارد و هێور

دەبێتەوە

تاوەکو هەموو یادەوەرییەکانم

دەختکێن...

براکەم لەبەر مەشخەڵانی خۆرەتاودا مرد

چەقەڵ گڵکۆی کەیی دۆزییەوە

نامەردە پەنجەکانی براکەمی کرۆژشت

نایەڵم لەسەر خواردنی بەردەوام بێ

* * *

**گۆڕانکاری**

لات وایە کە ئاسانە بگۆڕێی

ئاخ زۆر سەختە بگۆڕیت و

ببی بە یەکێکی دی

ئەم کارە ئەوە دەگەیەنێ

بە نێوانی ئاوی لەبیرچوونەوەدا

سەرەڕۆبی...

* * *

**پێکەنین**

گوێ لەو خەڵکانە بگرە


کە پێدەکەنن

بۆت دەردەکەوێ

چ فشەباز گەلێک و

چ ترسنۆکگەلێکن

* * *






**پەلکەزێڕینە**

تەنانەت پەلکە زێڕینەش لە پروشەی

باران

جەستەی هەیە

هەروەها لە گۆمەزێکە کە بە

ئەندازەکاری

گەردیلەیی درەوشاوە

دروستکراوەو بەرجەستەبووە

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانی

بەدەستت..

نەء تەنانەت بە چاویشت...

بیگری...

* * *

**گەیشتن**

لەناو شانەیەکدا –خود–ی گەشبین

بەئاسودەیی جێگیر دەبێ

دیوارەکانی ناوەوەی

بەشینێکی ئاسمانی

بۆیە دەکات و

دەرگاکە کڵۆم دەدات و


دڵی من لە ئاسمان


* * *

**بەدرەوشتی**

ئەوە بەدرەوشتییە

بە مردوێتی و بە هەتاوێکی کوژاوەوە





بژیت و

سەرقاڵی ئەوەش بی

هەتاو لەخەڵکی دیدا

بکوژێنیتەوە

*　　*　　*

ئەم شەڕەی دوایی

ئەو شەڕەی دوایی

خەبات نەبوو

تاوان بوو

هەر گروپێک و دەیویست

بە کینەوە کرووپەکەی دی

بکوژێ

*　　*　　*

ژەهر

ئەوەی کە مرۆڤی کوشت

- چونکە هەموو مرۆڤەکان کوژراون-

درۆکردن بوو

هاش و هووشی ساختە و ڤێزوەن بوو

گوایە ئێمە هەست بە شتگەلێک

دەکەین...


کە هەستی پێناکەین...

*　　*　　*

درۆ

درۆ کێشەیەکی ساختە نییە





بەڵکو هەستێکی ساختەو

دادوەرییەکی چەواشەکارە

*　　*　　*

-بەرپەچدانەوەی یەسوع-

هەرکەسێ خودی خۆی ناچار بکات

بەزۆرەملێ

کەسێکی دی خۆشبوێ

لە خودی جەستەی خۆی

بکوژێک دێنێتە کایە...

*　　*　　*

-بەرپەچدانەوەی وایتمان-

هەرکەسێک پڕ بەسۆز و بەزەییەکی

ساختەوە

میلێک ڕێگا ببڕێ

ئەوە دوای تەرمی

هەموو مرۆڤایەتی

دەکەوێ...

-تۆ-

تۆ نامناسیتەوە

کەی بوو هەردوو رانت گوشیمی


وەکو مقاشێک پارچە خەڵووزێک

بگوشیێ و

بۆ تاوێک بیگەشێنێتەوە...

سەرچاوە: ارچ السماو وقصائد اخری

# شێرزاد حەسەن:
## ڕۆمانی تازەی کوردیی بی بەختیار عەلی بوونی نییە



سازدانی: نیهاد جامی



گفتوگۆکردن لەگەڵ چیرۆکنووس شێرزاد حەسەن بابەتێکی نوێ نیە لەناو ڕۆژنامەگەری کوردیدا چونکە ئەو بەوە ناسراوە کە لە گفتوگۆکاندا زۆر ڕاشکاوانە قسە دەکات، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمە بوو لەو گفتوگۆیە قسەکردنە لە تەواویی ئەزمونی نووسینی ئەو نووسەرە چ لە بواریی چیرۆك یاخود شیعرو ڕۆمان‌و ئەو سەرنجانەی کە پێشتر لە گفتوگۆکاندا دەری بڕیبوو ئەوەش بابەتێك بوو کە چەند ساڵێکە ئاگادارم کردۆتەوە کە جۆرە گفتوگۆیەکی لەو چەشنە ڕۆژێك دێت سازی دەکەین دوای چەند ساڵێك بەسەر ئەو بیرۆکەیە دواجار لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لە دوا ڕۆژەکانی نیسانی ٢٠٠٥ لە هوتێلی ئاشتی دانیشتین بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکی نووسراو هەبێت گفتوگۆیەکمان سازکرد کە سێ سەعاتی خایاندو ئەوەی لێرەشدا دەیخوێننەوە تەواویی دەقی گفتوگۆکەیە کە لەو دانیشتنە هاتە بوون، بۆیە سەرەتا پرسیاری من لە شێرزاد پرسیار بوو لە شێوە کارەکتەرێك کە بەردەوام دەیانبینین، ئەوەش هەر لە (گوڵی ڕەش) لە ڕێگەی (حەمە)وە پێی ئاشنا دەبین دواتر بەشێوەو کارەکتەری جیاوازتر لە چیرۆکەکاندا بەردەوامی هەیە، پرسیمان ئاخۆ ئەوە پەیوەندیی بەچییەوەیە؟ ئایا پەیوەستە بەوەی کە نووسین ڕاکردنە لە واقیع یاخود پەیوەندیی بەگەڕانە بەدوای دنیایەکی تر؟ بەمانای ئەوەی نووسین بەدوای ئەو شتانە ئەگەڕێت کەلە دەستمان داون یاخود لە منداڵیدا پێی نەگەیشتووین؟

شێرزاد حەسەن/ لەڕاستیدا(نیتشە) دێرێکی ناسراوی هەیە دەڵێت"ئەگەر سەرگەرمی هونەر نەبین دەخنکێین" هەر ئەویشە دەڵێت" هەوڵدە بە خوێنت بنووسیت"من هەست ئەکەم نووسین بۆمن خوێن بەربوونێکی هەمیشەیی بێت، بەڵام خوێن بەربوونێك لەسەر کاغەز، ئەو قسەیەی تۆ قسەی پیاوێکی هونەرمەنم بیردێنێتەوە، ئەویش کەهەر نووسەر بووە دەڵێت"نووسەرەکان ئەو کەسانەن کەتۆڵەی منداڵی دەکەنەوە"

بەمانای نووسەر دەکرێت"بەپێی ئەو قسەیەی تۆ" ئەو بوونەوەرە بێت کەزۆر فەرامۆشکراوە، زۆرفت کراوە، زۆر تێ هەڵدراوە، زۆر پرسیاری کوژراوە، زۆر گومانی نێژراوە، بەقەناعەتی من نووسەر کەگەورە دەبێت دەکرێت پرسیارەکانی منداڵی بکاتەوە، ئەکرێت گومانەکانی منالی کەنەیان هێشت هەبێت یان باڵقبوون، لەدوای کاملبوونێکی تردا دەکرێت ئەو گومان وپرسیارانە بکاتەوە، بەبڕوای من ئیشی نووسین بەشی زۆری وروژاندنی پرسیاروگومانە.

لە کۆمەڵگایەکدا کەپرسیاروگومان تیایدا حەرام بێت، واهەست ئەکەم بەڵێ دەکرێت بەشێکی ئەوە بێت من هەستم زۆر زۆر فەرامۆش کراوبێت، یان بۆنمونە شکستەکانی سۆزداری من یاهی نەوەی من یانەوەی تازەش بێت، جاری وا هەیە شکستەکان وات لێدەکەن بنووسیت، شکستە وات لێدەکات شیعرێك بنووسیت، شکستە وات لێدەکات سەرگەرمی ئەدەب وهونەر بیت، بەقەناعەتی من بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆشکستی، وەشکستی ئەگەر ئێمە تێبینی بکەین ئەو شکستە لەکۆمەڵگای ئێمەدا یەکجار زۆرە چ لەسەر ئاستی تاکە کەسی یالەسەر ئاستی نەتەوە، بۆیە سەیر نیە مرۆڤ پەنابباتە بەر ئەدەب وهونەر، جۆرێك لەگوزارشت گوزارشت لەو خەم و دەردەسەریە، بەرلەوەی بزانم نووسین کارێکی قورسە، بەدزیەوە لەتەمەنی دوانزەساڵیەوە دەفتەرێکی چکۆلەم هەبوو شەڕی دایك و باوکم تیا ئەنووسیەوە،چەندجارێکی تریش وتومە، کەواتە بۆمن نووسین بەرلەوەی بزانم لە ڕووی فکریەوە بەهایەکی وا گەورەی هەیە، بەس هەستم ئەکرد شتێك ئەکەم بەدزیەوە، هەستم ئەکرد حەرامێك ئەکەم، بەس نەمئەزانی بۆ، چونکە لەکۆمەڵگای کوردی وەبەتایبەتی لەولاتە دواکەوتوەکانی وەك ئێمە، لەو خێزانانەی وەك ئێمە کەمن زۆرجار ئەڵێم لەخێزانێکی نەخوێنەوارو لە گەڕەکێکی زۆربەی نەخوێنەوار، مەسەلەی نووسینی غەیری وانەکانی مەکتەب جگە لەوەی هەرشتێکت بکردایە جۆرێك بوو لە



حەرام، بۆیە تۆمارکردنی نووسین جۆرێك بوو لەحەرام، وەجۆرێك لەگەڕان بوو بەدوای خۆدۆزینەوە، ئەوە خۆدواندن بوو من واهەست ئەکەم سەرەتای نوسینم ئەگەر ڕاستگۆبم دەگەڕێتەوە بۆ تەنهایی من، هەربۆیە کۆمەڵە چیرۆکێکم ناوی تەنیاییە، وەزۆربەی پاڵەوانەکانی فەرامۆش کراون، لەبەرئەوەی من واهەستم ئەکرد ئەو پاڵەوانانەی درووستیان ئەکەم کۆمەڵێك بەشەرن فەرامۆش کراون، واهەست ئەکەم بەشێکی زۆری بەڵێ قسەکەی تۆبێت کە تۆڵە بێت لە ڕابردوو تۆڵەبێت لەوگەورانەی فەرامۆشیان کردین (شەڕفرۆشتنێك بەجیهان) هەستکردن بەناڕێکی ناڕێکی! لەهەموو ئاستەکانی ژیان وات لێدەکات لەڕێگەی نووسینەوە باس لەو ناڕێکیە بکەیت، بۆیە تەسەوڕم وایە هەموو ئەوشتانە هۆکارن یان گوزارشتن بۆ نووسین.

**نیهاد جامی/ کارەکتەری فەرهاد لەچیرۆکی عیزرائیل بەهەمان تێگەیشتنی حەمە لەگوڵی ڕەش دێتەوە ئەوەی حەمە تەواوی ناکات لەسەر مەسەلەی باڵقبوونی تەمەن فەرهاد پێی هەڵدەستێ دواتر لەچیرۆکی تێك ئالان عاشقەکە دەستی مەعشوقەکەی دەگرێت، ئایا هەست ناکەیت هەمان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەو ژیانە دووبارە دەکەنەوە؟**

شێرزاد حەسەن/ هەست ئەکەم یەکەم دەزگا وەترسناکترین دەزگا بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ بەگشتی لەوە پێکهاتووە کەئەگەر تێبینی بکەین ئەوە دەزگای خێزانە، یەکەم جار ئەلف و بای ئەخلاقیش لەوێوە فێر ئەبێت، بەقەناعەتی من ئەگەر تێبینی بکەیت وادەکەوێتەوە کەیەك کێشەی زۆرگەورە هەیە ئەویش ئەومۆڕاڵی خێزانە پێکهاتەی سایکۆلۆژی ڕۆحی تۆ دەگەڕێتەوە سەرئەومۆڕاڵە، بۆیە من قەناعەتی تەواوم هەیە بەوقسەیەی تۆدەیکەیت کەمن لەناو یەك بازنەی خێزان کاردەکەم، یان من زۆرجار تۆمەتبار دەکرێم کەتاکەی لەسەر پەتریارکیەت دەڕۆم تاکەی باس لەباوکسالاری دەکەم، ئایائەو چیرۆکە تەواو نەبوو زۆرکەس واسەیردەکەن

کەوا من دوژمنی باوکم، یان گرێی ئۆدیبم هەیە گرێی ئۆدیبەکەشم گرێی منو باوکمە، هەموو جارێك وەڵامێکی سادەشم هەیە ئەڵێم: ئەوە کۆی سیستەمی ئەخلاقی کوردیە واتە من کە باس لەخێزانی خۆمان ئەکەم هیچ خێزانێکی کوردیی نیە کەلەخێزانی ئێمە نەچێت، من قەناعەتێکی زۆر سەیریشم هەیە خێزانی هەژارو دەوڵەمەند کۆی پێکهاتەی ئەخلاقیان هەیە، ئەگەرچی لەهەندێك بیروبۆچوونی خەڵك بەتایبەت لەڕووی فیکریەوە کەقسە ئەکەن چەپەکان بەتایبەتی تەسەوریان هەیە چینی بۆرژوا شتێکەو چینی ئۆرستۆکرات وپرۆلیتاریا وکرێکاران شتی ترن. من وا نابینم سەبارەت بەخێزانی کوردیی من هەست ئەکەم لەڕووی مۆرالیەوە لەڕووی ئەخلاقیەوە لەڕووی پەروەردە کردنەوە زۆر لەیەك ئەچن، یانی جیاوازیەکە یەکجار کەمە، یانی کەمن نمونەی خێزانێك وەردەگرم یان کەموعاناتوئازارو ئەشکەنجەی منالێك وەرئەگرم بەقەناعەتی من ئەوە تەنها هی من نییە بەڵکو هی هەموو ئەوەی منو ئەوەی پێش منیش بوو هی ئەو نەوەشە، بەداخەوە کۆمەڵگای کوردیی زۆر هێواشتر گۆڕانکاری بەسەردا دێت، وەهێدی هێدی دەچێتە پێشەوە، وەئەو گۆڕانە جەوهەریە نیە ئێمە پێشبینی بکەین، بۆیە درۆیەکی زۆرگەورەیە پێمان وابێت بەپێی چینەکان خێزانی کوردیی مۆڕاڵی زۆرجیاوازی هەیە، مۆڕاڵەکان ئەگەر جیاوازیش بن جیاوازیەکی زۆرکەمە، بۆیە ئەو قسەیەی تۆ ڕاستە سەبارەت بەوەی من لەناو خێزان ئیش ئەکەم لەبەرئەوەی ترسناکترین دەزگایە بەنسبەت من وەترسناکترین دەزگایە بۆ چەشنێك لە پێکهاتەی رۆحیو مۆڕاڵیو ئەخلاقی کە ئینسانی ئێمەی تێدا زاتو ویستی لێ ئەسەنرێتەوە، خۆزگەوخەونی لێ ئەسێنرێتەوە پرسیارەکانی وەڵام نادرێتەوە وەبەردەوام چەوسانەوەیەکی هیرارکی هەڕەمی (قوچەکی) لەناو خێزانی کوردیی هەیە، باوك لەدەرەوە ستەمی لێ دەکرێت دێتە ماڵێ ستەم لەژن ئەکات، ژنیش لەکوڕە گەورەی یاکچە گەورەی منالەکانیش بەو شێوەیە هەتا



ئەگەر ستەم لەڕێگەی جنێوێکیشەوە بێت، بۆیە من باس لەستەمێکی هیرارکی ئەکەم ستەمێکی(قوچەکی)لەخێزانی کوردیی، بەداخەوە هەتا ئەوانەی لێکۆڵینەوەشیان لەسەرمن کردووە زۆر بەدەگمەن باس لەو ستەمە هیرارکیە دەکەن کەبەردەوام من ئیشی لەسەر ئەکەم.

**نیهاد جامی/ خەونی کوشتنی باوك لای کوڕەگەورەی حەسار خەونێکە گۆڕانی بەسەردادێت لەئەزمونی چیرۆکنووسی تۆدا، دەبینین لەچیرۆکی"کەڵەکوڕانوئاسکە کچان" کەسێتی مامۆستا نوێنەرایەتی باوکێك دەکات کەباوکێکی جیاوازە، کاتێ خەونی کوشتنی باوك دەبێت بەخەیاڵ ئایا خەونی مامۆستاکە بەدیلە بۆ خەونی کوشتن؟**

شێرزاد حەسەن/ وەستان بەدژی ستەمی باوك وەخەیاڵ بەنەمانی باوك بەمانا ڕەمزیەکەی ئەوەی کە وتم باوك سیستمێکی ئەخلاقیە لەژیانی سیاسیماندا بەقووڵی دەرئەکەوێت، هیچ سەرکردەیەکی سیاسی نیە پاتریارك نەبێت، بەهەموو مێژووی کورد تابە ئەمڕۆدەگات هیچ سەرکردەیەکی سیاسی نیە پاتریارك نەبێت وەرۆحێکی دیکتاتۆریانەی تیا نەبێت جاشاراوە یا ئاشکرا، هیچ مامۆستایەکی قوتابخانە نیە، هیچ مەلایەك نیە هیچ باوکێك نیە لەماڵەوە (بە منیشەوە) کەدیکتاتۆریەتی تیا نەبێت، ئەم ئەخلاقی ستەمکاریە بەشێکە لەکۆمەڵگای کوردیی کە بونیادنراوە لەسەر توندو تیژیی، وەنێرییەتی و پیاوەتیو ئازایەتیو جوامێریی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای کوردیی، بۆیە پێت سەیر نەبێت بەردەوام لە کەڵە کوڕان دەزگای پەروەردەم بەپاتریارك سەیر کردووە، دەزگایەکی ئەخلاقی دامەزراوە کە ئیش لەسەر ئەوە ئەکات خەونی کچو کوڕی قوتابیەکان بکوژێت، بۆیە ئەو ستەمەی لەوێ دەکرێت دیسان هیرارکیە، یانی بەزنجیرە لەدوای یەك هاتووە من قوتابخانەیەکم وەرگرتووە کەدیسان مامۆستاکان بەبەڕێوبەرەوە پاتریارکن، کوڕەکان خەون ئەبینن ئازاد بن، ئەگەر سەیربکەیت چ

له(حەسار)دا یاله(کەڵەکوڕان...)دا من ئیش لەسەر ئازادی ئەکەم وە لەسەر کوشتنی ئازادی، چونکه مێژوو بۆخۆی ئیشکردن بووه لەسەر ئازادی.. هەوڵدان بووه بۆ ئازادی.. مێژووی مرۆڤایەتی جگە لەخەون بینین بۆ وەدەستهێنانی ئازادی هیچی تر نیە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کۆمەڵگای کوردیی دەبینین کورد بەدرێژایی هەموو مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتی خۆی خەونێکی هەبووە بە ئازادی، بەڵام ئەو رۆحە زاڵەی کە لەناو کورددا هەیە، بیریشمان نەچێت نابێت داگیرکەر لەبیربکەین لەوێوە دێت و لەناو خۆشماندا هەیە یانی شتێك نیە بڵێین کۆمەڵگای کوردی کە ئازاد نیە تەنها داگیرکەرە، بەڵکو رۆحی کۆیلەبوون لەناو خودی ئینسانی کوردیدا زیندووە، بەبەڵگەی نەبوونی ئیرادەی سیاسی، لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە ڕووی سیاسیەوە، ئەگەر لەڕووی فەرهەنگیەوە بەگشتی سەیربکەین مرۆڤی کورد خەونی بینیوە بەئازادی بەڵام نەیتوانیوە ئازاد بێت، بۆیە ئەگەر سەیر بکەین ئەبینین لەکۆتایی کەڵە کوڕان ئەبێت بە قەسابخانە، لەکۆتایی حەساریشدا کوڕەکە ئەچێتەوە گۆڕی باوکی، وەبیرت نەچێت لەسەرئاستی ڕەمزی ئێمە ناتوانین بیّ باوك بژیین، من لەگفتوگۆیەکی تردا قسەیەکم کردووە ڕەنگە لێرەش عەیب نەبێت دووبارەی بکەمەوە "باوك مەحاڵە بمرێت، چونکە لەشوێنێکی زۆر عاسی جێگیربووە"

نیهاد جامی/ چیرۆکی "کەڵەکوڕانو ئاسکە کچان" ڕەنگدانەوە نەبوو لەسەر ئەو تێگەیشتنەی لەبارەی چیرۆکی تۆوە هەبووە کە بڕوایان وابوو تۆ بانگەشە بۆکوشتنی باوك دەکەیت، تاچەند ئەتان ویست ئەوە بڵێن کەکوشتنی باوك کوشتنی فیکرە کوشتنی جەستەنیە؟

شێرزاد حەسەن/ باوك بۆمن ئەگەر پتر لەڕەمز بچێت وەقسەکردنی من بێت لەدژی کۆی ئەو سیستمە ئەخلاقیە کە من بەدڵم نیە، ڕاستە پاتریارکیەتی کلاسیکیونوێش هەیە، هەڵبەت نویّ زۆر جیاوازە لەپاتریارکیەتی کلاسیکی، لەنوێدا جۆرێك لە هەڵگەڕانەوەو قسەو گومان دروست



ئەبێت پاتریارکیەتی کلاسیك جێی گومانی تیانیە،لەمێژووی پێکهاتەی ئەخلاقی هێشتا ئێمە لە قۆناغی پاتریارکیەتی کۆنین نەك نویّ، لەم چەرخەدا پانزە ساڵی دوایی لەناو نەوەیەکی تازە چەشنێك لەپرسیارو لەگومانی تری دروستکردووە کە خەریکە چەشنێك لە پاتریارکیەتی نوێش دروست بێت کە هیچ نەبێت لە لایەنی کەم گوێبگرێت کە تیرۆر ناکات، یانی ئەو پاتریارکانە پەیدابوون، بەڵام سەغلەتم بێتاقەتم، من دەگەڕێمەوە سەر ئەو چیرۆکە لەوچیرۆکە باس لەکوشتنی ئیرۆس دەکەم وزەی ئیرۆسی لەتەواوی کۆمەڵگای کوردیی، وەلەدوای دەزگای خێزان کەمن قسەو گومانو پرسیارم هەیە لەسەری، دووەم دەزگا کەلای من خەتەرە دەزگای پەروەردەیە، واهەست ئەکەم ئەو دوو دەزگایە مرۆڤ ئەهاڕن.. ئەیخەسێنن.. گرگنی ئەکەن.. ترسنۆکی ئەکەن.. شەرمنی ئەکەن، بۆیەمن ناچارم ئەوە سەدبارە بکەمەوە چونکە بەردەوام ئەو دۆخە وەك خۆیەتی، ئەگەر یەکێك ئەوچیرۆکە بەووردی بخوێنێتەوە ئەزانێت من گومان لەمەعریفەتێك ئەکەم کە لە ڕێگەی دەزگای پەروەردەوە ئەدرێت بە هەموو نەوەی نوێی کوردییوهەموو ئەو نەوانەی کە بەدرێژایی ئەو مێژووانەی ئێمە هەمانە مەعریفەتێکە لەسەر کوشتنی ئیرۆس، لەسەر کوشتنی هەموو وزە جوانپەرستیەکانی ژیان، ومرۆڤ کاتیّ مناڵە گەر لێی گەڕێیت نەشونمای خۆی بکات زۆر ژیان پەرست ئەبێت، بەڵام یەك لەودەزگایانەی ئەوجوان پەرستیە لەتاکی کوردی ئەکوژێت دەزگای پەروەردەیە، ئەوە دەزگایەکی زەبەلاحو ناقوڵای پەتریارکە کەئیش لە سەرچاو دێری کردن ئەکات،بەناوی موراقەبە سانسۆر ئەخاتە سەر هەموو هەناسەو قسەیەکی هەتا خەونەکانی، بەبەڵگەی ئەوەی کتێبەکان ئەسوتێنن سەعاتەکان ئەشکێنن، قوتابیەکان بەوکارەیان ڕازی نین بەزەمەنێکی مردوو، کەکتێبەکان ئەسووتێنن ئاگرێکی پیّ ئەکەنەوە بۆئەوەی لەو سەرمایە دەرچن، بەزۆر بەڕێوبەرەکەیان دێنن ئەڵێن تۆش

سەرماتە،سەرمای فکریە.. سەرمای رۆحیە.. سەرمای ئەخلاقە، ئەگەر سەیر بکەیت هیچ ڕستەیەك هیچ تابلۆیەك نیە لەکەڵە کوڕان هەتا لەتایتڵی کەڵە کوڕانو ئاسکە کچان کە تەعبیر نەبێت، من ئەمەوێت بڵێم مەعریفەتێك هاتووە ئەوە قسەی من نیە بەڵکو پیاوی زاناو داناکانیش قەناعەتیان وایە لە کۆمەڵگای بەشەری مەعریفەتێك هاتووە مەعریفەتێکی زاڵە، بەڵام مەعریفەتێکە ئینسانیش لەگەڵیدا شێواوە،یانی من ئەمەوێ باسی مەعریفەتێك بکەم لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ درووست بکات ئەیشێوێنێت،لەجیاتی ئەوەی ئازادی بکات کۆیلەی ئەکات،ئێمە ئەو مەعریفەتە لەلامان هەیە مەعریفەتێکە کەیەقین دروست ئەکات،وەمرۆڤ یەك هەقیقەت ئەبێت بپەرستێ وەیەك ڕەنگ بێت وەیەك شێواز بیربکاتەوە، وەئەگەر بیرکردنەوەی جیا هەبێت دەبێت بنبڕ بکرێت.. بکوژرێت.. بفەوتێت، من لەکەڵە کوڕاندا دەمەوێ بڵێم ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە قۆناغی سەرەتایی، یانی من پۆلەکان ئەکەمەوە بە دارستان ئەوسا مرۆڤەکان ئازاد ئەبن، کەواتە قسەکردنی من لەسەرئەوەی مەعریفەتێکمان هەیە کە لەسەر کوشتنی ئیرۆس فکر ئەکاتەوە.

**نیهاد جامی/ لەچیرۆکی "ماڵئاوا خۆشەویست"دا دەبینین ژوورەکانی نووستن بۆنیان گرتووە، ئایا لەناو پرۆسەی نووسین لەلای تۆ خۆشەویستی چەمکێکی نائامادەیە لەژیانی خێزانیماندا؟**

شێرزاد حەسەن/ بەدڵنیاییەوە من قەناعەتم وایە، من دوو نمونەت بۆ دێنمەوە دووکاری من کە تۆ قسەت لەسەری هەیە ئەویش" پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان" و"تەمی سەرخەرەند"ە، لەپێدەشتی کارمامزەکان دوو پاڵەوانم هەیە ژنەکە ڕەدوی پیاوێك دەکەوێت دێتە هەولێرێ خۆی دەشارێتەوە، وەلەتەمی سەر خەرەندا چیرۆکی شیرینو فەرهادن ئیشم لەسەر حیکایەت کردووە، چیرۆکی شیرینو فەرهادێك دەگێڕمەوە تەمەنیان لەژێر نۆ ساڵەوەیە، هەردوولا بە درێژایی مێژوو حەزو ئولفەتی خۆیان، ئەگەر پێدەشت



چیرۆکی عیشقێکە کەناکاملە، ناموراده، بەردەوام بەتراژیدیا کۆتایی دێت، بەقەناعەتی من ئەوداستانانەی کەباس لەکۆتایی تراژیدیای کۆمەڵگای کوردی دەکەن بەدرێژایی کارەکان هەیە، لەهەردوو ئەو دەقە دریژانە ئەگەر تێبینی بکەیت من هەر ئەو قسەیەی تۆ ئەکەم نەك لە"ماڵئاوا خۆشەویست"دا لەوێ زۆر بەدرێژی دیارە قەهرێکم هەیە بەرامبەر بەکۆمەڵگەی خۆم بەردەوام ڕاوەدووی خۆشەویستی ئەنێ، بەردەوام دژ بەخۆشەویستی ئەوەستێتەوە،هەتا نەك ئەوە لەتەمی سەرخەرەند ئەمەوێ بڵێم دژ بەهۆگری بوونی ئینسانە، بەبەڵگەی ئەوەی شیرینوفەرهاد دوومناڵی بچکۆلەی تەمەن هەراشن یەك تۆز نەگەیشتونەتە قۆناغی باڵق بوون ئولفەتیان هەیە بەیەکەوە بەڕێوبەروماموستاکان هەر هەمووی بەیەکەوە فەڕاشەکەش موراقەبەیان دەکات بەبەد ڕەوشتیان ئەداتە قەلەم، کەواتە ئەمەوێ بڵێم خۆشەویستی لەناو کورد هێشتا لەقۆناغی ئەوەدایە ئەفسانە بێت، لەبەرئەوەی ئایا پەیوەندیی بەکەلتوری عەرەبیەوە هەیە کە هاتنی ئاینی ئیسلامە؟ ئایا پەیوەندیی هەیە بەکەلتوری خۆمان کەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵینو ئەوەی پێی دەڵێین کۆمەڵگای نێرسالاری کەپیاوەکان دەسەڵاتن،پیاوەکان بڕیار ئەدەن ژنەکان چۆن شووئەکەن چۆن دڵداری ئەکەنوچۆن نایکەن، تائەمرۆکەش لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان چیرۆکی ئەو کچانە دەخوێنینەوە کەلەسەر عەشق ئەکوژرێن وەلە کەلەپوری کوردی جوانترین پانتایی کەباس لەکوشتنی ئیرۆس بکات حەیرانە، بەشاهێد تۆ لەسەرت نووسیوە هەموو بونیادەکان بونیادی حەیرانە، پێکهاتەی حەیرانە، بەقەناعەتی من پیاو بەردەوام (نێر) ڕاوچی بووە، وە ژن تێیدا نێچیر بووە بۆیە ئەگەر سەیری حەیرانەکان بکەین بەردەوام پیاو ڕاوچیەو ژن کارمامزە، بەڵام کارمامزێکی کوژراوە.

**نیهاد جامی/بابێینە "سەرتەمی سەرخەرەند" یاخی بوون لەو دەقەدا لەپێناو بزنە شێتە نەك لەپێناو عەشقەکە، فەرهاد پێی وایە دوای**

**هەڵدێرانی بزنە شێت ئیدیی ژیانی ئەو بێمانایە،بۆچی یاخی بوون لەپێناو بزنە شێتەو لەپێناو عەشقەکەدا نیە؟**

شێرزاد حەسەن/ هاوکێشەکی مەوزوعی بابەتیە، لە ئەدەبدا شتێك هەیە پێی دەووترێ موعادلی مەوزوعی، ئەوان دووشتن بەڵام یەك روح گەمەیان پێ دەکات، فەرهاد وەك شوانێك شوانێکی ئاسایی نیە، شوانێکە بزنە شێتی خۆش دەوێت، لەبەر ئەوەی لەڕاستەڕێ لائەدات و دەچێتە سەر تولە ڕێ، دیسانەوە چیرۆکی ئازادیە لەتەنهایی، دیارە بیرۆکەی چیبرۆکی ئازادی کەم نووسەر هەیە لەدنیادا ئیشی لەسەر ئازادی نەکردبێت، فەرهاد قوتابیەو لەهەمان کاتدا شوانە، لەناو دەزگایەکی پەروەردەدا دیسانەوە کە ئیش لەسەر کوشتنی جوانیەکان ئەکات، هەتا کار لەسەر ڕۆحی ئەوەی کەتۆ پێی ئەڵێیت هەڵگەڕانەوە، ئەومناڵە هەندێك گوڵ دێنێت بۆ پۆل بۆ کچەکان کەچی ئەمە پێی ئەوترێت بەدڕەوشت ئولفەتی هەیە لەگەڵ شیرین پێی ئەڵێن بەدڕەوشت،وابزانم زۆر ئاسان ئەدۆزرێتەوە کەمن ئیشم لەسەر حیکایەتی شیرین و فەرهاد کردووە،لەهیچ شوێنێك نەمدیووە نەلەشەرق نەلەغەرب ئیشکرابێت لەسەر داستانێکی عیشق لەتەوڕی منالی، من ئەوبیرۆکەیە زۆر سەرنجی ڕاکێشام کەبۆچی تەنها لە کاتی قۆناغی گەورەبوون وباڵقبوون دڵدارەکان لێك جیائەبنەوە، من ویستم بڵێم نەخێر کۆمەڵگای کوردی هێندە دڵ ڕەقیەکی تیایە بەهەموو هۆگربوونێك وخۆشەویستیەك کەئەوەیان جۆرێکە لەدڵڕەقی، بەڵام بەپێی ئەودیمەنەی ئەیبینم بەپێی ئەو تابلۆیەی کە لەبەردەمی مندایە لەکۆمەڵگەی کوردی،ئەوڕووداوانەی کەدەگەن بەمن بەدرێژایی تەمەنم باس لەنامورادی دەکەن باس لەناکاملی ونەگەیشتن دەکەن باس لەتراژیدیا دەکەن بۆمن بەڕاستی بزنە



شێت هاوکێشەیەکە زۆربابەتیانە دەقاودەق بەرامبەر بە فەرهاد، ئەوەبزنە شێتە فەرهاد ڕادێنێت لەسەر ئەوەی ببێتەوە بە منداڵێکی سرووشت، بەڵام ئەو لەقوتابخانەیەك ئەخوێنێت مەحالە بتوانێت ببێتە ئەو منالّی ئازادەی ناو سرووشت، واتە ئەو بوونەوەرە ئازادەی ناو سرووشت، بۆیە کە بزنە شێت هەڵدەدێرێ وەشێت دەکرێت وەشاخی ئەشکێنرێت وەدەدرێت بەکەسێك کەبەگۆچان مامەڵەی دەکات،ئەویش سیامەندی ئامۆزایە،لەوێوە دەمەوێ پێشبینی ئەوە بکەم ئیتر ئەو سوکە هەڵگەڕانەوەی فەرهاد لەگەڵ شیرین کەدەچنە ناو سرووشت بەرەو کۆتایی دێن،بەبەڵگەی ئەوەی شیرین نازانێت چی لێدێت، وە فەرهادیش بەخۆی نەخۆش ئەکەوێت بەرەو کوێستان ئەبردرێت بۆتیمار تێدەگەین دوای ئەوەی دەچێتە ئەوروپاش دێتەوە وەك پیاوێکی زۆر شکست بەوەی کە جوانیەکانی لەکوێ دۆڕان لەقۆناغی منالّی،بەقەناعەتی من ئێمە گرفتێکی زۆر گەورەمان هەیە کەس تێی ناگات کەهێشتا ساواین هەموو جوانیەکان ئەدۆڕێنین، ئێمە کەهێشتا زۆر منالّین هەموو خۆشەویستیەکان ئەدۆڕێنین ئێمە کە هێشتا زۆر زۆر چکۆڵەین لەگەڵ نائومێدی ئەبین بەدۆست من دەمەوێت چیرۆکی هەڵگەڕانەوەو کۆمەڵگایەك کە دژی هەموو چەشنێکە لەهەڵگەڕانەوە هەتا ئەگەر لادانی بزنێکی شێت بێت بچوکترین شێوەکانی هەڵگەڕانەوە یان گەڕان بەدوای ئازادی لەمجۆرە کۆمەڵگایانە حەرامە، وەمن باس لەوە ئەکەم.

**نیهاد جامی/ لەرووی ئامـاژەی زمانەوانیەوە هەندێك دەلالەت لەنا تێکستەکەدا ئێشیان پێناکرێتەوە بۆنموونە کاتێك فەرهاد لەگەڕانەوە قسە لەمردنی ئەسپ دەکات، تۆ بۆچی ئیش لەسەر ئەو ئاماژانە ناکەیتەوە؟**

شێرزاد حەسەن/ مەبەستم نییە چونکە تەنها دەمەوێت کاتێك فەرهاد لەئەوروپا دێتەوە یەکەم دیمەن،

گەڕانەوەی فەرهادە بەناو وێران بوون، ماسیەکان کرم تێیداون، ئەوەش هەر دەلالەتە، ڕەنگە لەڕووی واقیعەوە من ئاگام لێیە شتێکی وا هەبوو، تۆ دەزانی هەر شتێك کە دێتە ناو ئەدەب ڕەهەندێکی ڕەمزی هەیە، تفەنگ لەنا چیرۆکدا بەتەنها تفەنگ نییە، دەکرێت هەڵگری زۆر شت بێت، گوڵدانێك لەچیرۆکێکدا دەبێت مەغزای خۆی هەبێت، قسەکەی تۆ زۆر ڕاستە بەلاّم من ئیشم لەسەر ئەوە نەبووە، ئەسپ وەك ڕەمزێك، ئەسپ رەمزی هەرچی بێت لەوێدا، ڕەنگە ئەمە ڕووداوێکی واقیعی بێت، لەساڵی شەستەکان ئەسپێکی باوکم هەبووە، هەر تۆپی، ئەمە ڕووداوێکی واقیعیە، بەلاّم کە دێتە ناو ئەدەب، دەبێتە ڕەهەندێکی ڕەمزی، بەلاّم من تەنها لەوێوە کەڵکم لەمەرگی ئەسپەکان وەرگرتووە، تەنها دەمەوێت بڵێم فەرهاد بەسەر وێران بوون و کاول بوون دەگەڕێتەوە، یانی کارم بەوە نییە دواتر لەناو قۆناغەکانی نووسیندا کەڵك لە ئەسپەکە وەرگرمەوە.

**نیهاد جامی/ بەلاّم ئایا ئەوە زیان بەدەقەکە ناگەیەنێت؟**

شێرزاد حەسەن/ نا بەهیچ شێوەیەك، لەبەر ئەوەی تۆ ناکرێت دەقێکی زۆر کراوەی درێژی دوو سەد لاپەڕەیی هەمووشتێك کە باسی دەکەیت بگەڕێیتەوە سەری، تۆ ئەوەندە کارت بەو ئیشەیە، من چیرۆکێکی ترم هەیە لەسەر ئەو ئەسپە ڕەنگە کەس نەیدیبێت، بۆخۆی لەویٚ کامڵە چیرۆکێکی سەربەخۆیە، بەلاّم لەتەمی سەرخەرەندا لای من گرنگ نیە لەبەر ئەوەی کوڕەکە بەسەر کەلاکی ئەسپەکان دێتەوە من باس لە کێشەی نەتەوەبکەم، گەربێتو بزانیت لەویٚ بۆنی کاول بوونو ڕووخان و ئەنفال دەکەیت، بەلاّم من هیچ ئاماژەیەکم بۆ هەڵەبجە و بۆکیمیاباران نەکردووە، بەلای منەوە ئەدەب ئیحا بەخشە پێویست ناکات بڵێم ئەنفال بووە،چونکە کەدێتەوە هەموو شتێك وێران بووە،خەڵك سەرلەنویٚ



خانووەکان بنیات دەنێتەوە،کەواتە من کارم بەمەرگی ئەسپەکان هەرئەوەندەیە، کە ئاماژەیەکە ئەو بەسەرکەلاکدا دەگەڕێتەوە، بەسەرووڵاتێك بۆتە کەلاك هەموو ئینسانەکان تێیدامردوون،ئەو بەخەونێکی زۆر گەورەوە دێتەوە،بەلاّم بەسەر وێرانبووندا دێتەوە،لەزمانی خەڵکەوە لەکەناڵەکانەوە بیستویەتی کەووڵات وێران بووە بەلاّم من دەمەویٚ بڵێم خۆی دەکەوێتە سەر وێرانە، خۆی هاتۆتە ناو وێرانە.

**نیهاد جامی/ لەناوگێڕانەوە، لەو تێکستەدا دوو زەمەن هەیە زەمەنی پاڵەوان لەئێستای نووسیندا،زەمەنی دووەمیش زەمەنی یادەوەری پاڵەوانە لەتەمەنی منالّیدا،سەرەتا کەزەمەنی ئێستای نووسین دێت خوێنەر ئامادە دەکرێت بۆ ڕابردوویەك بەلاّم لەگەڵ هاتنی زەمەنی دووەم کە زەمەنی یادەوەریە،ئیدی زەمەنی یەکەم بەتەواویی وون دەبێتو چیرۆکەکە نوقمی نێو یادەوەری دەبێت،هێلێك لەناو تێکستەکەدا نیە بۆکۆکردنەوەی هەردوو زەمەنەکە،ئایا بۆتۆ وەك نووسەرێك هەست ناکەیت لە ترازانی زەمەنی ناتەواویەك لەناو تێکستەکەدا هەیە؟**

شێرزاد حەسەن/ نامن مەبەستمە بەهەستونەستی بەزمانی منالّێك، کابرایەکە گەورەیە بەلاّم ڕاوی هەموو هەستەکانی زەمەنی منالّی تیایە،بۆیە لەمنالّیتی دەردەچێت چونکە لەمنالّیدا وون بووە،ئەگەر لەڕووی ڕەمزیەوە سەیری بکەین ئەو لەناو تەمەکەیە وون ئەبێت،ئەمەویٚ بڵێم فەرهاد ئەگەرچی لەهەندەران ئەگەڕێتەوە وەك پاڵەوانێك تەنها قسەدەکا، لەڕووی ڕەمزیەوە لەو زەمەنەدا نەخۆش کەوت،لەوزەمەنەدا بوکوژرا،بۆیە ئەوروپاش ناتوانیٚ ڕزگاری بکات،چوونە دەرەوەش ناتوانیٚ ڕزگاری بکات،ئەو بوونەوەرە لەناو کەلتوری خۆی لەناویەك فەزای خنکاودا کەخنکاوە جارێکی تر زیندوو نابێتەوە، قۆناغێك هەیە لەمندالّی کوڕەکە دێتەوە قۆناغێکە کەم

کەم ئیشم بەفەرهادی گەورە هەیە بۆ فلاش باگ، هەرگیز ئیشم بەفەرهاد نیەبەحالەتێك لەئێستا قسە بکات، زەمەنی پچڕاو لەڕووی تەکنیکیەوە زۆرمەبەستمە ئەوزەمەنە بەبۆشایی بەجێ بێلم،ئاگات لێ بێت فەرهاد لەدوای ئەوەی بەرەو کوێستان ئەیبەن بۆ تیمار، ئەگەر تێبینی بکەیت ئەم کوڕە فەرهاد کەئەیبەن بۆکوێستان بۆچارەسەری لەوێوە ئەفڕێت تافەرهادی گەورە لەئەوروپا دێتەوە، چڵ ساڵ سی ساڵ لەزەمەن کەس نازانێ ئەو کوڕە چی لێهاتووە من بەئەنقەست بەبۆشایی بەجێم هێشتووە، ئەم پاڵەوانەبوو بەپێشمەرگە بوو بەجاش،ئایا کاسب بوو ئایا خوێندنی زانکۆی تەواو کرد؟ ئایا لەجەنگی ئێران عیراق هەڵات ئایا لەهەرەسی هەفتاوپێنج مردوکۆتایی هات؟ زەمەنێکی کراوەیەو زەمەنێکی دەست نیشان کراونیە، چونکە ئەو زەمەنەی فەرهادوشیرین تێیدا دەکوژرێن زەمەنێکە بەدرێژایی مێژووی کورد هەبووە تائێستاش،بۆیە من یەك بۆشایی گەورەی لەتەمەنی نۆساڵیەوە بیگرە بەلای کەمی تابووە بەبیستوپێنج سی ساڵ،کەس نازانێت ئەوبۆشایە لەتەمەنی ئەوکوڕە چیە،ئەوە لەڕووی کلاسیکیەوە ئەو قسەیە دەووترێ ئایا ئەو بۆشایە چۆن پڕکەمەوە؟ ئەوە لەڕۆمانی کلاسیکی پێویستە ئەوکەسەی هەرلەو ڕۆژەی لەدایك دەبێت تائەو ڕۆژەی دەمرێت شتێکە پێویستت پێیەتی،بەڵام تۆ ئەزانی لەڕۆمانی تازە تۆ پێویستت بە یەك شەوە جاری وا، بەس هەموو مێژووی ئەوکەسە لەو شەوەداچۆن کۆدەکەیتەوە، وەلەڕووی تەکنیکی وهونەری وبابەتیچۆن زەمەن لەیەك شەودا کۆدەکەیتەوە ژیان وخولیا وخەون و هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤێك پێویستی پێیەتی، کەتۆ پاڵەوانێکت هەیە لەشەوێك دا لەهەفتەیەکدا لەمانگێکدا ئەوگەمەیەی



تۆ ئەیڵێیت زمانی یادەوەریوئەو زمانەی کەئێستا پاڵەوان قسەی پێ ئەکات من ناچارم فەرهادی گەورە قسە بکات،چونکە پێویستم بەگوزارشتە لەعەقڵێك مناڵێکی نۆساڵی ناتوانێ ئەوقسانە بکات من ڕەنگە وەك تەکنیك ویستبێتم فەرهادی گەورە قسەبکات، بەڵام چۆن؟ بەتێگەیشتن لەهەستەکانی مناڵی وەهەندێ جار بەگەڕانەوە بۆ هەستەکانی مناڵیفەرهاد کەقسە دەکات دەگەڕێتەوە ناوحیکایەتی شەو،بیرت نەچێت یەکەمین کارەکتەر کەکاریگەری لەسەر فەرهاد هەیە نەنکیەتی، حیکایەتەکانی نەنکیەتی، بیریشمان نەچێت ئەم چیرۆکە لەڕووی هونەرییەوە حەکایەت ئامێزە،من پەنام بۆتەکنیکی هونەری نوێ نەبردووە ئەگەر سەیری بکەیت دەبینیت هەمووی یەك هەناسەی زۆربەی ئیشەکە وەك زۆربەی دەقە درێژەکانی من وایە زۆربەی دەقە درێژەکانی من یەك هەناسەیە، زۆرکەس دەڵێن ئەتۆ بەهەناسەی چیرۆك ئەنووسیت، ئەمە ڕوانینێکی کلاسیکیە چونکە تۆ ئەزانی ڕۆمانی تازە هیچ فۆڕمێك لەخۆناگرێت، بۆیە من ووتەکەی (میلان کۆندێرا)م نووسیوەتەوە لە پێدەشت کەئەڵێ"دەرچوون لە فۆڕم وەئازادی ئەوەی کەتۆ ڕێز لەفۆڕم نەگریت، جۆرێکە لەفۆڕم"بەڵام دواجار دەقێك بێت زیندوو بخوێنرێتەوەو هەست پێ بکرێت، نایەیتە ناوگەمەی فۆڕم بێ فۆڕم، من دژی ئەوڕوانینەم کە تەسەوریان وایە فۆڕم بۆفۆڕمە،ئەوە دەکرێت کەسێکە کە بڕوای پێی بێت، بەس من لەوە تەمبەڵ ترم بڕوام پێی بێت، من گەمە لەناو حەکایەتی کوردیی دەکەم وەدەمەوێ لەفۆڕمی هەتا لەڕۆمانی باڵا، ڕۆمانی نوێ، جاریٚ من لەچیرۆکی کورتا زۆربەی چیرۆکەکانم بەشێوازێکی زۆر کلاسیك داڕشتووە سەرەتا، کۆتایی تەنانەت گرێچن، یانی شوێن و کاتێکم دیاری کردووە.

**نیهاد جامی /یانی ڕێك لەوقۆناغەی چیرۆكی مامزتان تیا نووسیوە؟**

شێرزاد حەسەن/ ڕێك وایە، بەس دوای ئەوەش من هەندێك گەمەی كلاسیكم كردووە ،چونكە من حورمەتی كلاسیك زۆر ئەگرم، چونكە فێرت دەكا، كاندنیسكی هونەرمەندێكی ئەبستراكتە بەهێلكاری ئیشی كردووە هەروەها بیكاسۆ ئەوان بەقەناعەتی تەواوی هەردووكیان زۆرچاك كلاسیكیان هەرس كردووە ئینجا هاتوونەتە ناو گەمەی هونەری نوێ، یانی تۆ باش ئاگات لەكلاسیك نەبێت ڕەنگە گەمەكانت من نالێم دەكرێت ئەكرێت تۆكارت دەست پێبكەیت بەئەدەبی نوێ، بەلاّم زۆرجار هەیە كلاسیك فێرت دەكات، كلاسیك كۆمەڵێك ڕەگەزت پێ دەڵێت دەكرێت بیگریەبەر دەكرێت نەیگریت، گەمەی ئەدەبیش لە یۆنانەوە تاكو ئێستاكە گەمەی فۆڕمە ئەوەی تۆ ناوت نا زەمەن، ئەدەب وەك خۆی نووسینی چیرۆكو ڕۆمان بەقەناعەتی من ئیشكردنە لەناو زمانەوە. هەموو نوسەرە گەورەكان ئەوانەی كە بەئەزمونن هەمووئەوكەسانەن كەدەبینی گەمەیان لەناو زماندا كردووە، وەئیشی تازەیان لەناو زماندا كردووە لەوانە هەرنمونەی جیمس جۆیس دێنینەوە نمونە یەكجار زۆر هەیە،بۆیە قەناعەتی من وایە دەزانم هەندێك جار لەلای خوێنەوارەكان ڕەنگە نەنگی یا كەموكوڕی بێت لەكوێیە ئەوە بۆ بۆشایی تیایە،بەلاّم ڕەنگە لای من مەبەستم هەبێت، مەبەستم هەبێتوگوێش بەوە نەدەم، دواجار من دەقێكم هەبێت ژیانی تیابێت هەناسەی تیابێت، هەناسەیەكی گەرمی تیابێت تۆكەمەنگی بكات بەخۆیەوە، ئەگەربكرێت یەك پرسیاری تازەی تیابێت یان هەمان پرسیاری كۆنی ئازادیی بەس لەشێوەو لەڕێی پاڵەوانوڕووداوی تازەوە ڕەنگە هەموو ئەودەقانەی تۆ باست كرد زۆر سەیرە هەموو باسی پرسی ئازادیە بەلاّم لەناو كارەكتەری جیا لەناو ململانێی جیا لەناو ڕووداوی جیا،وەتۆش ئەزانی هەزارەها دەق هەیە لەناو ئەو ململانێیە،لەناو ئازادی ئیشی كردووە، بەلاّم ناكرێت تۆبڵێیت یەك دەق نووسرا لەسەر ئازادی ئیتر قسە



نەكرێت، خاڵێكی زۆرسەیرە دەووترێ باوكسالاری ئەوەندەی تیاووتراوە ئیتر بەسە، نەخێر هەتا دەمرم ناتوانم واز لە گومانكردنوپرسیار بێنم، دوو دەزگا هەیە كەمن زۆرسەرنجم ڕائەكێشن دیارە دەزگای سیاسیش هەربەهەمان شێوە بەلاّم دەزگای خێزانو دەزگای پەروەردە وەهەموو دەزگا كۆمەلاّیەتیەكان، وەبتەوێو نەتەوێ من لەحەساردا باس لەدەزگای سیاسی ئەكەم بە ڕەهەندە ڕەمزیەكەی، چونكە دواجار وەكو پێم وتی هەموو كەسێك بەتایبەت لەبواری سیاسیشدا هەر لەپاتریاركی بچووك و گەورە.

**نیهاد جامی/ بەم دواییە كۆمەڵێك ڕەخنە ئاراستەی دەقەكانی ئێوە كراون تاچەند ئەو ڕەخنانە گومانی دەرەوەی ئەدەبیان پێبوو یا ئەوە لەلایەك دانێین بەلاّم ئەوەی نووسیان لەو بارەیەوە گوایە ئێوە دەتانەوێ لەناو گرێی ئۆدیبدا ئیش بكەن، ئەوان هاوكێشەكەیان قلّپ كردەوە كەگەر فرۆید لە ئۆدیپۆسی سۆفۆكلیسەوە تیۆریزەی گرێی ئۆدیب بكات ئەوان تۆیان گەڕاندەوە بۆ ناو تیۆریی دەروونزانییەوە؟**

شێرزاد حەسەن/ نەخێر نەخێر ئەوە ڕەوا نیە بۆ؟ تۆ دەكرێت قوتابخانەكانی دەرونزانی بخوێنیتەوەو ئاگات لێی بێت وەپێش سۆفۆكلیس چیرۆكی كوشتنی باوك هەبووە گرێی ئۆدیب بتەوێ نەتەوێ پێشتر ئەفسانە بووە پێشتر حیكایەتێك بوو بەر لە تۆماركردن سۆفۆكلیس یابەر لەسۆفۆكلیس دێت تۆماری دەكات، زارەكیودەماودەم ئەم چیرۆكە دەگێردرێتەوە، ڕەنگە چیرۆكی ئۆدیبی پاشا دەماودەم تەمەنی بیست هەزار ساڵیش بێت.. بەلاّم ئەوەی تۆماری دەكات ئەویش قەرزاری حەكایەتێكە، وەك زۆر لەچیرۆك و ڕۆمانو فیلمەكانی دونیا قەرزباری ئەدەبی زارەكی بوون، بەلاّم دوایی كە تۆمار دەكرێت دەبێت بەموڵكی ئەوكەسەی كە یەكەم جارتۆماری دەكات، بۆیە سۆفۆكلیس قەرزارباری كەسێكی تربووە، فرۆید كەدێت ئیش لەسەر ئەوە دەكات نوكتەیە لای من وابزانین گرێی ئۆدیب یان چیرۆكی كوشتنی باوك موڵكی كەسێكە یاهی دەرونزانێكە نابێت ئیشی لەسەر بكەیت، پرسیار ئەوەیە ئایا ململانێی

نەوە جیاوازەکان یان ئەو ڕۆحی نێرسالاریی وباوکسالاریە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا وەك هەموو کۆمەڵگاکانی تری دونیا هەیە یان نیە؟ ئەوە پرسیارە،باشە ئێمە ئەگەر بێتو قەرزیش بکەین لەفرۆید ئایا ئێمە بە دارشتنی خۆمان ئەیکەین بەڕوانینی خۆمان ئەیکەین، ئایا من لەحەساردا شتێکی تازەم وتووە دەربارەی ئەو سیستمەی کەناومان لێنا سیستمی پەتریارکیەت، جاریٚ پەتریارکیەت باوکە لەڕووی قەشەی گەورە،باشە پرسیار ئەوەیە کەواتە هەموو ڕۆمانووسەکانی ئەمریکای لاتین ئەبیٚ واز لەنووسین بێنن، چونکە ئەوانیش باس لەپەتریارکیەت ئەکەن، هەموو چیرۆکی دیکتاتۆرەکان لەئەمریکای لاتین بەجۆرێك لە جۆرەکان چیرۆکی کوشتنی باوکە، یان خەون بینینە بەکوشتنی باوك، بەلاٚم ئایا من دێم تیۆرەی فرۆید ئەگێڕمەوە بۆتان، ئەگەر وابێت دواجار تۆ کەشتێك ئەکەیت بە ئەدەب،وەك چۆن سۆفۆکلیس کردوویەتی کۆمەڵێك کارەکتەری هێناوە.. زەمەنێکی هێناوە..شوێنی هێناوە..ململانێی هێناوە..گریٚ چنێکی تیایە، وەدەیەوێت گوزارشت لە ململانێی مرۆڤەکان بکات، وەئەو چیرۆکە بەرلە سۆفۆکلیس لەخەیاڵگەی مرۆڤایەتی هەبووە،وە(ئەندریە ژید) لە ڕۆمانی"ساختەکارانی پار" وە (دستۆفسکی) لە"برایانی کارامازۆف" وە (خۆزیا تریانا) لەشانۆگەریی "شەوی بکوژان" من ئەتوانم ئێستا دەیان دەقی ترت بۆبێنم کەباس لەکوشتنی باوك بکات، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوانە قەرزیان کردووە لەفرۆید کەباس لەکوشتنی باوك ئەکەن؟ تۆ ئەزانی زانیاریەکان تێکەڵ ئەبنەوە، وەڕۆماننوس وچیرۆکنووسە باشەکان ئەوانەن کە دەرونزانن، و دەرونزانەکان قەرزباری چیرۆکنوس و ڕۆمانووسەکانن، بۆیە سوعبەتێکی سەیرە کەتۆ بلێیت پرد لەنێوان ئەوانە نەبێت، تۆئەمرۆ کەدەقێك ئەنووسیت شتێك هەیە لەڕەخنەی ئەمڕۆکە کەساز ئەکرێت"بەیەکداچوونی دەقەکان" یان دەقێکی پاکیزە لەسەر زەویدا نیە، منوتۆ کەلەئێستادا قسەئەکەین، قەرزداری هەمووئەوکەسانەین کەئەو قسانەیان فێرکردین..هەموو ئەو



کتێبانە.. هەموو ئەو گفتوگۆیانە.. هەتاسەر مێزیش، ئێمەنازانین لەکویٚ قەرزاری ئەو کەسانەین، من قەرزاری باوکمم..قەرزاری دایکم..قەرزاری ئەو کوڕەی ئێستا چای بۆهێناین..قەرزاری هەموو ئەوکەسانەی دەیانبینی.. هەموو ئەوشتانەی کەدەیان بیستی، یانی تۆ ئێستا قسەدەکەیت یا دەنووسیت یەك پاشخانی گەورە لەتۆ هەیە کەتۆئیشی لەسەر ئەکەیت، کەتۆ دێیت دەقێك ئەنووسیت گرنگ ئەوەیە لەخولیا وخەیاڵی خۆت بێت، و دەسەلاٚتی خۆتی تیابێت، جۆرێك لەجیهانبینی وڕوانین وڕوانگەیەکی خۆتی تیابێت، بەلاٚم شەرم نیە بەدرێژایی مێژووی ئەدەب ئیش لەسەر گرێی ئۆدیبی بکەیت، وەئەدەبی عەرەبی پانتاییەکی یەکجار گەورەی ئیشکردنە لەسەر ئەو گرێیە،وەکو ناومان نا"خەونی کوشتنی باوك" یا"پڕۆژەی کوشتنی باوك"

کوشتنی باوك دیسان کوشتنی سیستمێکی ئەخلاقیە کەلای تۆ بۆگەن بووە، کۆتایی هاتووە، بەسەرچووە، بۆیە گومانکردن لەو سیستمە شتێکی ڕەوایە، بەیانی بۆکوڕەکەم ئەبمە باوك، ئەومافی خۆیەتی پرسیارو گومانی تازەی هەبێت لەمن، وەئەو بیەوێت چیتر وەك من بیر نەکاتەوە، لەنێوان کوڕێكو باوکێك تادەگات بەکچێكو دایکێك تا دەگات بە مامۆستایەكو قوتابیەك هەتا دەگات بەهەموو دەزگاکانی تر، تادەگات بە سەرکردەیەکی سیاسی، تادەگات بەوەی کەئەمرۆ کوڕێك دەبێت بەئەندام لەو حزبەدا.. ئەگەر پرسیاری تازەی هەبێت..ئەگەر گومانی تازەی هەبێت..ئەگەر شەڕبکات لەگەڵ ئەو سیستمە ئەخلاقیە.. بەقەناعەتی من، ئەوە کارێکی ڕەوایە.

**نیهاد جامی/لەنووسینێکدا چیرۆکی عیزرائیل بەلێکۆلینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی"مۆریس گۆدلیە" بەراورد کرا بەناوی"کوشتنی باوك..یان قوربانیدانی سێکسی"، بێدەنگی ئێوە لەئاست ئەو ڕەخنەیە چی بوو؟ ئایاپەیوەندیی بەئاست نزمی ئەو ڕەخنەیەوە بوو؟ یاخود ناتانەویٚ وەلاٚمی هیچ جۆرە ڕەخنەیەك بدەنەوە؟**

شێرزاد حەسەن/ من هەرلەوکاتەی

لەساڵی ٧٥یەکەم شیعرم بڵاوکردەوە تا بەئەمڕۆ دەگات کە ٢٠٠٥ بیرم نایەت بەڕستەیەك وەڵامی کەسم دابێتەوە، بەردەوام چ خوێنەر چ کابرایەك کەدەنووسێت ناوی ڕەخنەگرە یا ڕەخنەگرنیە، خەڵکی تر بۆخۆی سەرپشکە لەوە، من وەڵامی کەس نادەمەوە، چونکە من گۆرانی ئەڵێم‌وئەڕۆم، پێویستە گۆرانی خۆم بڵێم‌و ئاوڕنەدەمەوە چەند کەس گوێ لەو گۆرانیە دەگرێت، وەك ئەو ڕێبوارە وام گۆرانی خۆی دەڵێت لەترسان یا لەتەنهایی خۆی، ئەوبرینی خۆی دەنووسێتەوە، جاریٚ عیزرائیل کاك نیهاد شەوێك لەشەوان بوو کەمن باوك‌ودایکی خۆم دیت تیا نووستوون، کەسێکسیان کرد من تازە باڵق ببوم، ئیتر من هاتووم ڕووداوێکی ژیانی هەزاران ماڵی هەژاری خوشك‌وبرایەك لەتەك دایکدا، دوای ئەو چیرۆکە دەیان کەس پێی وتووم ئێمەش دایك‌وباوکی خۆمان دیووە، وەهەیە ترساوە..هەیە شەرمی کردووە..هەیە هەستی بە گوناح کردووە.. هەیە تفی لەخۆی و ئەژدادو ئابادی کردووە.. هەشە زۆرپێی سەیربووە.. هەشە وای زانیوە کە باوکی، دایکی ئەخنکێنێت.. وایزانیوە چەشنێکە لە دیمەنی دوژمنکاریی، کەچی کەسیٚ دیٚ دەڵیٚ ئەوە ڕستەیەکی لەکام زاناودانا وەرگرتووە، ئەوە کەی قسەیە ئەوە وەکو ئەوە وایە بڵێی شیرین‌و فەرهاد هەیە ئیتر پێویست ناکات کەس چیرۆکی عەشق بنووسێت، وەکو ئەوە وایە بڵێیت خەج‌و سیامەند هەیە، من هەست ئەکەم ئەو شتانە ئەوەندە کراوە تۆپێویستت بەوە نیە بۆ نزیکبوونەوە لەدەقێك بڵێی شێرزاد قەرزاری فرۆید بێت، دەکرێت من قەرزاری بم، هەڵبەت قەرزاری فرۆیدم، بەلاٚم فرۆید کابرایەکی پزیشکی دەرونزان بووە کلینیك(عیادە)ی هەبووە نەخۆشەکانی بینیوە نەیکردوە بەچیرۆك‌ورۆمان، حەکایەتی نەخۆشەکانی نوسیوەتەوە، بەلاٚم نەیکردووە بە ئەدەب، کەسێك بەیانی هەمان نەخۆشی هەیە لەفرۆید ئەچێت، بەلاٚم ڕۆمانێکی لیٚ درووست ئەکات، ناکرێت بڵێی قەرزاری فرۆیدە، دەکرێت قەرزاری خوێندنەوەی بێت بۆ فرۆید، فرۆید دنیایەك دەروازەی بۆ مرۆڤ کردەوە،



وەکو باڤلۆڤ و ئەدلەرو فرانك ئەوانە هەموویان دەرونزانن، وەکو (یۆنگ) یۆنگ کەباس لەنائاگایی کۆ دەکات، دەی باشە ئەوانە هەموو دەروازە ئەکەنەوە بۆ مرۆڤ بۆئەوەی لەخۆی تێبگات، جۆرێکە لەپشکنین‌و والاٚکردن‌و زانین لەخۆت‌ولەدونیا، بۆیە من کەوەلاٚم نادەمەوە، بەڕاستی هەندێکیان دەیانەوێت بڵێن تۆ نووسەر نیت، یانی پێت بڵیٚ تۆ قۆپیەکاری، یا پێت بڵیٚ تۆدزی، ئەوە کاری من نیە وەلاٚمدەمەوە، چونکە ئەوکاتە گوناهبارم کەگوناهباربم جیاوازە، ئەو دەستی خۆش بێت، من ناتوانم، تاقەتم نیە وەلاٚمی ئەوە بدەمەوە، من پێم ئەڵێن نوسەرنیت، دەستت بشکیٚ ئەوچیرۆکەت نووسیوە، بەس من ئەڵێم زۆر سوپاس، خۆزگە بمتوانیایە باشتر بنووسم، یایەکێکی تر ئەڵیٚ زۆر ئافەرین دەستت واگەیشتە ئەدەب، بەنسبەت من لە نوسیندا نەستایش ئەوەندە پڕفیزم ئەکات، نەمەچەك بادان‌و نوقرچەدان زۆر سەغلەتم ئەکات، لەبەرئەوەی هەست ئەکەم ئەو دەرەوە هەقیەتی چی ئەڵیٚ، بەلاٚم لێشتی ناشارمەوە هەندیٚ جار کەسێك حەزدەکات بۆنمونە(بەختیار عەلی) دواجار لای من بەختیار ڕۆماننوسێکی گەورەیە، هەست ئەکەم ناهەقیك هەیە بەرامبەر بەو کوڕە، ئەو کوڕە ئەگەرلەبەیەکداچوونی دەقەکانیش بێت، پیاوێکی هونەرمەندە ئەگەر لەلاسایی کردنەوەی مارکیزیش بێت لە"مەرگی تاقانەی دووەم"لاسایی کەرەوەیەکی داهێنەرە، ئەراگۆن قسەیەکی هەیە دەڵیٚ"هەموومان لاسایی کەرەوەین، بەلاٚم لاسایی کەرەوەی تەمبەڵ هەیە، هەیە دەمەلارکیٚ دەکات بەتەمبەڵی ، هەیە دەمەلارکیٚ دەکات بەجوانی" بۆیە لاسایی کردنەوە لەئەدەب‌وهونەردا شەرم نیە، بەلاٚم لاسایی کردنەوەیەکی هونەرمەندانە بێت..داهێنەرانە بێت.. جوانکاریانە بێت.

نیهاد جامی/ جارێکیان ووتت من ڕۆمانی کوردیی ناخوێنمەوە، ئەوقسەیەی تۆ تاچەند ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)ش دەگرێتەوە؟

شێرزاد حەسەن/ نەخێر بەهیچ شێوەیەك، من بەعیشقەوە ڕۆمانەکانی بەختیار ئەخوێنمەوە، بەختیار

پیاوێکە وەك هونەرمەندێکی گەورە ئەیبینم لەڕۆمانی کوردیدا، ڕۆمانی تازەی کوردیی بێ (بەختیار عەلی) بوونی نیە، بەقەناعەتی من ئەو کوڕە جۆرێك لە کارەکتەرو زمانو فەزای هێناوەتە ناو ڕۆمانەوە کە پێشتر لەڕۆمانی کوردیدا بوونیان نەبووە، بۆیە هەرسێ ڕۆمانەکەی بەعیشقەوە خوێندومەتەوە، نەك چەند جارێك من بیرمە یەکەم جار کە"مەرگی تاقانەی دووەم"دەستنووس بوو کەدایە من چوار جار خوێندمەوە بەرلەوەی بۆی بگێڕمەوە. وتم تۆ شتێکی جوانت وتووە، تائەوکاتە، دوانزە ساڵ بوو، هاتوچۆی یەکمان دەکرد، ئەوشتی منی دەخوێندەوە، قسەی خۆی دەکرد لەسەری، من وامزانی خوێنەرێکی ئاساییە، دوای دوانزە ساڵ پەیوەندیی، ڕۆمانی"مەرگی تاقانەی دووەم"ی دامێ بۆیە پێم وت تۆ لەئێستاوە ڕۆمانوسێکی زۆرچاکی بەخۆت بزانی یانەزانی، بۆیە من دوای گوڵی ڕەش لەگفتوگۆیەکدا باسی ئەوەم کرد وتم ڕۆماننوسێکی زۆرجوان بەڕێوەیە کەمژدە بەخشە، بەقەناعەتی من یەکێك لەکێشەکان دەتوانم بڵێم پەیوەندیی بەڕەوشتەوە هەیە، یەکێك لەکێشەکانی ئەدەبی کوردیی کە پەتریارکیەتی کوردیشە، ئەوەیە زۆرجار نەوەی دوای خۆت کەدێت ناڵێیت بەخێر بێیت، لەئەدەبی کوردیی زۆربەدەگمەن پیاوی تیایە نوسەری تیایە.. هونەرمەندی تیایە، من هەست ئەکەم کەتۆ جوانیەك نەبینیت لەدەرەوەی خۆت کە پێی بڵێیت بەخێر بێیت جۆرێك لەجوانی پەرستیەك لەتۆدا هەیە، وەتۆ ناتوانی خوڵقێنەری جوانی بیت، ئەگەربەجوانی خەڵك نەڵێیت بەخێر بێیت، وەلەئەدەبی کوردیی جوانکوژ یەکجار زۆرە.

**نیهاد جامی/ هەندێك پێیان وایە جیاوازیەك نیە لەنێوان تۆ وەك نووسەر لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکانت، تۆ بۆچوونت چیە لەو بارەیەوە؟ تاچەند پێویستە نووسەر لەپاڵەوانی چیرۆکەکانی بچێت؟**

شێرزاد حەسەن/ خۆی نووسەر بەردەوام دەکرێ پاڵەوانەکانی لەخۆی بچن، لەوکەسانەی لەناو خێزانەکەی سودی لەوگەڕەکەی لەو شارە بینیووە، تۆلەدەرەوەی ژیان ناتوانی بنووسیت، ئەدەبێك نیە لەدەرەوەی ژیان، هونەرێك نیە لەدەرەوەی ژیان، گەورەترین سەرچاوە بۆمن ئەوێیە، درۆیەکی زۆر گەورەیە من بڵێم سوودم لەشکستومەینەتی وخۆشی وناخۆشیەکانی خۆم نەبینیووە، شتێکی بەتاڵە، بەبەڵگە نووسەر پێویستی بەمناڵیەکی پڕ لەچەوسانەوە هەیە، وەزۆربەی نووسەرە گەورەکانی دونیا سودیان زۆرلەمناڵی بینیووە، بەتایبەت مناڵیەك کەپڕبووە لە زەبوونی، ئەگەر مێژووی ئەدەب بخوێنیتەوە، دەبینیت ژمارەیەکی یەکجار زۆر سوودیان لە شکستو دەربەستیەکانی سەردەمی مناڵی بینیووە، ئامرازەکان پەیدا دەکەن ، زمانێك دەدۆزێتەوە بۆ گوزارشت کردن لەو خۆشیو ناخۆشیانە، ئیتر ئەنوسیت، نوسین رەنگە وەك چۆن دەڵێیت پێش ئەوە ئایا رەهەندێکی مۆڕاڵی هەیە لەدوای نوسین، ئایا شتێکی مێژوویت هەیە، قسەت هەیە، تۆ دواجار لەناو مێژوویەکدا ئیش دەکەیت ، لەناو زەمەنێکدا، تۆ ئەو کاتە پابەستی مێژوویەکی، لەو مێژووەی کە خۆت تێیدا دەنوسیت، مێژوویەکیتر کە دوێنێیە، رەنگە وەکو حەکایەتی تۆمارو دۆکیۆمێنت لەلات بێت، وە خەونێکیش بێت بۆ داهاتوو کە بتەوێ دونیا جوان بکەیت، مومکین نییە نووسەر لەناو ئەوانە ئیش نەکات، بەڵام بەنیسیەت من دەکرێت دژە پاڵەوانیش دروست بکەین، بەقەناعەتیی من نیکۆس کازانتزاکی زۆر حەزی کردووە لەزۆربا بچێت، وخۆزگەی خواستووە زۆربا بێت، ئۆسکار وایلد بەوە ناسراوە کە کەسێکی هۆمۆسیکس واڵە ئەوە وەکو ژیانی خۆی کەوابوو، بەڵام ئەدەبێك دەخوێنیتەوە هەمووی باس لەپیرۆزی خۆشەویستی دەکات، هەموو ئیشکردنی ئۆسکار وایلد ئیشکردنە لەسەر روح، لەرۆحێکی پاك، باس لەترسناکی پیس بوونی روح دەکات، بەڵام ئایا ئۆسکار وایلد لەدەرەوەی لای من وابووە، کێشەی من نییە، ئەو دواجار ئەدەبەکەی وابووە، بەڵام ئەو ڕەنگە بۆ خۆی جۆرێك ژیاوە و جۆرێك رەفتاری کردووە، دەکرێت ئەمە لەرووکەشدا دوو کەسی زۆر جیاواز بێت، بەڵام ئایا تۆ کە پاڵەوانو دژە پاڵەوان دروست دەکەیت،

پاڵەوانێك لەخۆت دەچێتو، یەكێكی ترت هەیە خۆزگەت وایە ئەو پاڵەوانە بیتو نابیت، جوانترین نمونەش كە ئێستا لەزەینم بێت(فلۆبێر)ی رۆماننوسی فەرەنسییە، كە (مەدام بۆڤاری) دروست دەكات، بیرت نەچێت لەنامەكەی بۆ هاورێكەی دەنوسێت،(من مەدام بۆڤاریم)، فلۆبیر نێرە، مەدام بۆڤاری ژنە، كە دۆستێكی هەیەو دەیگۆڕێتو ناگاتە عەشقی كامل، بۆیە لەكۆتاییدا خۆی دەكوژێت، لەخۆڕا نییە، فلۆبیر دەڵێت من مەدام بۆڤاریم، ئەو دژە وێنەی دروست كردووە، وێنەی خۆی نا، دژ بەوێنەی خۆی، خۆزگەی خواستووە ئەوبێت، كە نەیتوانییوە ئەو وێنەیە بێت. پاڵەوانێكی بۆ دروست كردووە، من هاورێیەكی ڕەخنە گرم هەیە،(رێبین ئەحمەد هەردی) دەڵێت" تۆ خراپ قسە لەچیرۆكەكانت دەكەیت، قەت قسەی لەسەر مەكە"، ئەوە ڕوانینی ئەوە، بەڵام هەندێك جار ناچار دەبیت تۆ قسە لەسەر چیرۆكی خۆت بكەیت، بەڵام قسەكردن لەسەر چیرۆكو ڕۆمان قسەكردنە لەسەر ژیان، من نازانم ئەگەر لەداهۆڵەكان باس لەو ماڵانە دەكەم، ئەگەر من منداڵییەكی زەبوونم نەبوو بێت، لەچیرۆكی گوڵی ڕەشدا كە باس لەدۆڕانی عیشق دەكەم، ئەگەر من عاشقێكی دۆڕاو نەبم، چۆن باسی دەكەم، هەموو ئەو شتانەی تۆ باسی دەكەیت كەم نییە، بۆیە باسی دەكەیت كە هەبێت، یا كە ناشیرینە، ئەبێت جوان بێت، بۆیە ئەو كەسانەی هێرش دەكەنە سەر هەندێك كەس بەتایبەت یەكێك لەوانە كەمنم كە ئەڵێن تۆ نووسەرێكی رەش بینی هەموو نووسەرێكی رەش بین، هەموو هونەرمەندێكی رەش بین، هەموو مرۆڤێكی رەش بین ئەیەوێت دونیا جوانتر بێت، هەموو نوسەرێك یۆتۆبیایەكی هەیە، دەكرێت ئەو یۆتۆبیایە مەحاڵ بێت، بەڵام تۆ ناتوانیت واز لەخەونەكانت بێنیت، تۆ كە باس لەناشیرینی دەكەیت، مانای وانییە ناشیرینی دەپەرستی ، ناشیرینی دەڕازێنیەوە، راستە من پانتایەكی زۆر تراژیدیو تلانەوەو دەردو ئازاری زۆر لەئیشەكانم داهەیە، ڕەنگە من لەژیانی خۆمدا ئەو رەهەندە تراژیدیەم بینیبێت، لەژیانی خۆمو خەڵكو دەوروبەر و كۆمەڵگاو



هەتاوەكو نەتەوەی كوردیش، بۆیە كاتێك من شتێكی تاڵ، شتێكی ناشیرین دەڵێم، پێچەوانەكانیم مەبەستە، كە دەبێت ژیان بەجۆرێكی تر بێت، ژیان پێچەوانەكەی بێت باشترە، بەڵام ئیشی نووسەر نییە، دوای ئەوەی لەپەراوێزدا بنووسێت، من كە باسی چیرۆكی ئەو عیشقەم كرد لەلایەن حەمە پێویستە ئیتر كۆمەڵگای كوردی بەرەو چاكتر كردن بڕوات، ئەوە وەكو ئەوە وایە پزیشكێك ئەنووسێت فلۆئاوت بخۆ لەبەرئەوەی ئەنفلۆنزاتە، ئیشی ئەدیب ئەوە نییە، ئیشی ئەدیب ئەوەیە داوجار یەك دونیا پرسیارو گومان دروست بكات، وەكو لەسەرەتا وتمان، تووشی راچلەكینێكت بكات وەكو چیخۆف دەڵێت: "من ئەنووسم بۆئەوەی پێت بڵێم لەژێر پێتا دۆزەخ هەیە"

**نیهاد جامی/ وەك خوێنەرێك حەزدەكەیت لەچ پاڵەوانێك بچیت؟ یاپاڵەوانێك كەخەونت پێیەوە بینی بێت كەتۆ ئەوبیت؟**

شێرزاد حەسەن/ ئەوە قورسە، چونكە ژمارەیەكی یەكجار زۆر پاڵەوان هەیە، تۆهیوا دەخوازی ئەوبیت، ئەگەرچی من حەز بە(زۆربا) دەكەم، لەبەرئەوەی زۆربا نوقمە لەناو گەمەی ژیاندا، وە ژیان بۆقوتابخانەی مەرگ، ڕەنگە ئێمە كەزۆر سەرگەرمی ئەدەبو نووسینین خەڵك وائەزانێ غەرقین لەناو كتێب، هەروەكو پێم وتی (كازانتزاكی) حەزی كردووە بگەڕێتەوە ناو ژیان، جاری وا هەیە مەودات نیە بگەڕێیتەوە ناو ژیان، بەتایبەتی بۆ كەسێكی وەك من كە تەمەنێكی درێژم لە بێبەشی بەسەر بردووە، تەمەنێكی زۆر دووربووم لە خۆشی جوانیەكانی ژیان، و لە عەفەویەت یا لە سادەییەت، بیرت نەچێت من ئاین پەروەربووم خۆم قفلٚ دابوو هەست ئەكەم بەشم نەبوولەوەی جوان بژیم، نەوەكو منداڵ نەوەكو گەنج، بۆیە من ڕەنگە تەمەننا بكەم وەك هەر حەیوانێك لەناو سرووشتدا بژیابام، ڕەنگە لەوشتانەی كە نووسیومە خۆزگەم ئەوەبووە وەكو بزنە شێت بم لە"تەمی سەر خەرەند"دا

**نیهاد جامی/ بەڵام وەك كارەكتەری مرۆیی لەناو چیرۆكەكانی خۆتدا ئەمجارە وەك نووسەر نەك خوێنەر؟**

شێرزاد حەسەن/ حەزمكردووە مامۆستاكەی چیرۆكی (زەلكاو) بم،

لەبەر ئەوەی ئەو زەلکاوە نەمێنێ، خەونی من بەدرێژایی نووسینی ژیانی خۆم حەزمکردووە پانتاییەکی بچوکیش بێت جوانی بکەم..پاکی بکەم، نازانم بای چەند توانیومەو پێمکراوە، بەس هەست دەکەم ڕۆحی من زۆرلەناو ئەو ماموٚستایەی زەلکاودایە، وەتەمەننام کردووە ئەوبم، نازانم توانیومە یان نا، ئەو بەتەنها دەنگێکە دەنگی کەش ئەدۆڕێنێت، بەلاٚم هەمیشە ئەو جۆرە کەسانە لەوجۆرە کۆمەڵگایانە سەیرنیە کەبیی دۆڕێنن، سەیرئەوەیە کەبیبەنەوە، بۆیە ژمارەی دۆڕاوەکان لای من یەکجار زۆرە، لە(میم) یشدا ئەمینی پاڵەوانی چیرۆکەکە ئەیدۆڕێنێت لەگەڵ کۆمەڵگاکەیداوتەنیا ئەمێنێتەوە، لەمەرگ‌وژیاندا تەنها ئەمێنێتەوە، ئەگەر تێبینی بکەیت لەکۆی (گوڵی ڕەش)یش مرۆڤەکان لەسەر ڕاستگۆیی خۆیان تەنیا ئەمێننەوە، من زۆرئیش لەسەر ئەوە ئەکەم کەدواجار تۆ ڕاستگۆبیت وەك پاڵەوانەکەی شانۆگەری( دوژمنی گەل) ی ئەپسن"دکتۆر ستۆکمان"ت لێ دێت، من حەزدەکەم وەك ئەوبم، چونکە دواجار ئەویش دەدۆڕێت، هەست ئەکەم ئەوانەی بەردەوام ئیش لەسەر گەڕانەوەی کەرامەت‌و جوانی‌و پاکی‌و جوامێریی‌و ڕاستگۆیی دەکەن دەدۆڕێن.

**نیهاد جامی/ تۆ لەکوێی دۆڕاوەکان خۆت دەبینیتەوە؟ بەتایبەت دۆڕان وەك ئەوەی کۆمەڵگا ڕاڤەی دەکات نەك خۆت، چونکە تۆ کەخەون بە دکتۆر ستۆکمانەوە دەبینی، ئەو پاڵەوانەی ئەپسن خۆی هەست ناکات کە دۆڕاوە، بەڵکو خۆی بە سەرکەوتوو دەبینێت، ئایا تۆچۆن سەیری ئەو دۆڕانەی خۆت دەکەیت؟ بەتایبەت گەر هەستت کرد خەڵکێك پێت بڵێن نووسەرێکی دۆڕاوی؟**

شێرزاد حەسەن/ من قەناعەتێکم هەیە، ئەو قەناعەتە لای ئەپسندا زۆرە، لەلای زۆر نووسەری تریش هەن، زۆرینە هەمیشە لەسەر هەڵەیەو ئەیباتەوە، کەمینە هەمیشە لەسەر هەقەو ئەیدۆڕێنێت. زۆرباوەڕوام بەو قسەیەیە، وەدەکرێت من لەکام بەرەیان بم هیچ خۆم پۆلین ناکەم، ئایا من زۆرینەکەم یان کەمینەکەم؟ ئەوە وەکو ئەوە وایە من پێناسە بەخۆم بدەم، حەز دەکەم ئەوە بەتۆش بڵێم ئەو ڕۆژە لەکۆڕەکەی هەولێریش باسم کرد، هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە نووسیومە تا نووسەربم، وە بۆیەش وەلاٚمی هیچ ڕەخنەیەك نادەمەوە بەباش‌وبەخراپ لەبەرئەوەی خۆم بەنووسەر نازانم، بەس حەزم لێیە کە بنووسم، وەك هەر کوردێکی تر من هێشتا پیشەگەر نیم لەبواری نووسیندا، وەك ئارەزوو جاروبار کەکاتم هەبێت ئەنووسم، و دەخوێنمەوەوحەزم دەکرد هەموو ژیانم بۆ نووسین بوایە کە ناکرێت، بۆیە ڕاستە من حەوت کتێبم هەیە، بۆیە سەغڵەت نابم کەیەکێك پێم بڵێ تۆ نووسەرێکی دۆڕاویت، بۆیە سەغڵەت نابم چونکە گەر مەسەلە خوێنەری کتێب فرۆشی بێت، من بەردەوام لە بازاڕم"بازاڕ بەمانا ئەدەبیەکەی" بەلاٚم ئەوەش دیسانەوە بۆمن مانایەك نیە کە فێرە فیزم بکات، بەلاٚم ئەگەر یەکێك لەهەر ڕوویەکەوە بڵێت وەك مرۆڤ من دۆڕابم، یاوەك نووسەر، ئەوا ئەوانەی تر دەبێت قسەی خۆیان بکەن ئەگەر باش دەڵێن ئەگەر خراپ، تۆ تەنها دەبێت سەر بلەقێنی، چونکە تۆ لەدادگایەك نیت تا تاوانبار بیت، بەردەوامیش بەرگری لەخۆت بکەیت یا پارێزەرێك بۆخۆت درووست بکەیت، ئەگەر پرسیارەکەی تۆ تێگەیشتبم من نمونەی پاڵەوانە قومارچییەکەی دستۆفسکیت بۆ دێنمەوە ئەڵێ: "تۆ قومار ئەکەیت ئەیدۆڕێنیت، ئەویش ئەڵێ من ئازادم لەدۆڕان" ئەکرێ من کابرایەکی دۆڕاوبم بەلاٚم ئازادم لەوەی ئەدۆڕێم، من هەڵمبژاردووە کە بدۆڕێم، دیارە هیچ کەسێك نیە حەز بەبردنەوە نەکات، بەلاٚم تۆ کەدێیتە ناو گەمەی ژیان..گەمەی ئەدەب.. گەمەی سیاسەت.. گەمەی هونەر، کێ ئەڵێ تۆ ئەیبەیتەوە یا ئەیدۆڕێنیت، کەتۆ دێیتە ناو عیشق بەمەرجی بردنەوە نایەیتە ناو عیشق ئەگینا عیشق ناکەیت، کێ ئەڵێ تۆ نایدۆڕێنیت لەعیشقدا، یاخود دەبێت ئامادەبیت کەدۆڕاندت وەك مرۆڤێك بیدۆڕێنیت، زۆربا کەسەما ئەکات کەڵەکەکە ئەڕوخێت کانە خەڵوزەکەیە چیە، ماموٚستاکە ئەڵێت تۆسەما ئەکەیت‌ودۆڕاندومانە پێی ئەڵێ بۆ ڕۆڵە تۆ بەس لەبردنەوەدا سەما ئەکەیت..گرنگ ئەوەیە لەدۆڕانیشدا سەما بکەیت، من هەست ئەکەم دۆڕان‌و بردنەوە بەشێکە لەژیانی تەنیایی واچاکە خۆی لەیەککاتدا سەغڵەت نەبێت.

**نیهاد جامی/ جارێکیان لەدیدارێکدا وتت من بەشیعر ئابڕووی خۆم برد بەچیرۆك ئەو ئابڕووەم کڕییەوە، کەچی تا ئێستاش خەریکی نووسینی شیعریت، بەدوای ئەوەی وەك چیرۆك نووسێکیش دیار کەوتن، ئایا ئەو شیعرانە بەجیاواز ئەبینیت یا بۆ شیعر**

ئەنووسیت؟
شێرزاد حەسەن/ ئەوە قسەیەکی سەرپێیە کردوومە، ڕەنگە زۆر ڕاستگۆیانە نەبووبێت یان دارشتنەکەی سادە بووبێت، یا ئەوکەسەی گفتوگۆیەکەی کردووە دارشتنەکەی چەند کاردانەوەی بووە وەك ئەوەی ئێستا تۆ بەتۆمار دوایی دایئەڕێژیتەوەو ئەینووسیتەوە، کە ئێستا من بەبێ قەڵەموکاغەز ئەیڵێم، ئەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم ئا ڕاستە لەچیرۆکیشدا ئابرووی خۆم تکاند من چوار پێنج چیرۆکی زۆرسەقەتم نووسی خراپ بوون، لەڕووی مرۆییەوە خەمی کۆمەڵایەتیان تیابوو،بەڵام دووربوون لەهونەر نەمتوانی سەرنجی زۆر خەڵك ڕاکێشم هەروەها لە شیعرەکانیشمدا جگە لەکەف و کوڵی لاوێك، بۆیە من نەمتوانی بگەمە ڕادەی عەبدوڵڵا پەشێوو سەعدوڵڵا پەرۆش یەك دنیا نووسەری تر کەناویان هەبوو لەهەولێر هیچ نەبووم وەنەمتوانی هیچ بم،وە (١٠)ساڵ خەریکی شیعر بووم بەجدییەوە، سێ چوار ساڵیش شیعرم بڵاوکردەوە، لە ٧٤و٧٥ هەر ئەو شتانەی کەپێم نووسیوە پیاوێکی خەمی کوردوهەرەس وئەوچوارساڵەی ڕێکەوتنی کوردوعەرەب لەعیراق ئەوە سالآنێکی پڕ لەهەژان و کەف و کوڵی بوو بۆ ئێمە، چ لەبواری سۆزداری نەباڵق ببوم گەنج بووم، خەمم هەبوو دەردە دڵم هەبوو، لەبواری نەتەوەییش چاوەڕێی شتێکی تازە بووین، وەئەو خەمە دوو خەم بوو زۆر بەسادەیی تەعبیرم لێی دەکرد، لەبەرئەوەی لەوسەردەمە لەشیعردا هیچم نەوت هیچم پێ نەکرا بیڵێم، بۆیە وتومە ئابڕووی خۆم بردوە، هەتا چەند کەسێك لەهەولێر ویستیان لێم بدەن لە هەولێر ناویان ناهێنم، شایەدیش ڕەخنەگرێك وتی ئەو شیعرە قۆڕانە چیە ئەو کوڕە ئەینووسێت، ئەو کابرایەك بوو ڕەخنەگری شیعر بوو، دوایی کە ئەوەندە بەستەزمان منی بینی دڵی نەهات لێم بدات، بۆیە ئەڵێم ئابرووی خۆم برد چونکە وەك هونەر کارم نەکرد نەك لەبەر ئەوەی خەڵك بەمنی ووت تۆ واز بێنە، ئیتر ئەوە بوو تا٧٥ کە(ڕیشۆڵە) م یەکەم چیرۆك لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)دا بڵاوکردەوە، ئەوکاتە بوو ئیتر هاتمە سلێمانی دوای ئەوە بوومە مامۆستا لێرە، بەهۆی ئەو چیرۆکەوە ناسرام، دوای ئەوە ئیتر کەوتمە چیرۆك نووسین. تا٧٩-٨٠ ئینجا جارێکی ترهاتمەوە ناوشیعر، ئێستاش ئەوانەی من شیعر نین من نامەوێ



ناوی شیعرییان لێ بنێم، تەنها دەقێکی کراوەن..هەناسەی شیعریان تێدایە.. کەف و کوڵێکی نازانم لەوە ئەچێت هی سەردەمی لاوێتیمە یاهی خەمی کۆمەڵایەتیانەیە کە لە چیرۆکەکاندا هەیە، بەڵام لە چوارچێوەیەك کە ناتوانم ناوی چیرۆکی لێ بنێم، زۆرکەس هەیە ئەڵێ ئەوانە شیعرن، زۆر کەسیش هەیە ئەڵێ پەخشانە شیعرە بەلامەوە ناو گرنگ نیە، بەڵام دەقێکە دەقێکی کراوەیە وەك ڕۆمان وەك حیکایەت کورە نازانم وەك زبڵ ئەیخوێنیتەوە تۆئازادی لەوەی چی ئەخوێنیتەوە ئەگەر بەکەڵك نەهات فڕێیدە، ئێستا قسەیەکی (ئەراگۆن)م یادکەوتەوە ئەو پێی وایە دیوارێك پەردەیەکی ئەستور نیە لەنێوان شیعرو پەخشان ئەڵێ زۆر تێکەڵن، قەناعەتێکی تەوام هەیە کەئەمڕۆ زۆر قسەی لەسەر ئەکرێت من زۆر قەرز لە سینەما ئەکەم..زۆرقەرز لەمۆسیقا ئەکەم.. زۆر قەرز لەهونەری شێوەکاری ئەکەم، بەڵام ڕەنگە یەکێك نەزانێت یائاسان نەیدۆزێتەوە.

نیهاد جامی/ لە"تەمی سەرخەرەند"دا کاتێ فەرهاد لەناو تەمەکە وون ئەبێت زیاتر لەخەیاڵێکی سینەمایی ئەچێت زیاتر لەوەی خەیاڵێکی ئەدەبیی بێت؟

شێرزاد حەسەن/ بێگومان من قەناعەتێکی تەواوم هەیە بەو قسەیەی تۆ، من کەئیش ئەکەم لەسەر تابلۆ ئیش ئەکەم، تابلۆی گەورە گەورە ئەبێت هەموو هەستەکانت بووروژێت "بۆن.. ڕەنگ.. دەنگ" هەرچیەك بێت هەستی پێ بکەیت، من تەواو هەوڵ ئەدەم بەڵام دیسان ئەڵێم توانیومە یا نەمتوانیوە ئەوە خوێنەر ئەبێت بڕیاری لەسەر ئەدات، بەڵام شایەد ڕەنگە کتێبێکم نەبێت هەموو هەناسەکانی تیایەتی بیکەم ڕەنگە خەونی واشم هەبێت و دوو سێ کتێبی واشم هەبێت، بەڵام بۆ نەمکردووە نازانم بەس بڵاومکردۆتەوە لێرەو لەوێ، وەخوێنەرێکی زۆر سەیری شیعریشم، ئەکرێت بڵێم بەبارتاقای چیرۆك شیعر دەخوێنمەوە بۆیە ئەگەر سەیر بکەیت لە چیرۆکەکانیشدا ئیقاعێکی یا فەزایەکی شیعریی هەیە.

نیهاد جامی/ دەقێکی شیعریت هەیە بەناوی (منە منێکی هاملێت) ئەو دەقە بۆ نەبوو بەچیرۆك؟ئەوهۆکارە چی بوو ئەو دەقەی بەشیعر هێشتەوە؟

شێرزاد حەسەن/ زۆر زەحمەتە لەکاتی پڕۆسەی نوسیندا هەرچەندە تۆ بەنەخشە ئیش ئەکەیت، ڕەنگە هەندێ جار زۆربەی ئیشەکانی من درۆنیە گەربڵێم چەشنێك لەسرووشتە، هەتا ئەگەر لەچیرۆکە درێژەکانیش سەیری

بکەیت جاری واهەیە بەدەساڵ بیرم لێکردۆتەوە ئەوکاتە نازانم چ کاتێکە کەم جار ڕێکەوتووە من بەکلێشە بچمە سەر مێزوکورسی، بۆیە منە منێکە لەناووخۆتدا دوای بەدوای زمانێك ئەگەڕێت ڕەنگە ورتە ورتێك بێت ڕەنگە ئیقاعێك بێت لەتەوژمێك لەشنەیەك دوایی دەبێتە ڕەشەبا، یاخود چەند مۆسیقایەك لەدوورەوە شەپۆلێکی نزم بێت دوایی هەموو مێشکت داگیر دەکات، من وای پێشبین دەکەم نووسین وەکو ئەو شنەباو تەوژمو ئیقاعو منە منانە وابێت، وەکو ئەوە وایە لەخەوت بەئاگا بێنێت، بڵێ بنووسە، بۆیە زۆرجار وام لێ هاتووە بەناوی چیرۆکەوە هەناسەیەکی شیعریم نووسی بێت یا بەناوی هەناسەیەکی شیعریەوە چیرۆکێکم نووسی بێت، بەبەڵگەی ئەوەی (پیرە پەپولەکانی ئێواران) سەرەتا شیعربوو دوای بوو بەچیرۆك، ڕەنگە قسەکەی تۆ زۆر ڕاست بێت (منە منێکی هاملێت) نیازێکی ترم هەبوو سەیر ئەکەم نەهات پێم، جاری وا هەیە ئەوە پەیوەندیی هەیە بەڕەگەزەکان، دەزانی سادەترین پێناسەوبەناوبانگترین پێناسە بۆچیرۆك ئەوەیە کەئەڵێت: "چامەیەکی لیرکیە" لەبەرچی وا ئەڵێن، لەبەرئەوەی یەك دەوروکاریگەری هەیە خورپەیەکی زۆر سەیرە تۆ ئەهەژێیت بەرامبەری، هەموو چیرۆکێکی جوانیش وایە، یەك خورپە لێت ئەدات، بەردەوام ئەوچیرۆکەی کەوا خورپەیەکی تیا نیە یا تووشی تێڕامانێکی قووڵت ناکات، بەردەوام شیعریش ئەوکارە دەکات بۆیە شیعرم لا خۆشەویستە، زیاتر دنیای ئیحایە هێمایە، زۆرکەس قەناعەتی وایە شیکردنەوەی شیعر گەمەکردنە لەگەڵ باڵی پەپولەو هەڵئەوەریٚ، ئەمە قسەی هەندێك کەسە کەگەمەکردن لەگەڵ باڵی پەپولە چەند مەترسیدارە ئەوەندەش گەمەکردنو قسەکردن لەسەر شیعر مەترسیدارە، لەوە ئەچێت من نەتوانم پێت بڵێم بۆ وای لێدێت، چونکە ئەگەر بەشێکی نووسین هۆشیاری بێت بەشێکی نائاگایە، بۆیە هەتا چیرۆکەکانم ئەگەر یەکێك بەوردی بیخوێنێتەوە هەست دەکات تەواو ئیحساساتێك یا هەڵچوونێك یا هەناسەیەکی شیعریی تیایە، بەبەڵگەی ئەوەی ئیقاعدارە، من هیچ چیرۆکێك ناتوانم بنووسم گەرلەکۆتاییدا هەستم نەکردبێت ئیقاعی تیایە وازی لێ دێنمو بلاوی ناکەمەوە، هەتا ئەگەر ئەو ئیقاعە یەك ڕستە بێت تێکی دابێت، لە گوڵی ڕەش وشەیەکم هەبوو ئیقاعی وشەکەی



تێکدابوو"هۆرنی ئوتومبێل" هەستم ئەکرد وشەی هۆرن هەموو بونیادی ئەو چیرۆکەم هەڵئەوەشێنێت، بۆنازانم، ئەگەر بێتو(حەسار) لەقۆناغی ئاژەڵداریی وشوانکارەییدا نەمئەتوانی بینووسم، من خۆم ناتوانم وەلامی ئەوەت بدەمەوە بۆ وای لێ دێت، بەلام لەڕێی ئەوقسانەم هەست دەکەیت دەمەوێ چی بڵێم.

**نیهاد جامی/ باشە دوا پرسیارمان لەبارەی ژانرە ئەدەبیەکانەوەیە تۆ لەکۆمەڵێك ژانری وەك چیرۆكو ڕۆمانو شیعردا کارت کردووە تاکە ژانرێکی ئەدەبی کە ئاوڕت لێ نەداوەتەوە شانۆ بووە، ئەوە لەکاتێکدا زۆرجار شانۆکاران پەنا دەبەنە بەرئامادەکردنی چیرۆکەکانی تۆ بۆ شانۆ، ئەوەش مانای وایە چیرۆکەکانت ئەو ڕەگەزە درامیانەی تیایە بۆ شانۆ، تۆ بۆهەولی لەو جۆرەت نەداوە بۆ نووسینی دەقی شانۆیی؟**

شێرزاد حەسەن/ لەبەرئەوەی نەمتوانیوە، ئەوە وەك ئەوە وایە لێم بپرسی تۆ ئەو هەموو تابلۆیانەت هەیە بە ووشەو ڕستە ئەی بۆنەتتوانی ڕەسمێك بکەیت، لەبەرئەوەی من کەرەستەی ڕەسمم پێ نیە، لەبەرئەوەی ئەو کەرەستانەی نووسینی شانۆیەك پێویستیەتی، ڕەنگە من پاڵەوانم هەبێت، کاتم هەبێت شوێنم هەبێت، ململانێم هەبێت، بەلام ئەوەلەبەرگی دەقی چیرۆکێکدا دەتوانم ئاسان گەمەی لەسەر بکەم بەلام قەت بۆم نەسازاوە یا خۆشم تاقی نەکردۆتەوە یا نەم وێرابێت، تۆ ئەزانی هەموو نووسینێك مۆتیڤێکی لەپشتەوەیە، هێزێك پێتی ئەڵێ ئاوا بنووسە، هێزێك هەیە لەپشتیەوە ئاراستەت دەکات، ڕەنگە ئەو مۆتیڤە بۆمن نەسازابێت کەمن بتوانم دەقێکی شانۆیی بنووسم.